تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5638) پێنج شەممە 22ی تشرینی دووەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار

لە پرۆژەیاسای بوودجەدا هیچ بڕەپارەیەک بۆ شنگال دیاری نەکراوە

قایمقامی شنگال دەڵێت، لە کاتێکدا شارۆچکەی شنگال لە هەموو ڕووێکەوە پشتگوێخراوە و لە بودجەی ساڵی 2019ی عێراقیشدا هیچ بڕەپارەیەکی بۆ دابین نەکراوە. لە لایەن ئەندامانی سوننە و کوردیشەوە زۆر تێبینی لەسەر بودجەی 2019ی عێراق هەبوون، کەچی زۆر جێگا لە دابینکردنی بڕپارەیەک لە بودجەدا بێبەش بوون، لەوانیش شارۆچکەی شنگال.

مەحما خەلیل، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: شارۆچکەی شنگال لە هەموو ڕووێکەوە پشتگوێخراوە و زیاتر لە 85%ی وێران بووە و پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە. هەروەها قایمقامی شارۆچکەی شنگال ڕاشیگەیاندووە، ئەو هەڵسوکەوتانەی حکوومەتی عێراق نوێ نین و هیچ بڕپارەیەکیشیان بۆ زیانلێکەوتووانی شنگال دابین نەکردووە. بە گوتەی مەحما خەلیل، ئەمە 4ساڵە حکوومەتی عێراق هیچ شتێکی نە بۆ ڕزگارکردن و نە بۆ ڕزگارکردنی نێو کەمپەکانی هەرێم نەکردووە، ئەمەیش ستەمێکی گەورەیە لە شنگالییەکان دەکرێت.

سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: بردنەوەی پارتی لە هەڵبژاردنەکان دەستی پارتی کراوە دەکات لەوەی کار بۆ کوردستانێکی بەهێز و گۆڕانکاریی بنەڕەتی بکات



دوێنێ چوارشەممە 2018/11/21 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستان کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و تێیدا ڕۆشنایی خستە سەر دوایین پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و هەروەها ریفراندۆم و ڕووداوەکانی دوای ریفراندۆم و هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پارلەمانی کوردستان و ڕایگەیاند کە بایەخی بردنەوەی پارتی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لەوەدا بوو کە سەنگ و پێگەی پارتی لەناو کوردستان و عێراق پێشانی هەموو لایەک دا و سەرباری بوونی کێشە و گرفتی زۆر و ئابلۆقە و ڕووداوەکانی مانگی ئۆکتۆبەری 2017، بەڵام پارتی توانی ببێتە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پارتی و هۆکاری ئەو سەرکەوتنەی بۆ هەڵوێستەکانی پارتی و وەفای گەلی کوردستان گەڕاندەوە بەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستان. لە درێژەی وتەکانیدا سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە بردنەوەی پارتی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەستی پارتی کراوە دەکات لەوەی کار بۆ کوردستانێکی بەهێز و گۆڕانکاریی بنەڕەتی بکات. سەرۆک بارزانی سوپاسی گەلی کوردستانیشی کرد کە دووبارە متمانەی بە پارتی بەخشیەوە و بە پێویستیشی زانی کە پارتی و ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە پارلەمانی کوردستان لە ئاست متمانەی خەڵکدا بن و وەڵامی وەفا و متمانەی خەڵک بە خزمەتکردنی گەلی کوردستان بدەنەوە. داوایشی کرد کە داواکاریی خەڵک بە هەند وەربگیرێت و لە ئێشوئازاری خەڵک بگەن و ئەندام پارلەمانەکانی پارتی خۆیان لە هەر جۆرە موزایەدەکردنێک بە دوور بگرن و لەو پەڕی تەوازوعەوە ئامانجی سەرکەییان کارکردن بێت بۆ چارەکردنی گرفتەکانی خەڵک.

لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێمی بەغدا سەرۆک بارزانی هیوای خواست کە نیازپاکیی تەواو هەبێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەمەڕ پابەندبوون بە هەر سێ پرەنسیپی شەراکەت لە حوکمڕانی و تەوافوق لە یاسادانان و تەوازون لە دامودەزگەی حکوومی.

لەبارەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەو بارودۆخە و سەپاندنی ئەو واقیعە سەربازییەی ئێستا لەو ناوچانە هەیە پێویستە کۆتایی بێت و بەردەوامبوونی قابیلی قبوڵ نییە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لەبارەی چۆنیەتیی کارکردنی فراکسیۆنی پارتی و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پارتی لەبارەی حکوومەتی ئایندە و پرۆسەی سیاسی سەرۆک بارزانی ئاماژەگاری و بەرچاوڕوونیی پێویستی بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەکە خستەڕوو.



نێچیرڤان بارزانی و بافێلی کەنەدا لە عێراق کۆبوونەوە



مەسرور بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی ئۆکرانیا لە عێراق کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

3

پەرلەمانی عێراق چەند بڕیارێکی حەیدەر عەبادی هەڵوەشاندەوە

3

هەردوو کۆمپانیای دانەگاز و نەوتی هیلال لە ڕاگەیەندراوێکدا زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی گازیان لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند

2

نەدا میرگەسۆری: قۆناغێکی نوێ لە نێوان هەرێم و بەغدا دەستپێکردووە

هەوڵێکی زۆر هەیە هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر کۆمەڵێک پرس بگەن بە ڕێککەوتنی بەرهەمدار، چاودێرانیش هەنگاوەکان بە کاریگەر دەزانن بۆ بەردەوامی پێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. هاوکات پەرلەمانتارێکی خۆڵی پێشووی پەرلەمانی عێراقیش دەڵێت، بڕیارەکانی پێشوو کە دژی هەرێمی کوردستان درابوون، هەڵدەوەشێنەوە.

نەدا میرگەسۆری، پەرلەمانتاری پێشووی کورد لە پەرلەمانی عێراق، بۆ ماڵپەڕی پارتی، باوەڕی وایە کە قۆناغێکی نوێ لە نێوان هەرێم و بەغدادا دەستپێکردووە و هەنگاوی باش بۆ چارەکردنی کێشەکان نراون، چونکە لە ساڵانی ڕابردوودا دەستەڵاتدارانی عێراق کێشە و ئاستەنگی زۆریان بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردبوو و دەشڵێت: هەر لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، لە لایەن سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقەوە چەندین بڕیار لە دژی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی دەرکراون.



لەبارەی دەستپێکردنی قۆناغی نوێ و گەییشتن بە ڕێککەوتن بۆ چارەکردنی کێشەکان، میرگەسۆری ڕوونی کردووەتەوە: عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، کەسێکی میانڕەوی عێراقە و دەیەوێت کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا چارە بکات و کۆتایی بەو قۆناغە بێنێت کە پێشتر حکوومەتی عێراق لە بری هەماهەنگی و هاوکاری، دژایەتیی هەرێمی کوردستانی دەکرد، لەبەر ئەمە، ئەوەی دەگوزەرێ لە دانوستان و سەردانی نێوان هەرێم و بەغدا دڵخۆشکەرە و ڕێککەوتنی باشی لێ بەرهەم دێت، بەپێی زانیارییەکانم لەسەر زۆر بابەت گەییشتوونەتە ڕێککەوتن و ئەوانەیشی ماون لێکتێگەییشتن هەیە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدا ئەوانیش ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێت، جا چ پرسی ماددەی 140ی دەستوور بێت یانیش بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان و مەلەفی نەوت.

لای خۆشیەوە، دکتۆر ئەرشەد تەها، پسپۆڕیی سیاسەتی ئابووری، گوتی: پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کەرتی ئابووریی هەیە، واتە ئەگەر ڕێککەوتن هەبێت لە نێوان هەردوولادا، ڕەوشی ئابووری بۆ هەردوولا گەشە دەکات، بە بڕوای من لێکتێگەییشتن و چارەکردنی کێشە هەڵواسراوەکان لە نێوان هەرێم و بەغدا، کاریگەری لەسەر کۆی ڕەوشەکە دەبێت و هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو چارەکردنی کێشەکان بە دانوستان.

پارتی پێداگری لەسەر بەرزکردنەوەی پشکی کورد لە بودجەی عێراق دەکات

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق تەئکیدی لەوە کردەوە کە پشکی کورد لە بودجەی گشتیی 2019ی عێراق، یەکجار کەمە و هەوڵی زیادکردنی دەدەن. تەئکیدیشی کردەوە کە کار دەکەن بۆ ئەوەی لەو بودجەیەدا خەرجیی تایبەت بە موچە و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی تەرخان بکرێت.

محەمەد شاکر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە "خەبات"ی ڕاگەیاند، پارتی لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان 17% کەمتر نەبێت، لە کاتێکدا بەپێی قەبڵاندنەکانی وەزارەتی دارایی عێراق، ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە 14% دیاری کراوە، بەڵام "ئامادەییان تێدایە کە ئەو ڕێژەی 14%یە بەرز بکەنەوە.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی باسی لە هەوڵەکانی یەکسان کردنی موچەی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسی کرد و جەختی کردەوە کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان موچەی ئەو تۆێژانە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە و ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن تاوەکو بڕە پارەیەک لە بودجەی 2019 بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسی تەرخان بکرێت و هەروەها "شایستە دارایییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت.

دەربکرێت، 65 تریلیۆن دینار دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر خەرجیی سیادی لە بەشە بودجەی هەرێم دەربکرێت، ئەوا تەنیا 6-7%ی بۆ دەمێنێتەوە.

دکتۆر محەمەد شاکر ئاماژەشی بەوە کرد کە لە بودجەی 2019ی عێراقدا 906 ملیۆن دۆلار بۆ پرچەککردن و مەشقپێکردن و پالێشتیی لۆجستیی هێزەکانی عێراق دانراوە، بەڵام هیچ بڕە پارەیەک لە خەرجییە سیادییەکان بۆ پێشمەرگە تەرخان نەکراوە ، بۆیە فراکسیۆنی پارتی هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە کە لە خەرجیی سیادیدا، پێشمەرگە شایستە دارایییەکانی خۆی بۆ

عاسم جیهاد: هەنارەکردنی نەوتی کەرکووک ئەنجامی گفتوگۆیەکی قوڵی هەولێر و بەغدایە

2

نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق کۆبوونەوە

پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کەنەدا تاوتوێکران



سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەممە 2018/11/21 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز پۆل گیبارد باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق و خاتوو نانسی بێرگیرۆن سەرۆکی نووسینگەی کەنەدا لە هەولێر و شاندێکی یاوەریان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا گیبارد خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعش و حەواندنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەرانی دەستی تیرۆر دەربڕی و پوختەیەکی دەربارەی بەرنامە و چالاکی و هاوکارییەکانیان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان خستەڕوو، هەروەها دووپاتی کردەوە کە کەنەدا بە بایەخەوە سەیری یەکسانیی جەندەری، بەشداریی کارای ئافرەت لە جومگەکانی بڕیار و پرسی حوکمڕانی و لامەرکەزییەت دەکات.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پوختەیەکی دەربارەی ڕەوشی ئەمرۆ و قۆناغی نوێی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان هەولێر و بەغدا خستە ڕوو و تیشکی خستە سەر قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا و ڕۆڵی کەنەدای لەمبارەیەوە بەرز نرخاند.

تاوتوێکردنی دۆخی ئاوارە و پەنابەران، پرسی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم، هەنگاوە ئەرێنییەکانی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕەوش و ڕۆڵی ئافرەتان، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کەنەدا و بەرەوپێشبردنیان و دۆخی ناوچەکە بەگشتی، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

مەسرور بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی ئۆکرانیا لە عێراق کۆبووەوە


ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم: هیواخوازین قۆناغی سەخت و دژواری پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تێپەڕێت



دوێنێ چوارشەممە 2018/11/21 مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئیکتۆر نیدۆپاس، باڵیۆزی ئۆکرانیا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا پەرەسەندنە سیاسییەکان و پەیوەندی میژوویی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و ئۆکرانیا و جەخت لە فرەوانکردنی ئەو پەیوەندییانە بەتایبەتی لە بوارەکانی ئاسایش و بازرگانی و وەبەرهێناندا کرایەوە.

مەسرور بارزانی هیوای بەرەو پێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی خواست و هانی باڵیۆزی ئۆکرانییایدا لە میانەی بوونی دیپلۆماسییان لە هەولێر، کار بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەهێز بکات، کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت. پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو، لەوبارەوە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوور و هاوبەشی ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردن و بڕیارەکاندا هیوای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی نوێی عێراق خواست و ڕایگەیاند، چاومان لەوەیە قۆناغی سەخت و دژواری پەیوەندییەکان تێپەڕێت، کە پێشتر هەبوو.



فوئاد حوسێن لەگەڵ شاندێکی لیژنەی دارایی پەرلەمان کۆبۆوە

لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە شاری بەغدا، فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری ئابووری، دوێنێ چوارشەممە21ی تشرینی دووەمی 2018 لەگەڵ شاندێکی نوێنەرانی کورد لە لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی پرسی پڕۆژە یاساى بودجە کۆبۆوە. لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە پڕۆژەیاساى بودجەی گشتیی دەوڵەت و ئەو خاڵانەکران کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەروەها ئاماژە بە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان لیژنەی دارایی پەرلەمان و وەزارتی دارایی کرا.

عاسم جیهاد: هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک ئەنجامی گفتوگۆیەکی قوونی هەولێر و بەغدایە

وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە بۆ تورکیا لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی قوونی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بووە و ڕەتیکردەوە کە پەیوەندی بە سزاکانی ئەمەریکاوە هەبێت بۆ سەر ئێران.

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە ڕۆژنامەی نەوتی عێراق ڕایگەیاندووە: هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک ئەنجامی گفتوگۆیەکی قوونی نێوان هەولێر و بەغدا بووە و یەکەم هەنگاوە بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، ئەو ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی نێوان هەولێر و بەغدا ناوەدبات و ڕایدەگەیەنێت: ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە کوردستان 24 ڕاگەیاندووە: هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک ئەنجامی گفتوگۆیەکی قوونی نێوان هەولێر و بەغدا بووە و یەکەم هەنگاوە بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

نێوان حکوومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە بڕێک نەوت هەنارە دەکرێت، ڕێژەکەی لە نێوان50 تا 100 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە دەبێت لە ڕێگەی ئەو بۆرییە نەوتەی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان ڕاکێشراوە و لەوێشەوە کۆمپانیای بە بازارکردنی عێراق (سۆمۆ) سەرپەرشتی پڕۆسەی فرۆشتنی نەوتی عێراقی لە بەندەری جەیهان دەکات.

ئەمەش هەنگاوێکە لەسەر ڕێگەی ڕاست بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە نێوان حکوومەتی ناوەند و هەرێم.

عاسم جیهاد، گوتیشی: ئەم ڕێککەوتنە پەیوەندی بە سزاکانی سەر ئێرانەوە نییە، چونکە پێشتر نەوتی عێراقی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە هەناردەی دەرەوە دەکرا.

هەردوو کۆمپانیای دانەگاز و نەوتی هیلال لە ڕاگەیەندراوێکدا زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی گازیان لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند

کۆمپانیای هیلال: ئەم زیادبوونی بەرهەمهێنانە وەرچەرخانێکی گرنگە و دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە بۆ فراوانکردنی پڕۆژەکان

دوێنێ چوارشەممە 2018/11/21 هەردوو کۆمپانیای دانەگاز و کۆمپانیای نەوتی هیلان، سەبارەت بە ئاستی وەبەرهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان لە ڕایگەیەندراوێکدا زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی غازیان لە کێڵگەی کۆرمۆر لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی30% ڕاگەیاند، ئەو دوو کۆمپانیایە ڕایانگەیاندووە کە ئاستی وەبەرهێنان لە پڕۆژەی غازی هەرێمی کوردستان تا ئێستا گەیشتووەتە ملیارێک و400 ملیۆن دۆلار، بەمەش کۆی گشتی بەرهەمهێنانی هاوتای نەوت، گەیشتووەتە250 ملیۆن بەرمیل کە بەمەش توانیدا زیاتر لە 20 ملیار دۆلار پاشەکەوت بکرێت، بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بووە و ڕەتیکردەوە کە پەیوەندی بە سزاکانی ئەمەریکاوە هەبێت بۆ سەر ئێران.

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە ڕۆژنامەی نەوتی عێراق ڕایگەیاندووە: سەرەڕای بوونی ئاستەنگ و بەربەستی زۆر لە 10 ساڵی ڕابردوو، مایەی شانازییە بۆ ئێمە کە توانیمان ڕێژەی بەرهەمهێنان و بەکاربردنمان لە ئاستی خۆیدا بهێڵینەوە و ئێستا دوابەدوای وەرگرتنەوەی گشت شایستە دارایەکانمان لە هاوینی ڕابردوو، بە پەرۆشین بۆ فراوانکردنی ئاستی بەرهەمهێنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ دابینکردنی غازی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

دانەغاز، کە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی غازی سرووشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ هاوبەشەکەی کە کۆمپانیای (نەوتی هیلال)ـە ڕایانگەیاند، ئاستی بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی کۆرمۆر لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەڕێژەی 30% بۆ زیادکردنی بەرهەمی ڕۆژانە بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا لە سێ ساڵی داهاتوو، هاوشان لەگەڵ بەرهەمهێنانی سوتەمەنی شل.

بەگوێرەی ماڵپەڕی ڕووداو، دکتۆر پاتریک ئەڵمان وارد، بەڕێوەبەری جیبەجێکاری کۆمپانیای دانە غاز ڕایگەیاندووە: سەرەڕای بوونی ئاستەنگ و بەربەستی زۆر لە 10 ساڵی ڕابردوو، مایەی شانازییە بۆ ئێمە کە توانیمان ڕێژەی بەرهەمهێنان و بەکاربردنمان لە ئاستی خۆیدا بهێڵینەوە و ئێستا دوابەدوای وەرگرتنەوەی گشت شایستە دارایەکانمان لە هاوینی ڕابردوو، بە پەرۆشین بۆ فراوانکردنی ئاستی بەرهەمهێنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ دابینکردنی غازی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

دانەغاز، کە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی غازی سرووشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ هاوبەشەکەی کە کۆمپانیای (نەوتی هیلال)ـە ڕایانگەیاند، ئاستی بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی کۆرمۆر لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەڕێژەی 30% زیادیکردووە، شایانی باسە ئەم کێڵگەیە لە لایەن هەردوو کۆمپانیای ناوبراوەوە سەرپەرشتی دەکرێت لە بری (پێترۆل پترۆلیۆم). ئەم زیادبوونەش بووە هۆی دابینکردنی سوتەمەنی زیاتر بۆ وێستگەکانی کارەبا لە هەرێم، هەروەها وەرچەرخانێکی سەرەکیان تۆمار کرد بەوەی کە هەردوو کۆمپانیاکە لە ڕێوەرسمێکی تایبەتدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یادی (10) ساڵەی بەردەوام بەرهەمهێنانی غازیان لە هەرێمی کوردستان کردەوە.

فراوانبوونی وێستگەی چارەسەری غازی کۆرمۆر زنجیرەیەک کاری زیادکردن و گۆڕینی کارگەکەی لەخۆگرتبوو لە پێناو نەهێشتنی بەربەست لەبەردەم غاز ڕێشتن، و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی لە 305 ملیۆن پێ سێجاوە بۆ 400 ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا لەگەڵ بەرهەمهێنانی کۆندێنسەیت کە ڕۆژانە بڕەکەی لە 15 هەزار بەرمیل تێدەپەڕێت. وێستگەکە کە لە ساڵی 2008 خرایە بەرکار بۆ دابینکردنی غازی سرووشتی لە وێستگەی (کۆرمۆر)ەوە بۆ وێستگەکانی کارەبا لە چەمچەماڵ و هەولێر لە ڕێگەی هێڵی بۆریەوە و بەم زووانە غاز بۆ وێستگەی کارەبای (بازیان) یش دابین دەکات.

هەروەها وێستگەی کۆرمۆر غازی شل (LPG) و شلەکانی غازی سروشتی (NGL)یش بەرهەم دەهێنێت کە لە بازاڕی ناوخۆ دەفرۆشرێت.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا ڕایانگەیاندووە: بەپێی ڕێککەوتنێک بۆ فرۆشتنی غاز کە لە کانونی دووەمی 2018 لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێم واژووکرا، پێترۆلیۆم هەڵدەستێت بە فرۆشتنی غازی زیاتر بۆ دابینکردنی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە تێچوویەکی کەم، کە لە ڕووی ژینگەیشەوە بە باشترین سەرچاوەی سوتەمەنی هەژمار دەکرێت و بەمەش ڕەوشی کارەبا باشتر دەبێت.

دانەغاز و هیلان دەشڵێن: فراوانکردنی وێستگەکە لە کاتێکدا دێت کە (پێترۆل) یادی 10 ساڵەی بەرهەمهێنانی غاز دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان. لە ڕێوڕەسم و ئێتوارەخوانێکدا لە هەولێر و بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و د. ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان و چەندین بەرپرسی بااڵی تر و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسانی بااڵی هەردوو کۆمپانیاکە یادی شەراکەتی نێوان کۆمپانیاکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرایەوە کە بووەتە هۆی پێشکەوتن و خزمەتگوزاری زیاتر و باشتر بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (10) ساڵی ڕابردوو.

هەروەها سەبارەت بە ئاستی وەبەرهێنان لە پڕۆژەی غازی کوردستان هەردوو کۆمپانیاکە ڕایانگەیاندووە: ئاستی وەبەرهێنان لە پڕۆژەی غازی کوردستان تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار بەمەش کۆی گشتی بەهەمهێنانی هاوتای نەوت گەیشتە 250 ملیۆن بەرمیل کە بەمەش توانرا زیاتر لە20 ملیار دۆلار پاشەکەوت بکرێت بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی کە دەبوو لە کرێنی سوتەمەنی سەرف بکرێت. هەروەها وەبەرهێنانی زیاتر بەڕێوەبە بۆ زیادکردنی بەرهەمی ڕۆژانە بۆ900 ملیۆن پێ سێجا لە (3) ساڵی داهاتوو هاوشان لەگەڵ بەرهەمهێنانی سوتەمەنی شل.

هەروەها مەجید جەعفەر، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی هیلال و سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆمپانیای دانەغاز، گوتوویەتی: ئەم زیادبوونە لە بەرهەم وەرچەرخانێکی گرنگە بە تایبەتیش کە ئێمە یادی10 ساڵەی بەرهەمهێنانی بەردەوامی غاز دەکەینەوە و هەروەها دەستپێکی قۆناغێکی نوێی فراوانکردنی پڕۆژەکەیە لە کارکردن و بەرهەمهێنان کە لە چەند ساڵی ئایندەدا پتر لە 600 ملیۆن دۆلاری تری تێدا وەبەردەهێنرێت و دەبێتە زیاتر لە دوو ئەوەندەکردنی ئاستی بەرهەمهێنان. ئەو غازەی ئێمە بەرهەمی هێناوە، بووە هۆی پاشەکەوتکردنێکی زۆری بودجەی تەرخانکراو بۆ سوتەمەنی و بەرزکردنەوەی بەهای ئابووری و کۆمەاڵیەتی، وە هیوادارین کە بتوانین بەردەوام بین لەو بەرەو پێشەوە چوونە لە چەند ساڵی ئایندە لەو کێڵگانە کە لە ئاستی جیهاندا کەم وێنەن لە پێناو بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق.

yasinheja@yahoo.com وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/11/21 ژمارە (5638)
خەبات

مەسرور بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

مەسرور بارزانی: دەبێت لەم خولەی ئێستادا سیستەمێک جێگیر بکرێت کە لە خزمەتی کوردستانێکی بەهێزبێت





پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2018/11/21 مەسرور بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە و لە وتەیەکیدا، داوای کرد لە ئاست ئەو متمانەیەدا بن، کە هاوواڵتیان پێیانی داوە. لە وتەکەیدا وێڕای پیرۆزبایکردن و ئاموژگاریکردن باسی لە ئەنجامی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، ئەم ڕێژە بەرزە ڕەنگدانەوەی کار و بەرنامە و پاداشتی جەماوەری کوردستانە بۆ بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەاڵیەتی پارتی و گوتی: ئەمە جێی سەربەرزی و شانازییە و پشتمان بەو متمانەیە گەرمە.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا باسی لە ئەرکی پەرلەمانتاران کرد و ڕایگەیاند، ئەرکی قورستان لە ئەستۆیە، چونکە دەبێت لەم خولەی ئێستادا سیستەمێک جێگیر بکرێت، کە لە خزمەتی کوردستانێکی بەهێز بێت و گوتی: گەورەترین بەڵێنیش ڕاستگۆییە.

هەروەها زۆر بە بایەخەوە باسی لە ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان کرد و ئاماژەی بەوەدا، کە پێویستە لەم خولەدا زیاتر کار بکەن بۆ ئاسوودەیی ژیانی پێشمەرگە و ساڕێژکردنی برینەکانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و گوتی: دەبێ ئەم پرسە بخەنە ئەولەویەتی ئەرکەکانتان و گوتی: ئەمەش خێرکردن نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە، کە پێشمەرگە هۆکاری مانەوە و بەردەوامبوونی گەلی کوردستانە و ئەوەش پرەنسیپێکی جێگیرە.

مەسرور بارزانی هەر لەم ڕوانگەیەوە باسی لەرێبازی بارزانی کرد، کە لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن و یەکڕیزی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە و گوتی: پێویستە ئێوە نوێنەری ڕاستەقینەی ویست و پێداویستی و خەڵک و ئەو بیروباوەڕە بن.

هەر لە وتەکەیدا مەسرور بارزانی باسی لە ماف و ئەرکی هەمووان کرد و ڕایگەیاند، هەموومان خاوەنی کوردستانین و گوتی: پێویستە کار بکرێت بۆ سڕینەوەی فەرهەنگی لێکجیاکردنەوەی هاوواڵتی و دەسەاڵت و دەبێت کاری ئێمە ڕازیکردنی جەماوەر بێت، نەک ئەم و ئەو. هەروەها گوتی: پارتی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە بۆ هێنانەدی مافەکان و ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەران بۆ جەماوەری گەلی کوردستان.

باسکردنی دادوەریی کۆمەاڵیەتی بەشێکی دیکەی وتەکەی مەسرور بارزانی بوو و ڕایگەیاند، پێویستە دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان بێ جیاوازی بڕەخسێندرێت و ئاماژەی بەوەدا، کە پێویستە وەک دەسەاڵتی یاسادانان و چاوێریکردنی دەسەاڵتی جێبەجێکردن لەگەڵ هەموو پەرلەمانتاران لەکارکردندا هاوئاهەنگ بن، چونکە ئەوەی هەیە پەرلەمانی کوردستانە و بەدەنگی خەڵکی کوردستان دامەزراوە و ئەمانەتێکتان لە ئەستۆ دایە.

جنیفەر بریدۆن بۆ خەبات: تەنیا بەهێزبوون و سەربەخۆیی کورد گەرەنتیی مانەوەی کەمینە ئایینییەکانە لە عێراق

خەبات: مەریوان نەقشبەندی

شارەزایەکی یاسای نێودەوڵەتی باس لەئایندەی کەمینە ئایینییەکان لە عێراق دەکات و دەڵێ تەنها بەهێزبوون و سەربەخۆیی کورد گەرەنتی مانەوەی کەمینە ئایینییەکان لە عێراق دەکات.

خاتوو جنیفەر بریدۆن شارەزای یاسای نێودەوڵەتی کە بەردەوام بۆ هاوکاریکردنی کەمینە ئایینییەکانی مووسڵ و دەشتی نەینەوا و لەناو ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی لەو هەنگاوانە کرد کە حکوومەتی هەرێم بۆ پاراستنی کەمینە ئایینییەکان و بەتایبەتیش مەسیحیەکان ناوێتی و گوتی مانەوەی مەسیحیەکان لە عێراق پەیوستە بە مانەوەی سەربەخۆیی کوردستان و بەهێزبوونی کورد لە عێراق و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و لە عێراق بەتایبەتی.



خاتوو بریدۆن لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتیشی: بەداخەوە خەڵکی عێراق و کۆمەڵگەی ئەمەریکیش لە کورد نەگەیشتن کاتێ ریفراندۆمی سەربەخۆییان ئەنجامدا، من وەک ئەمەریکیەک ئەوکات لێرەبوم بەتەواوەتی پشتگیریم لەو ریفراندۆمە دەکرد، بەاڵم ئەم خەونە نەهاتەدی و بەهۆیەوە کەمینەکانی عێراق هیوایان بۆ ژیان لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست کەمتر بووەوە، بەاڵم ئێستا ئیدارەی ئەمەریکا و بەتایبەتیش سەرۆک ترەمپ و مایک پێنسی جێگری باشتر لەکورد تێدەگەن ڕاوێژکاری باشیان هەیە و دەیانەوێت بزانن کورد چ ڕۆڵێکی هەیە لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و لەعێراق بەتایبەتی.

گوتیشی: بەداخەوە میدیای ئەمەریکی تەنها دەڵێت ئەوە مەسیحی لەعێراق هەیە و لەڕێر هەرەشە و دەرکردن، ئێستا باسی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی مەسیحیەکان و ئەو دوو ملیۆن ئاوارەیە ناکەن کە پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێم دەیانپارێزن.

خاتوو جنیفەر بریدۆن ڕۆڵی پێشمەرگەش بەرز دەنرخێنێت لە پاراستنی کەمینەکان و دەڵێت: لەم ماوەیەی ڕابردو بارێک دەرمان و کەرەستەی پزیشکیم بۆ نەخۆشخانەیەکی نزیک مووسڵ دەبرد ڕێگاکەمان لێ هەڵەبوو و کەوتینە ناو خاڵێکی پشکنینی هێزە عێراقیەکان، بەاڵم زۆر بەنەشیاوی مامەڵەیان لەگەڵ کردین، هەروەک بڵێی ئێمە دوژمنین، کاتێ گوتم ئێمە ئەمەریکین زۆر بەنەشیاو وەاڵمیان داینەوە، بەاڵم کە گەیشتینە هێزەکانی پێشمەرگە زۆر بەجوانی و شایستەوە پێشوازیان لێ کردین، بۆیە دەڵێم ئەو هێزەی کە دەبێ مەسیحیەکان بپارێزێت پێشمەرگەیە نەک هێزە عێراقیەکانی دیکە.

کەرکووک..عەرەب و تورکمان لە ڕێگەی بەرهەم سااڵحەوە دەیانەوێ ڕێگری لە گەڕانەوەی پێشمەرگە بکەن

بەغدا و هەولێر، پێوەند بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی ماددەی 140 و ئەو کێشانەی لە نێوانیاندا هەیە لە گفتوگۆدان، بەاڵم هاوکات بە دەست تێکەاڵکردن لەگەڵ هەندێ لە عەرەب و تورکمانەکان، گرووپێکی ناو یەکێتی و بەرهەم سااڵح، دەیانەوێ بە پێکهێنانی هێزی هاوبەش ڕێگری لە گەڕانەوەی پێشمەرگە بکەن بۆ کەرکووک. هەفتەی ڕابردوو، لە ژێر چەتری کۆنفرانسێکی هاوبەشدا، کە عەرەب و تورکمانەکان بەناوی پاراستنی شاری کەرکووک ڕێکیان خستبوو، تیادا بڕیاریان دا بە پێکهێنانی هێزی هاوبەش بۆ پێکهاتەکانی کەرکووک، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ڕێگری لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیە بۆ شاری کەرکووک، کە ئێستا حکوومەتی عێراق و کوردستان لەسەر ئەو پرسە لە گفتوگۆدان.

مەرجی ئەو گرووپەی 16ی ئۆکتۆبەر و بەرهەم سااڵحیش بۆ پشتیوانییان لە پێکهێنانی ئەو هێزە، کە پێشتر لەگەڵ عەرەب مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە سووری ئەو ناوچانە، بە پێکهێنانی ئەو هێزە لەسەر خۆیان و خەڵکی شارەکە بڕوانن.

بەپێی زانیارییەکان، ئێستا لە قەزای خورماتووی سەر بە پارێزگای سەاڵحەدین، ئامادەکاری بۆ دروستکردنی ئەو هێزە کراوە و ناوی نزیکەی 500 کەس لە تورکمان و عەرەب و کورد ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی عێراق کراوە. هەر بەپێی زانیارییەکان، مەرجی سەرەکیی پێکهێنانی ئەو هێزە، کە دەستی گرووپی خیانەتی 16 ئۆکتۆبەری تێدایە، مەبەست لێی ڕێگری و نەگەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیە بۆ شاری کەرکووک، کە ئێستا حکوومەتی عێراق و کوردستان لەسەر ئەو پرسە لە گفتوگۆدان.

هەرچی ئەو گرووپەی 16ی ئۆکتۆبەر و بەرهەم سااڵحیش بۆ پشتیوانییان لە پێکهێنانی ئەو هێزە، کە پێشتر لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان گفتوگۆیان کردووە، ڕازیبوونی عەرەب و تورکمانەکانە بە پێدانەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک بە یەکێتی و تەواوکردنی ڕێژەی یاسایی دەنگدان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەو کاندیدەی کە یەکێتی بۆ پارێزگاری ئەو شارە دیاری دەکات.

پێشتر، ئەرشەد سااڵحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی، بۆ مااڵپەڕی (سۆمەریە نیوز) ئەوەشی ئاشکراکردبوو، لەگەڵ بەرهەم سااڵح ڕێککەوتوون کە پێشمەرگە نەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، گوتیشی: بەپێی ڕێککەوتنەکە، فیرقەیەکی سەربازی لە پێکهاتەکانی پارێزگاکە پێک دەهێندرێت و هێزەکە پەیوەست دەکرێت بە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ و ناوخۆی پارێزگاکەوە ئەگەری ئەوەش هەیە لە بوودجەی ساڵی 2019دا، پارەی بۆ تەرخان بکرێت.

لە خولێکدا پەرلەمانتارانی کوردستان بە پرەنسیپە جیهانییەکانی کاری پەرلەمانی ئاشنا کران



ڕۆژی 2018/11/18 سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاریی پەیمانگەی دیموکراتی نیشتمانی NDI لە هۆتێل دیڤانی شاری هەولێر، خولێکی دوو ڕۆژەی بۆ پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد.

لە ڕۆژی یەکەمی خولەکەدا، کە زۆرینەی پەرلەمانتاران ئامادەیبوون، لە پرۆگرامی سەرلەبەیانی و لە دوو وانەی جیاوازدا کە لە الیەن پسپۆڕانی پەیمانگەی نیشتمانیی دیموکراتی NDI گوترانەوە، تیایدا ڕۆڵی ئەندامی پەرلەمان لە نوێنەرایەتی، یاسادانان، چاودێری و گرنگیی پەیوەندیکردن بە هاووڵاتیان و سوودە سیاسییەکانی و چاودێری و ئەرکی ئەندامی پەرلەمان لە نێو لیژنە و ڕۆڵی فراکسیۆنەکان، دەسەاڵت و ئۆپۆزسیۆن خرانەڕوو.

کۆتایی ڕۆژی یەکەمیش بە پرسیار و وەاڵمی کراوە لە نێوان پەرلەمانتارن و پسپۆڕانی پەیمانگەی نیشتمانیی دیموکراتی کۆتاییهات.

هەروەها ڕۆژی دووشەممەش 11/19 پسپۆڕانی پەرلەمانی کوردستان ناوەڕۆکی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیان لە چوار وانەدا بۆ ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمان خستەڕوو.



پەرلەمانی عێراق چەند بڕیارێکی حەیدەر عەبادی هەڵوەشاندەوە

خاڵی گومرگیی نێوان پارێزگاکان هەڵدەگیرێن

دوێنێ پەرلەمانی عێراق، هەموو ئەو بڕیارانەی حەیدەر عەبادی هەڵوەشاندەوە، کە لە ماوەی حکوومەتی کاربەڕێکەردا، دەری کردبوون. بەپێی بڕیارەکەی پەرلەمان، هەموو ئەو بڕیارانەی عەبادی لەو ماوەیەدا دەرکراون، هەڵدەوەشێندرێنەوە و پێویستە سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، کاریان پێنەکات. لە ماوەی حکوومەتی کاربەڕێکەردا، عەبادی چەند بڕیارێکی دەرکرد، لەوانەش دانانی خاڵی گومرکی لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراقدا. بە گوێرەی بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق دەبێ ئەو خاڵە گومرگییانەی کە حەیدەر عەبادی بە مەبەستی سیاسی دەری کردبوون، هەڵبگیرێن.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/11/22 ژمارە (5638)
خەبات



ئەڵمانیا.. دڵشاد بارزانی بەشدارایی لە پرسەی دکتۆر جەوهەر سدیق شاوەیس کرد

ساسان دەرویش-ئەڵمانیا

بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر و کەسایەتی ناسراوی کورد، دکتۆر جەوهەر سدیق شاوەیس لە ئەڵمانیا، دڵشاد بارزانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیا، بە ئامادەبوونی هەڵمەت عەلی عەبدوڵڵا، بەشداری پرسەی "دکتۆر جەوهەر سدیق شاوەیس"یان کرد لە مالی خۆی لە شاری لایپزیک، بۆ گەیاندنی هاوخەمی خۆیان و دڵنەوایی کردنیان، لە لایەن خانەوادەکەیانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا، هەروەها لە میانەی ئەم پرسەیەشدا بەهجەت مەسیفی، بەرپرسی ناوچەی لایپزیکی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند کارگێڕێک بەشداربوون.

د.جەوهەر شاوەیس کەسایەتییەکی دیار و تێکۆشەری بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی گەلانی عێراق بوو، هەر لە سالانێکی زووی تەمەنییەوە ڕێی تێکۆشانی لە پێناوی ئەو بەها بەرزانە گرتەبەر و لەو پێناوەدا جوانترین سالانی تەمەنی لە زیندانەکانی ڕژێمە فاشیستەکانی عێراق لە سلێمانی و بەغدا و نوگرە سەلمان بردە سەر، تووشی جۆرەها ئازاردانی دڕندانە بووەتەوە لەو زیندانانە.

ڕزگار نوری شاوەیس، برازای دکتۆر جەوهەری کۆچکردوو، لە بارەی کەسایەتی مامیەوە بۆ خەبات دەڵێت: د.جەوهەر سدیق شاوەیس وەک سکرتێری خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا پێشەنگی خۆپیشاندانێکی خوێندکارانی کورد کرد بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕیسواکردنی تاوانەکانی ڕژێمی بەغدا دەرهەق بە گەلی کوردستان.



مەراسیمێک تایبەت بە جارنامەی مافەکانی منداڵان لە هەولێر بەڕێوەچوو

بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان لە شاری هەولێر، بە بۆنی جاردانی مافەکانی منداڵان، مەراسیمێکی لە بەڕێوەبەرایەتییەکە ساز دا کە تایبەت چەندین باخچەی منداڵان ئامادەی بوون و چالاکی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دا.

دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئامادەی مەراسیمەکە بوو، لە وتەیەکدا پێرۆزبایی لە منداڵانی کوردستان بە تایبەتی و جیهان بە گشتی کرد و هیوای خواست منداڵان بەدوور بن لە هەر جۆرە ململانێکیەکی سیاسی و شەڕ.

سەبارەت بە دەستکەوتەکانی پەروەردە و کارکردنی حکومەت لەم بارەوە باسی لەوە کرد کە بۆتە بەدڵخۆشییەوە لە هەرێمی کوردستان منداڵان دۆخیان زۆر باشتر و بەراورد ناکرێت لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق و خودی ناوچەکە و ئەمەیش بەشێکی پەیوەندی بە دۆخی ئارام و پێکەوەژیانی کوردستان هەیە و بەشێکیشی پەیوەندی بە بەردەوامیەت و پێشکەوتنی پڕۆسەی پەروەردەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان.

دواتر وەزیری پەروەردە باسی لەوە کرد کە ئێستا بەشێکی زۆری ناوچەکانی دیکەی عێراق منداڵان ژینگەیەکی پاک و ئارامیان نییە بۆ ئەوەی بخوێنن و نمونەی بەسرە و چەند ناوچەیەکی دیکەی هێنایەوە کە بە هۆی پیسبوونی ئاو و نەبوونی ئاسایشەوە منداڵان قوربانی یەکەمن و دوور کەوتوونەتەوە لە خوێندن و تەنانەت لە تەمەنی دیاریکراویش ڕوو ناکەنە خوێندن، بەڵام لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازترە و بۆ ئەمسالّی خوێندن نزیکەی 168 هەزار قوتابی ڕوویان کردووەتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کە لە سەرووی لەسەدا نەوەد و نۆی منداڵان لە تەمەنی دیاریکراوی خۆیاندان و بەمەیش دەردەکەوێت کە کوردستان ناوەندێکی ئارام و پێشکەوتووترە لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکەش.

پاشان چەند ئۆپەردیت و شانۆگەرییەک لە لایەن منداڵانی باخچەکانی منداڵانەوە پێشکەش ئامادەبووان کرا و لە کۆتاییشدا بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر خەڵاتی بەسەر منداڵە بەشداربووەکاندا دابەش کرد.

دۆخی پەنابەران لە وڵاتی ئەڵمانیا

سروە جەواد عارف بەرزنجی، چالاکوانی سیاسی و پەنابەران لە ئەڵمانیا بۆ خەبات:

ناوی پێشمەرگە و بارزانی لەسەر زاری هەموو ئەڵمانییەکە

ڕەوەندی کوردی لە ئێستادا دەتوانێ ڕۆڵی هەبێت بۆ کوردستانێکی بەهێز



سروە جەواد عارف بەرزنجی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی، لە دایکبووی شاری سلێمانییە و ئێستاش نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە، چالاکیوون و بەشداریکردنی لە چەندین بەرنامەی پەیوەندیدار بە مافی ژنان و مافی مرۆڤ لە ئەڵمانیا و ئەوروپا هەیە. ئەو ئێستا سەرۆکی ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەڵمانیا و ئەندامی ئەنجومەنی ڕێکخراوی ژنانی ئەڵمانیا و ئەندامی ئەنجومەنی ڕێکخراوی ژنانی ئەوروپا و ئەندامی ئەنجومەنی ڕێکخراوی ژنانی جیهانە.

نزیکبیت، ئەوان چۆن لەوە دەڕوانن کە کوردستان لە یەک ساڵدا دوو هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدا؟

-ناوی پێشمەرگە و بارزانی لەسەر زاری هەموو ئەڵمانییەکە کە باسی کوردستانی لەگەڵدا بکەیت، پڕۆسەی هەڵبژاردن لە ناوچەیەکی نا ئارامی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارێکی زەحمەتە و بەتایبەت لە کوردستان کە لەم دوو ساڵەی پێشودا چەند ڕووداوی نائارامی بەسەر داهات، بۆیە ئەنجامدانی ئەو دوو هەڵبژاردنەیان بۆ ئیرادەیەکی بەهێزی گەل و سەقامگیریی بارودۆخی ئاسایش و ئیدارەیەکی بەهێز لە کوردستاندا دەگەڕاندەوە و دەیانگوت کورد سەلماندی گەلێکی دیموکراسیخواز و بەهێز و کۆڵنەدەرە.

*** لە هەبوونی ئەو هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کولتووریانەی هەن، تا چەند ڕەوەندی کورد سوودمەندن؟**

-دەتوانم بڵێم ڕەوەندی کوردی سوودمەندبوون، بەڵام هێشتا لە ئاستی خواستی ئەواندا نییە، ئەویش هۆکاری زۆرە کە هەندێکیان تایبەتە بە شێوەی ژیانی ئەورووپا و کەمی کات بۆ چالاکی و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێو ڕەوەندی کوردی، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵانەش بە درێژایی ڕۆژ زیاتر لە 8 کاتژمێر کار دەکەن بۆ بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکانیان لە لایەکی تریشەوە هەموویان پالپشتی دارایی ناکرێن، چونکە حکوومەت تەنها 1 یان 2 کۆمەڵە بەناوی نەتەوەیەکەوە پالپشت دەکات، نەک زیاتر، ئەمە جگە لە دیاردەی پەرتەوازەیی ناو کوردستان کە لەناو کوردانی تاراوگەش بەداخەوە ڕەنگی داوەتەوە.

*** تاچەند 16ی ئۆکتۆبەر و ڕووداوی ڕووداو تاڵەکان لە کەرکووک و دەوروبەری و داخستنی فڕۆکەخانەکان و گوشاری نێودەوڵەتی کوردستانیانی تاراوگەی نیگەرانکرد؟**

-ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر نسکۆی دووەم بوو بەسەر میللەتی کورددا هات و هەموو کوردانی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان نیگەران و بێ هیوا کرد لە ڕووی نەتەوەییەوە، لە ڕووی کەسییەوە بێگومان هەموومان ئارامان لێ بڕا لەبەر ئەوەی دڵمان لای کەسوکارمان بوو لەناو کوردستان و دەترسین شەڕ هەموو شارەکان بگرێتەوە و دەربازبوون نەبوو، چونکە تورکیا و ئێرانیش سنووریان گرتبوو ،ڕۆژانێک بوو تا بڵێی سەخت لەگەڵ ئەوەشدا کوردی تاراوگە دەستەوئەژنۆ دانەنیشتن و ڕزایە سەر شەقامەکانی ئەو شار و وڵاتانەی کە تێیدا دەژیان و لە پێگەی خۆپیشاندانی ئارامەوە پەیامی کوردیان گەیاندە هەموو خاوەن بڕیارانی جیهان و ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە.

*** پێتوایە بڕچی ئەورووپا پێدەنگ بوون بۆ ماوەیەک و دواتر پێشوازیان لە سەرۆکوەزیرانی کوردستان کرد؟**

-وەک لەوەوپێش ئاماژەم پێکرد لە سیاسەتدا بەرژەوەندی گرنگە، بە ڕای من هۆکاری بیدەنگبوونی ئەورووپا بۆ 2 هۆ دەگەڕێتەوە، یەکەم لە 25ی ئەیلوول کە ڕیفراندۆم ئەنجامدار ڕۆژێک دوای ئەمە هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانیاش ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا کە ئیسپانیا دژی بوو، یەکێکە لە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا دەبێ یەکێتییەکە پالپشتی بکات، نەدەکرا لە یەک کاتدا پشتیی کوردستان بگرن و دژی کەتەلۆنیا بوەستن لە ڕووی مۆرالەوە ناکرێ، ئەگەر جیابوونەوەی کەتەلۆنیا سەری بگرتایە، ئەوە دەبوو بە ڕێگاخۆشکەرێک بۆ ئەو چەند هەرێمەی کە وڵاتانی یەکێتییە ئارەزووی جیابوونەوە دەکەن، بەمەش یەکیەتی ئەورووپا لاواز دەبێت ، لە لایەکی تریشەوە کە بینیان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا دژی ڕیفراندۆم وەستان ئەورووپاش نەیویست شەڕیکی دۆڕاو بکات، هەرچەندە کە هاوسۆزیش بن لەگەل کورد، پاش هێربوونەوەی بارودۆخەکە لە کەتەلۆنیا و هەوڵەکانی فەرهنسا لەگەڵ ئەمەریکا بۆ پالپشتیی کوردستان و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی کە بەرپرسیاریەتی ڕیفراندۆمی بە تەنها خستە ئەستۆی خۆی و گەلی پێ ڕزگارکرد، ئەورووپا و ئەمەریکاش بەهانەیان نەما و لێیان هاتووبی سەرۆکی حکوومەتیش بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە هێورکردنەوەی دۆخەکە ڕۆڵی گرنگی هەبوو.

*** بەگشتی ئەڵمانیا چۆن دەڕوانە پرسی کورد و ئایندەی گەلی کوردستان؟**

-ئەڵمانیا گەلێکی ئازادیخواز و دیموکراتخوازن و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، کە باسی گەلێکی بێ دەوڵەتی وەک کورد دەکەیت، هیوادەخوازن کە دەوڵەتیان هەبێت و خەڵکی ئەڵمانیا زۆر بە پەرۆشن بۆمان و بەداخن لە ناتەبایی نێومالّی کوردیش، لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک زود دویچەتسایتونگ ورانکفورتتە ئەڵگماینە بە چەندەها وتاری ستایشی پێشمەرگەیان بڵاو دەکردەوە و گەلەییان لە جیهان دەکرد لەبەر پشتبەردانی کورد لە کاتێکدا کورد هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەوانە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا.

*** کەی دەتوانین ئەو سەرمایەی کە بە ڕەوەندی کورد ناودەبرێ بەکاری بهێنین بۆ کوردستانێکی بەهێز؟**

-لە ئەمڕۆوە دەتوانین وەک ڕەوەندی کوردی ڕۆڵمان هەبێت بۆ کوردستانێکی بەهێز، لەیادمان نەچێت کورد لە ساڵانی دوای 1975 لە تاراوگە دەژین و ئێستاش نەوەی دووەم و بگرە سێیەمین هاووڵاتی ئەو وڵاتانەن و پێگەی کۆمەڵایەتی باشیان هەیە و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار و ئەندام پەرلەمانمان هەیە کە بە ڕەچەڵەک کوردن، جگە لە ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی کە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەمە سەرمایەیەکی گەورەی پەرش و بڵاوە و پێویستە پەیوەندیان پێوە بکەین و کۆیان بکەینەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک کار لەسەر لۆبییەکی کوردی بەهێز لە ئێستادا و پاشەڕۆژدا بکەین.

پەنابەرانی سووری زیاتر لەوانەی دیکە هەوڵدەدەن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئەڵمانیدا بگونجێنن

*** تا چەند زمانزانین پێویستە وەک کلیلی دەرگاداخراوەکان بەکاربهێنرێت، بەتایبەتی لە تاراوگە؟**

-بێگومان مرۆڤ چەند زمان بزانێت، مانای ئەوەندە کەسەیە، لە تاراوگە زمانزانێکی باش دەتوانێت زووتر جێگای خۆی لە کۆمەڵگا نامۆکەدا بکاتەوە، زمانەکە یارمەتیدەری دەبێت، بۆ ئاشنابوون بە یاسا و کولتووری وڵات و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا تازەکەی .

*** ئەی ئەڵمانیا توانیویەتی پەنابەران بەرەو ئەو دەرگا داخراوە بەرێ بە دابینکردنی خولی فێربوون؟**

-لە پەیچی فەرمی دەستەی پەنابەران و خۆگونجاندن نزیکەی 6.840 قوتابخانەی ڕێگە پێدراویان بڵاوکردووەتەوەکە، پەنابەران دەتوانن لەوێوە بەشدار بن لە خولی فێربوونی زمانی ئەڵمانی و خۆگونجاندن، بە مانایەکیتر قوتابخانەکان هەیە و پارەیەکی باشی بۆ تەرخانکراوە ئەوەیتر دەکەوێتە سەر پەنابەر خۆی، تا چ ڕادەیەک دەیەوێت لەم کۆمەڵگایەدا جێگای خۆی بکاتەوە، ئەوەی من لە بەرلین تێبینی دەکەم پەنابەرانی دەرگاکردنەوەی ئەڵمانیا بۆ پەنابەران لە ساڵی2015 باش دیراسە نەکرابوو ، ئەڵمانیا خۆی ئامادە نەکردبوو و بەرنامەی باشی دانەڕشتبوو بۆ پێشوازی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران و تەنانەت ژمارەی فەرمانگەکانی ئیقامە و

ئەڵمانەکان دەڵێن کورد نەتەوەیەکی دیموکراسیخواز و کۆڵنەدەرە


سووری زیاتر لەوانەی تر هەوڵدەدەن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئەڵمانی بگونجێنن و زمان فێر بن و کار بکەن.

*** بەس لە خراپی ڕەوشی پەنابەران زۆر دەکرێ بە تایبەتی ئەوانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا هاتوون، ئەمە چ بارگرانێکی هەیە بۆ ئەو وڵاتە؟**

-بڕیارەکەی خاتوو میرکل بە وەرگێڕەکانیش زۆر کەمتر بوون بۆ ئەو ژمارە زۆرە و ئەمانە و چەند هۆکاری تر بوونە هۆی ئەوەی بارودۆخی پەنابەران لە ڕەوشێکی خراپدا بێت و کۆنترۆڵکردنی تاراەیەک زەحمەت بێت.

*** بەو پێیەی هەمیشە لە نێو ڕێکخراو و کۆمەڵە و دەستەڵاتدارانی ئەڵمانیا**

کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسیی کوردستان
لە پێناو چی ئەم ئازارەم نۆشی؟!



شەنگە هاوارکاکەیی *

ئاشکرایە هاتنەکایەی کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی وەکو دامەزراوەیەکی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم و تاجەگوڵینەی خەباتی نەپچڕاوەی گەلەکەمان بوو، کە لە دەستپێکێکدا هاتە دامەزراندن. لەمەڕ بە هەند زانینی خەباتی چینێکی ماندوونەناس و خاوەن هەڵوێست کە ئەمڕۆمان لە سایەی شان و ماندووبوونی ئەوانەوە دروست بووە. وەکو مۆئەسەسەیەکی نەوعی هەرێمی کارایە. ئەم کۆمەڵەیە کە دامەزرا ڕەچەشکێن بوو لە گۆڕەپانی هەرێمیدا و لە هەلومەرجێکدا کەوا میللەتەکەمان بەوپەڕی پەرۆشی و تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بونیادنانەوەی ئەم بیناسازیی و ئەم تەلارسازییە بوون، چونکە لە هەر سوچێکیدا ئاسەواری بریندێک ماوە و ئەو بریندش قسە دەکات و لە ئاخاوتنە ئاخنینەکانی تاکی کوردی دەدوێت، بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە، هەڵبەتە لە دەربڕینا کەس ناتوانێت وەکو ئەو بدوێت و لە ئێش و ئازار و میحنەتەکان بگات.

ئەم کۆمەڵەیە هەڵگری زۆر واتایە لە تۆمارکردن و گێرانەوەی سەروەریەکان و خەباتی کەسانێک دەکۆڵێتەوە ناسراون بە بەگزادەی نیشتمان، بەوپەڕی ماناپاکی و قوربانیدان و خۆبەخشین گیانی خۆیان بەخت کردبوو بۆ واتا بەرزەکانی ژیان، بۆ گەل و نیشتمان. بە خۆشحاڵیشەوە ئەم سەرحە پڕ شانازییە دەرەوشاوە وەکو سەرحێکی کوردی لە چەقی دەسەڵاتدا. ئێستا چل و پۆپی بە گەشە هات و بە فەرمی پراکتیزە بووە بە یاسای زیندانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەڵبەتە هیچ دامەزراوەیەک ئەمڕۆ بەدەر نییە لە کەموکوڕیی، ئەم کۆمەڵەش بە هەمان چەشن ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت و ئاریشە بوونەتەوە، ڕەنگە ئامانج و دووان دەربارەی گیرۆدەییەکان بۆ بەرپرسێکی ئەم کۆمەڵەیە شیاوتر بێت و جوانتر بتوانی شرۆڤەی بابەتەکان بکات دەربارەی و کەموکوڕییەکان و گرفتەکان، بەڵام!؟ کاتێک نەنگییەک لەترۆپکا گلەیی لەم حاڵەتە ناکرێ ئیکتیفای هەوڵەکانی چارەسەر تەنها بخەینە ئەستۆی بەرپرسێکی ئەم دەزگایە.

ئەگەر بتوانین لە ڕێگەی پێشنیارێکی بونیادنەر وەکو پردی پەڕینەوە چارەسەر بۆ ئاریشەکەبخەینەڕوو کە لە بنەڕەتدا ئامانجی سەرەکی هەوڵەکان بۆ بونیادگەریەکی پوخت و تەندروستە دوور لە بەرژەوەندی تاکەکەسی لە خزمەتکردن بەدەر لە هیچ بۆن و مەرامێکی تایبەتی هاندەر و پاڵپشت نەبووە بۆ پێداچوونەوەی پێشنیازەکان تەنها فۆکسی هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کەوا مافی بەشێک لەم پێشمەرگانە نەفەوتێ کە بە یاسەیەک جێگیرە و لە لایەن حکوومەتی فیدراڵەوە داڕێژراوە کە دووڕە لە مەبەدئی دادپەروەری و یەکسانی و عەدالەت.

خۆ ئەگەر مافی ماددییان فەوتا لەم سەروبەندەدا دەکرێ بە قاڵبێکی نوێ ئامانجەکەمان بپێکین بە دەستەبەربوونی مافە مەعنەوییەکانیان وەکو ئەوەی لە هەیئەتی ئیستیشاری داهێزرێن و وپرۆشۆر و نامیلکە و کتێب دەربارەی ئەو کەسە جوانانە بە چاپ بگەیەنن وەکو چۆن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان وێنەی قوتابییە زیرەکەکان بەقەد دار و دیوار هەڵ دەواسن، بەم شێوەیە بایەخیان پێ بدرێت و لە مالّە گەرمەکەی خۆیان گەرم ببنەوە و جیا نەکرێنەوە، هەروەها قەرەبو بکرێنەوە بۆ وەلانانی ئەو مەغدوریەتەی کەوا کەلەکە بووە لە ناخ و دەروونیاندا بە پێوەری مەنتیق و ئینساف لە مامەڵە و هەڵسوکەوتەکان مرۆڤ دۆست بن، لە واقیعا ئەم یاسایە هەموو پێوەرەکانی ئینسافی بەزاندووە، دیارە کۆمەڵێک زیندانیان بەپێی ئەم یاسایە شەرەفی ئەوەیان پێ نابەخشرێت کەوا ئینتمایان بۆ ئەم کۆمەڵەیە هەبێت، هەرچەندە لە گرتووخانەکان ماوەیەک زیندانیان بەسەر بردووە، هەموومان درک بەو ڕاستییە دەکەین کە دەڵێ تیشکی هەتاو بە بێژنگ ناگیرێت.

ئەگەرمەبەست دانانی مەرج بۆ مەودای زەمەنیان ماوەکەی دوور و درێژە، ئەوە باپیرانمان فەرمووەیەکی جوانیان هەیە لەم بارەیەوە کە دەڵێن، هەموومان مشکی یەک قەیسەرین. دەکرێ ئەم کۆمەڵەیە لیژنەیەک پێکبهێنێ بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ ئەوەی ئەوانەی مەنەفیستی بە ئەنقەستیان بۆ خۆیان دروستکردووە و ناونووسکراون و تا ئێستاش بەردەوامن و بێبەش نەبوونە لە وەرگرتنی پاداشتە مادییەکان ڕووی ڕاستی زیندانیان ئاشکرابێت.

لە هەمان کات ناکرێ لە بری دەستگوشین پێ زانین خەباتی کەسانێکی خاوەن هەڵوێست وەکە ئەمڕۆ لە تەمەنێکی بە سااڵچوون بە داواکاری تەعجیزی بچینەپیریانەوە وەکو ئەوەی بۆ نموونە داوای شاهیدی شاهید بکەن، چونکە ئەو هەوڵانە بۆ تاکێکی بە تەمەن ئەستەمە، لەوانە هاوەڵەکانیان کۆچکردوو بن، یا تاکەکە باری تەندروستی لەبارە کە لەتوانای نییە ئەم ئەرکە جێبەجێبکات، بۆیە وا باشترە کۆمەڵە خۆی بەو مەهامە تەنفیزیبە هەستێت خەمخۆری بێت، چونکە ئەوەی تێبینی بووە پشتگوێخستنی کۆمەڵێک زیندانی سیاسی سااڵی شەستەکانە کە هەندێکیان وەکو ڕۆژی نێوەڕۆ دیارن، کەوا بەندکراوبوونە لەسەر هەڵوێستی کوردانەیان کەچی! ئەمڕۆ بەپێی یاسایەک کە دەتوانم بڵێم ستەمکارە، بێبەش بوونە لە شەرەفی وەرگرتنی ناسنامەی زیندانی سیاسی و بێبەشیش بوونە لە پاداشتی مادەی و مەعنەوی کە ئەمە بەپێی عورفی مرۆڤایەتی و ئینسانی گوناهە و تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بە چینێک کە پڕ بن لە بەگزادەیی و بێگەردی و مرۆڤگەلێکی زۆر جوان و زۆر پاک، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ نواندنی ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیان گەنجترین تەمەنی خۆیان بەخشی لە گۆشەگیری لە بەندیخانە و کرۆکی بەندبوون بە هۆی کەلەپچەی مەچەکیان ئەم ڕۆژگارە پڕ شکۆیانە بۆ تاکی کوردی دروست بوون.

وەکو زەروورەت پێویستە ئاوڕدانەوە بەو یاسا وەزعییەی کەوا بۆ ئەم دامەزراوەیەک خراوە بکرێت ناویان بەبێ قەیدوشەرت تۆمار بکرێت، چونکە مافی نازادنیان لە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردییە، کەوا بەدەم داخوازییەکانیانەوە بێت. ئەگەر خەڵکانێک هەبن خزێندراون بۆ ناو ئەو کۆمەڵە بە لامەلی بۆ وەرگرتنی پاداشتە داراییەکان لە دەرگەی عەیبە و نەنگیان حەقە دوور بخرێنەوە لەم کۆمەڵەیە، لە بێژنگ بدرێن و داوی ڕەش و سپی لە یەک جیا بکرێنەوە. ئەوەی خۆزگە و ویستە چاو پێداخشاندنەوە بەو یاسایەدا بکرێت کە لە سنووری هەرێمی کوردستان بەرجەستەیە و ئامانج و خۆزگەمان بەو ئاراستەیە کەوا بە حیکمەتی هزری کوردی بە قەڵەمی کوردی بااڵپۆشی ئەم یاسایە بکرێ نەوەک بە زهنیەتێکی عەربەگەرایەتی و قەڵەمی عەربەیی. چونکە هەمیشە وەڵامی گلەییەکان دراوە بەوەی سەرچاوەی ئەم نادادییە پابەندبوونە بەو یاسایە و بیانگەیەکە کە حکوومەتی عێراق بناغە ڕێژی بۆ خۆشکردووە، بۆیە ئەستەم نابینین و دەکرێ لە لە سنووری خۆمان بە ئیزافە و مەهارەتێکی تازەوە پەردەپۆشی بکەن، بەوەی لەپەرواوزێکی و کوردیدا وێنابێت کە لە خزمەتی ئەو مرۆڤانە پەردەبسەنێت، کە بە هەڵوێستی ئازادانە و مەردانە هەڵوێستیان نواندییە و کوردپەروەرانە نەخشەی ژیانی پڕ شکۆیانکێشاوە دەرگەی هەڵوێستیان والآ بووە بۆ بۆ پرسە بااڵکانی نیشتیمان هەمیشە ئەوان خاوەن مافی کۆمەڵی زیندانیانن، بە لای کەم لە ڕووی مەعنەوی پاداشت بکرین و هەڵگری ئەو ناسنامەیە بن. دوور نەخرێن لەو سەکۆیەی کە بە دەستوبازووی خۆیان کەرپووچ کەرپووچ دایان ناوە.

هەڵبەتە نە بڤەیە و نە تاوانە بانگێشت بکرێن بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەشداری و هەماهەنگ بن لە بیرۆڕای ڕاوێژکاری نابێت، ئەو چینە فەرامۆش بن لە کاتێکدا خۆیان خاوەن ماڵن. ناکرێ گەورەی ماڵ هیچ زانیارییەک و وردەکارییەکی پێ نەبێت. دەربارەی بەر دەرگای خۆی. هیوامان وایە لەم کابینە تازەیەدا ئەرک و ماندووبوونی ڕۆڵەکانی نیشتمان بەرز بنرخێندرێت، بەڕچاو بێت بە دەستەبەربوونی یاسایەک لە خزمەتیان سڵ نەکات و لە هەر هەوڵێک هەبێ نکۆڵی نەکەن کە بۆ جێبەجێگەیاندنی خواستەکان بێت و لە خزمەتیان دابێت لە بەرژەوەندی مافە زەوتکراوەکان دابێ، خۆزیا دەسەڵاتی کوردی خەمسارد نەبێت تا لە ژیانن ئەم خواستەیان مەیسەر بکات.

ئەگەر لە خۆمان بپرسین، بەڕەو کۆێ ئەڕۆین، ئەوە هەر یەکێک لە ئێمە زهنییەتمان بۆ چەند چرکەساتێک بچینە دواوە بۆ زەمەنی ڕابردوومان ئەوە کۆمەڵێک ناوی ئەو مرۆڤە جوانانە لە دڵ و دەروون و زاکیرەمان سەیڤە وەکو بەڵگە، ئیمکانە کەڵکی لێ وەر بگێرێت بە سەرچاوەی زانیاری دروست ئەژمار بن، زاتی خۆم سێ کەس لە بنەماڵەکەم زیندانی سیاسین لە مافی ئینتمابوون بێبەش بوونە، ئەوەی ماوە بڵێم ڕێژەیی بەعس لە سااڵنی ڕابردوو پێشمەرگەی ناوزەند کردبوو بە موخەریب، ئایا؟ پێشمەرگە موخەریب بوون و بەپێی یاسای بەعسی پێشمەرگە موخەریبە؟ بۆیە ئەمڕۆ لە یاساناسانی کورد دەپرسین، ئەگەر ئەمانە لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵەیە مافیان دەستەبەر نەبێت، ئەی لە کوێ خۆیان بدۆزنەوە؟ ئەی کەواتا پێشنیاریان چییە لە چ دامەزراوەیەک خۆیان ببینەوە ئەگەر وەلام وەرنەگرنەوە؟ ئەگەر دەسەڵاتیان سنووردار بە دەست و ئەژنۆ وستاون و هیچتان پێ ناکرێ، بە لای کەمی مافی کوردبوونیان لێ مەسەننەوە. چونکە ئەوان ڕۆڵە و قەڵغانی وڵاتن.

*** کچی زیندانێکی سیاسی**



سیامەند سێڵکی

پارتی لەبەردەم ئەرکێکی قورسدایە

پارتی وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان، بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئەرکێکی قورسدایە و بۆ بە جێگەیاندنی ئەو ئەرکەش، دەبێ ڕێگایەکی سەخت و دژوار و پڕ لە هەوراز و نشێو ببڕێت.

قورسبوونی ئەرکەکەش لەبەر ئەوە نییە کە پارتی ناتوانێ حکوومەت پێکبێنێت! نەخێر پارتی 45 کورسیی لە پەرلەمانی کوردستان مسۆگەر کردووە و دەتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ کورسی کۆتاکان و هەندێ لایەنی دیکە کە لێیەوە نزیکن، حکوومەت پێکبێنێت. بەاڵم پێکهێنانی حکوومەتێکی لەو شێوەیە ڕەنگە یارمەتیدەر نەبێت بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و گرەنتیکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان. لەم سونگەیەوە پارتی وەکو هێزێکی واقیعبین سەردەری لەگەڵ بارودۆخەکە دەکات و ئەو ڕاستییەی لا ڕوونە کە بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی کوردستانیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکیش پێشکەشبکات. لە حاڵەتێکدا بەدی دێن کە لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەوە بارودۆخی کوردستان ئارام و سەقامگیر بێت. دیارە ئەم ئارامی و سەقامگیرییەش بەبێ بەشداری یەکێتی لە حکوومەتدا ڕەنگە ئەستەم بێت.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە یەکێتی تارادەیەکی باش خۆبندنەوەی بۆ واقیعەکە کردووە و دەزانێت پارتی لەپێناو پراکتیزەکردنی ئامانجەکانی پێویستی بەوە هەیە هێزەکان بێنە ناو حکوومەتەوە.. هەر ئەمەشە وای لە یەکێتی کردووە کە زیاتر لە حەجمی خۆی کە 21 کورسییە، داوای پۆستەکانی حکوومەت و پەرلەمان بکات، بێگومان پارتی لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد بە گشتی و ئاڤاکردنی کوردستانێکی بەهێز بەتایبەتی ڕەنگە تارادەیەک ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت بۆ ڕازیکردنی یەکێتی نەرمی بنوێنێت. بەاڵم ئەوەی لێرەدا بۆ پارتی قورسە ئەوەیە، ئەستەمە بتوانێ داوای جەماوەر و دەنگدەرەکانی پشتگوێ بخات و بەهەند وەرنەگرێت، کە داوا دەکەن حزبەکەیان دەست لە ئستیحقاقی خۆی لە هەڵبژاردنەکان هەڵنەگرێت و هەر بەو پێوەرەش سەردەری لەگەڵ لایەنەکانی دیکەشدا بکات، بەتایبەتیش یەکێتی، ئاخر بۆ جەماوەر و دەنگدەری پارتی زۆر قورس و گرانە تەحەمولی ئەوە بکەن، بۆ ڕازیکردنی لایەنێک کە باڵێکی دیاریکراوی ئەو لایەنە خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەری ئەنجامداوە و دەرفەتی سەربەخۆیی کوردستانی لەباربردووە. حزبەکەیان (پارتی) دەست لە ئیستحقاقی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵبگرێت .

کەواتە قورسی ئەرکی پارتی بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەمەدایە: لە لایەکەوە لەژێر گوشاری جەماوەرە دڵسۆزەکەیدایە و لە لایەکی دیکەشەوە تمومی ئەوەی هەیە دوای پێکهێنانی حکوومەت بە جدی کار بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەڵێنانە بکات کە بە جەماوەرەکەی داوە. من پێمواییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعە تاڵە دەبێت جەماوەری دڵسۆزی پارتی هەست بەو ئەرکە قورسە بکات کە لەم بارودۆخەدا لەسەر شانی حزبەکەیانە. چونکە پارتی ناتوانێت وەکو لایەنەکانی دیکە لە ئاست ئێستا و ئایندەی کورد و بەرژەوەندییە باڵاکانی بێ باک بێت. ئەگەر خەمی لایەنەکانی دیکەش، خەمی بەدەستهێنانی پۆست و ئیمتیاز بێت لە حکوومەتدا، ئەوە خەمی پارتی خەمی ئاڤاکردنی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر و ئارامە، خەمی پارتی خەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە خەڵکی سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان.



چاوشۆڵو: تورکیا و ئەمەریکا جارێکی دیکە لەبارەی منبج کۆدەبنەوە

وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاندووە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای منبج لە ناوچەکانی دیکەیش لە ڕۆژانی داهاتوودا تیمی تورکیا و ئەمەریکا کۆدەبنەوە. مەولود چاوشۆڵو لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە واشنتۆن بۆ میدیاکارانی تورکیا لەبارەی سەردانەکەی بۆ نیویۆرک و واشنتۆن ئاماژەی بەوەدا کە لە میانی ئەم سەردانەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و ڕاوێژکاری ئاسایشیی نیشتمانی، جۆن بۆڵتۆن کۆبوونەتەوە، گوتیشی: لە کۆبوونەوەکەماندا لەگەڵ پۆمپیۆ لەبارەی چۆنییەتی بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانمان، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، چاوەڕوانییەکانمان لە ئەمەریکا دواین کە لە نێویاندا گولەن و هەماهەنگی ئەمەریکا لەگەڵ یەپەگە لە سووریا بووە. لەمبارەیەوە جگە لە دەربڕینی نیگەرانییەکانمان لەبارەی ئەوەیشەوە دواین کە پێویستە چی بکرێت. گوتیشی: لەگەڵ هاوتا ئەمەریکییەکەی تاوتوێی نەخشەڕێگای "منبج"یشیان کردووە که ئەم نەخشەڕێگایە تەنها پەیوەندی بە منبج–ەوە نییە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژهەاڵتی فورات لەگەڵ باکووری سووریایشەوە هەیە، تاوتوێی ئەوانەشمان کرد کە لە لایەکەوە نەخشەڕێگای منبج جێبەجێدەکرێت، پێویستە لە لایەکی دیکەوە دەستبکرێت بە گفتوگۆکردن لەبارەی ئەوەی کە پێویستە چی بکەین.



ئەحمەد شەریفی:
حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی دەکەوێت

ئەگەرچی هێشتا حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بە تەواوەتی پێکنەهێنراوە، بەاڵم شیکەرەوە سیاسییەکان هۆشداری لە ململانێ تونەدکانی نێو ماڵی شیعە دەدەن.

ئەحمەد شەریفی، شیکەرەوەی سیاسی عێراقی ڕایدەگەیەنێت، بە هۆی ململانێی توندی نێوان هاوپەیمانی سائیروونی و موقتەدا سەدر و هاوپەیمانی فەتحی هادی عامری، حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی لە 100 ڕۆژی دوای پێکهێنانی دەکەوێت. ئەو شیکەرەوە سیاسییە عێراقییە ئاماژەی بەوەشکردووە، عەبدولمەهدی ناتوانێت ئەو بەڵێنانە بباتەسەر کە بەر لە پێکهێنانی حکوومەت داویەتی.

بە گوێرەی کوردستان 24 ئەحمەد شەریفی ڕایگەیاندووە، تا ئێستا عەبدولمەهدی نەیتوانیوە کابینەکەی بە تەواوەتی پێکبهێنێت و ناتوانێ هیچ خزمەتگوزارییەکیش پێشکەشبکات. شەریفی ڕوونیشی دەکاتەوە، بە هۆی ململانێ سیاسییەکان لەسەر پۆستەکان، کارکردنی حکوومەت لاواز بووە، ئەوەش لە جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەت لە چەند ساڵی داهاتوودا ڕەنگدەداتەوە. ئەو شیکەرەوە سیاسییە جەخت لەوەشدەکاتەوە، وردە وردە ململانێکان تونەدتر دەبن تا دەگاتە ئاستی کەوتنی حکوومەت و دووبارە سەرهەڵدانی کێشمەکێشی ڕاگەیاندنی گەورەترین کوتلە و دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ. شەریفی ئاماژە بەوەش دەکات، ئێستا عەبدولمەهدی لە هەڵوێستێکی نالەبارایە، چونکە تا ئێستاش متمانەی حکوومەتەکەی لە مەحەک و بە تەواوەتی جێگیر نەبووە.



غیاس خالد زێباری

حکومەتا داهاتی یا هەرێمێ ژبۆ ب هێزکرنا کوردستانێیە

هەرچەندە هێشتا پەرلەمانێ نوو یێ کوردستانێ کەسێ مەزنترین لیستا پەرلەمانی بۆ پێک ئینانا کابینا نوو یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ نە راسپاردی یە، لێ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک مەزنترین لیست دووبارە نێچیرڤان بارزانی دەستنیشان کریە بۆ پێکئینانا کابینا داهاتی، کەسێ راسپارتی بۆ ئێکئینانا حکومەتێ ژی هێشتا دەست ب سەردانا لیست و قەوارەییێن سەرکەفتی نەکریە، لێ شاندا پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ریکخۆشکرن بۆ سەردانێن نێچیرڤان بارزانی بۆ وان لایەنا دەست ب سەردان و کۆمبوونا کریە و هێشتا زەلال نەبوویە کی حزب دێ پشکداری حکومەتێ کەت و کی دێ بیتە ئۆپۆزسیۆن.

لێ گاڤێن نێچیرڤان بارزانی یێن دوومانیا ژیێ کابینا نها دیاردکەن کۆ کابینا داهاتی دسەرۆکایەتیا وی دا دێ کابینا بهێزکرنا کوردستانێ بیت کۆ دژشمێ پارتی دیموکراتی کوردستانە، بتایبەت لسەر ئاستێ پەیوەندییێن دگەل عیراقێ و بنبڕکرنا ئاریشە و ناکۆکییێن دناڤبەرا هەردوو ئالیان، نەخاسمە ژلایێ ئابووری و پرسێن نەفت و گازێ، دووبارە فرۆتنا نەفتا کەرکووکێ د ریکا بۆرییێن هەرێما کوردستانێ و تورکیا و بەردەوامیا دابەشکرنا مۆچێ فەرمانبەرا و دەسپێکرنەکا پرۆژێن خزمەتگوزاری. ئەڤە ئامانژەنە کۆ بریارا پارتی بۆ دووبارە دەستنیشانکرنەڤا نێچیرڤان بارزانی بۆ پێکئینانا کابینا داهاتی بریارەکا دجهێ خودایە و پارتی بسەرۆکایەتیکرنا حکومەتا نوو دێ دیرۆکەکا نوو یا پڕ سەرەوری تۆمارکەت لسەر ئاستێن جودا جودا، کابینا نوو دێ بیتە کابینا بەختەوەریا خەلکێ کوردستانێ و گەشەبوونا ئابووری و دارایی و پاراستن و بهێزکرنا دەسکەڤتێن نەتەوی و نیشتمانی و ب سازیترکرنا حکومەتا هەرێمێ و سەرەوریا یاسایێ و پاراستنا پرنسیپێن دیموکراسی و مافێ مرۆڤ.

ژبەرکۆ حکومەتا داهاتی یا بڤی رەنگی ژبوو ب هێزکرنا کوردستانێیە و دێ بیتە جهێ رەزامەندی و پشتەڤانیا پرانیا خەلکێ کوردستانێ، ڕۆلێ ئۆپۆزسیۆنێ دێ لاواز بیت، ئەو حزبێن بەرەیێ ئۆپۆزسیۆنێ هەلدبژێن نەشێن جادێ دژی حکومەتێ بکارہیێن.

هەرچەندە ڕۆلێ ئۆپۆزسیۆنێ زۆر ل ڕۆلێ دەسهەلاتێ کێمتر نییە بۆ بەرژەوەندیێن گشتی، لێ لدەمێن بووری حزبێن ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزسیۆن بوونا خۆ بۆ بەرژەوەندیێن سیاسی بکاردئینا و لجێ رەنکێن ئاڤاکەر بگرن و بەرامبەر داخازییێن خەلکێ ریکێن یاسایی بگرنە بەر، درۆشمێن هەرفاندنا حکومەتێ بلند دکرن، ئەڤەژی بۆ دژایەتیا پارتی بوو، هەر وەکی بچەک و ڕەفتارێن دوور ل ڕەوشتێ ئۆپۆزسۆن بوونێ و جڤاکێ کوردستانێ هێرش دبرنە سەر بارەگایێن پارتی.

ب دیتنا من نێچیرڤان بارزانی وەکی سەرۆکێ داهاتی یێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ب پرۆژە گاڤێن پڕ خزمەت و کردارکرنا درۆشمێ پارتی بەرەڤ کوردستانەکا بهێز دێ مەزنترین ئاستەنگ و ریگری بەرامبەر ئۆپرسیۆنا کوردستانێ درۆست کەت.

ئەز باوەرم پشکەکا ئالییێن سیاسی یێن ئۆپۆزسیۆن، مینا بەرێ دێ دژبەریا ڤان گاڤێن حکومەتێ کەن و هەول دەن روویێ گەشێ حکومەتا داهاتی بەرۆڤاژای بکەن ، چونکی لسەر بنەمایێ دژبەریا پارتی دیموکراتی کوردستان پەروەردە بوونە و پێگەهشتی نە، ئەگەر پارتی کوردستانێ بکەتە پێشکەڤتیترین وەلاتێ جیهانێ ڤان ڕەفتارێن خۆ بەرنادەن..! چونکی بریار و راسپاردان لدەرڤەی هەرێما کوردستانێ وەردگرن، بۆ تێکدانا ڕەوشا کوردستانێ.

لێ ئەڤ پیلانێن وان سەرناگرن و جادا کوردستانێ دێ خزمەتێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەرچاڤ وەرگریت، دێ شێنێ بێژین پلان و بەرنامێن هەمە لایەنە یێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ بسەرۆکاتیا نێچیرڤان بارزانی بۆ خزمەتا کورد و کوردستانێ و بەرژەوەندێن گشتی، دێ ڕوولێ ئۆپۆزسیۆنێ لاواز کەت و بۆ خەلکی ژی دیار بیت کۆ ڕەفتارێن وان یێن بەرێ دژی حکومەتا هەرێما کوردستانێ، نە بۆ خاترا چاڤێن خەلکێ کوردستانێ بوو ، بەلکی بۆ بەرژەوەندێن تایبەت و حزبی و بەردەوامیا کەرب و کینێ بوو دژی پارتی، بن سیبەرا ئۆپۆزسۆنێ و سەردابرنا خەلکەکێ هەرزەکار ژلایێ تەمەنی و ئاستێ هشیاریا سیاسی و نەتەوی.

ڕۆژیگرتن ل دەڤ ئێزدیان خێرەکا مەزنە



مەهدی حەسەن مراد

هەر ئاین و مللەتەکی ب رەنگەکی ڕۆژیگرتن هەیە و لدیف باوەریا هەر ئاینەکی ڕۆژیگرتن خێرەکا مەزنە و فەرزەکا ئولی یە پێ د هێنە سپاردن و فەرە مروڤ ڕۆژیێ بگرت دا ب پرسێ و بەلنگازیێ ب حەسێت و ئاگەھ ژ خەلکێ هەژار و بەلنگاز هەبت وەکی د باوەریا هەر ئاین و مللەتەکی دا هاتی، لێ وەکی دیار هەمی ڕۆژیێن ئێزدیان یێن خێر و فەرز د جیگرن ل دەم وەختێ خو ل سالێ ئەڤ ڕۆژ ئێزی ژی د کەڤنا دئینی یا ئێکێ ژ مەها کانوونا ئێکێ ب هژمارا ڕۆژهلاتی هەر سال دبنە ڕۆژیێن مە ئێزدیان.

لێ ژ بەر پیرۆزی و گرنگیا ڕۆژیا کو د باوەریا ئێزدیاندا ڕۆژیگرتن فەرزەکا ژ فەرزێن تەریقەتێ کو ریبازا ئێزدیاتییە و مرۆڤێ ئێزدی د ژیانا خودا پەیرەو دکەت و ب ڤێ ریبازێ وەک ئێزدیەک د ئێتە ناسین، دێ بینی ئێزدی بەری ڕۆژیێن ئێزی ب چل ڕۆژی وەسا دێ خەلکێ مە رادبنە ڕۆژیا وتایبەت ل هێڤارا ڕۆژا چارشەمبوویێ ب ڕۆژی دبن کو هەر کەسەک ژمارەکا ڕۆژیا د گرن زیدەباری ڕۆژیێن ئێزی ب ڕۆژی دبن هەتا ڕۆژیێن ئێزی دهێن و دبتە جەژن لێ ژبەر ئەڤ رەنگیا ئەم ڕۆژیگرتنێ ناکەین و ئەڤ ڕۆژ ب ڕۆژ ژ یادا دچن و ژ بیرا دچن و ئەم ژ بیرا دکەین کو ئەڤ ڕۆژ ڕۆژێن چەوە و ئەم ژ کیڤە ئەڤ ڕۆژ هاتینە ڤێ جیهانێ و ئەڤ ڕۆژ ڕۆژێن چ مەزنیێ و پیرۆزیێ ل سەر ژیانا مرۆڤێ ئێزدی هەنە.

ڤان ڕۆژیا ژ خودێ تەعالا د خازن ب گەهن مرازێن خو، هەر چەندە د باوریا مە ئێزدیان دا ڕۆژیگرتن بۆ خودێ یە، ئەڤ چەند ژی وێ یەکێ دیاردکەت کو خودێ مەزن و پاک و دلۆڤان مرۆڤ ژ هەمی خولیاقەتێ خو بتر ڤیایە و حەز ژێکریە لەورا ئەڤ کەرەمە دگەل کریە، دڤێت مرۆڤ ژی هەر دەم هزرا کارێن باش بکەت مینا دوعا و ڕۆژیگرتنێ و خێر خوازیێ ژبەر ڤێ چەندێ ئێزدی بتری هەر ئاین و مللەتەکی هەی ل جیهانی ڕۆژیا د گرن بەلێ وەک فەرز (3) ڕۆژیێن ئێزی نە بو خودێ مەزن و دلۆڤان د هێنە گرتن،بەلێ وەک خێر گەلەک ڕۆژی دناڤا ئێزدیاتیێ دا هەینە، هەر بو زانین (92) ڕۆژی کەسانێن ئولی وچەگر و دیندار و جڤاتا روحانی و هەر ئێزدیەکی بڤێت ب ڕۆژی دبن بلی ڕۆژیێن ئێزی و ئەڤ ڕۆژیێن بەری ڕۆژیێن ئێزی ئەڤێن دبێژین خیرەن کو پتریا ئێزدیان ب ڕۆژی دبن دڤیا ب زانین سالێ نێزیکی 100 سەد ڕۆژی ئێزدی ب ڕۆژی دبن ئەو ژی بڤی رەنگی لخارێ ئێزدی ڕۆژیان دگرن:

1- ل چلێ زڤستانێ ئێزدی وەک چلەگر و جڤاتا روحانی و کەسانێن ئایینی وەکو کەسەکی بڤێت (40) چل ڕۆژی ب ڕۆژی دبن دبێژنێ ڕۆژیێن چلێ زڤستانێ.

2- ل چلێ هاڤینێ ئێزدی وەک چلەگر و جڤاتا روحانی و کەسانێن ئایینی وەکو کەسەکی بڤێت (40) چل ڕۆژی ب ڕۆژی دبن دبێژنێ ڕۆژیێن چلێ هاڤینێ.

3- هەر وەسا (3) سێ ڕۆژیێن دیتر هەینە ئێک بو خودانێ و ئێک بو شێخێ خو و ئێکێ بو پیرێ خو هەر ئێزدیەکی هەی فەرە ڤان هەر سێ ڕۆژیا ب گرت.

4- ڕۆژیێن خدر و ئەلیاس بتریا ئێزدیان ڤان هەر (3) سێ ڕۆژیێن نەبی خدر و ئەلیاس ب ڕۆژی دبن و ڕۆژا چارێ د کەنە جەژن.

5- ڕۆژیێن شیشمس کو د باوەریا ئێزدیان دا مەفەرا، ئێزدییێن ل وەلاتێ خالتیا و یێن نها ل شنگالێ و وەلاتێ شێخ و هەر جهەکی هەیێن د گەل ڕێژەکا زور ژ ئێزدیان (3) ڕۆژیان بو شیشمس ب ڕۆژی دبن، ل ئینیا بەری ڕۆژیێن ئێزی.


6- ڕۆژیێن باتیزمێ چەندین مریدێن پیر ئالی و چیلکانن (3) ڕۆژیا ب ڕۆژی دبن پشتی ڕۆژیێن ئێزی و ڕێ و ڕەسمێن تایبەت هەنە ب ڤان ڕۆژیا.

7- ڕێژەکا زور ژ ئێزدیان هەر کەس ژمارەکا ڕۆژا ب ڕۆژی دبن بەری ڕۆژیێن ئێزی وەک خێر بۆ خودێ تەعالا.

8- هەر بۆ زانییێن دناڤا جڤاکێ ئێزدیان دا هەینە هندەک شکەستی و ئولدار و کەسانییێن ئاینی سەرتا سەری سالێ هەمی ڕۆژێن چارشەبویا ب ڕۆژی دبن د گەل چلێ هاڤینێ و چلێ زڤستانێ.

دیسا تشتێ هەری باش د ئێزدیاتییێ دا جوداهی ژ ئاین و ئولیێن هەین ئەرکێ ئولی هندەک ژێ ڤاڤارتینە وەک ڕۆژی گرتن فەرە هەر مروڤەکی ئێزدی سێ ڕۆژیێن ئێزی بو خودێ تەعالا ب ڕۆژی بن ئەڤە فەرزەکا ژ فەرزێن تەریقەتێ، بەلێ چلێ هاڤینێ وچلێ زڤستانێ فەرزە ل سەر چلەگرە و جڤاتا روحانی و شکەستییێن مالا شێخادی و ڕۆژین دیتر هەمی خێرن، و هەر بوزانین هەمی ڕۆژیگرتن ب ئێک سیستەم د هێنە گرتن یێن خێر و یێن فەرز پشتی نیڤا شەڤێ؟ پاشیڤێ دخۆن و دگەل تاری گەورکێ دبتە دەڤگرتن، دەڤگرتن ژی ئەوە: نابت مرۆڤ هیچ تشتەکی بخۆت و ڤەخۆت و دڤێت خۆ ژ هەموو پەیڤێن خراب و گوننەهە و بەدکاری یا دوور بکەت، هێڤاری بەری ڕۆژئاڤا ڕۆژیگر دەست و چاڤێن خۆ دشۆن و خۆ پاک و تەمییز دکەن و بەر ب ڕۆژئاڤا ڤە پەروەستەی خودێ دبن و دوعایا هێڤاری دکەن، پشتی ڕۆژئاڤا دبتە فتار، ڕۆژیگر ب دەستووری خودێ فتاردبن.

بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا



عەدنان کەریم

بە دریژایی مێژوو و لەماوەی دەیەها سالی رابردوودا، ئەزموون و راستیی گەشەسەندنەکانی ساسیی و هەتا سەربازیش سەلماندوویانە، پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی، بەردەوام بە بەکارهێنانی (ئابووریی)، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی (سیاسیی) بەستراوەتەوە، ئەگەر جۆر و ئاراستەکانی بە هەر شێوەیەک بێت، ئەوەش پێویستی بە دابینکردنی پارە دەبێت، کە هەندێجار بێ سنوور دەبێت، بۆ ئەوەی باربووی پرۆسەکانی سەربازیی بکات، یان دەستەواژەی چەکی جۆراوجۆری پێ ئەنجام بدرێت، کە رەنگە رۆڵی لە رووداتی گۆڕانکاریی (جیۆ پۆلیتیکیی)دا هەبێت، ئەوە ئێستا لە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا بەدی دەکرێت، کە کۆنترۆڵی گەشەسەندنەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە.

کە ڕووسیا لە 30 ئەیلولی 2015 دەستی بە دەستوەردانی سەربازیی لە سووریا کرد، لەبەرچاو گرتنەکانی سیاسیی، پاڵنەری سەرەکیی بوون، زیاتر لە پاڵنەرەکانی ئابووریی، بەڵام لەگەڵ چەقاندنی بەرە بەرەی قاچەکانی، دەرفەتێکی گەورەی لەبەردەمی خۆی بینی، بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی فراوان بکات و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا مسۆگەر بکات. ئەمڕۆکەش، دوای سێ ساڵ ونیو، ڤلادیمێر پۆتین، لە ئامۆژگارییەکانی قەیسەر پوتروسی گەورە (یەکێ لە گەورەترین قەیسەرەکانی ڕووسیایە)، کە 400 ساڵ پێش ئێستا کردوونی، چی بەدەستهێناوە؟ ئامۆژگارییەکە دەڵێت، ئەگەر ڕووسیا بیەوێت وەکوو نەتەوەیەکی بەهێز و گەورە بمێنێتەوە، دەبێت سێ مەرج لە سیاسەتی دەرەوەی بەدی بێنێت:

یەکەم، دەبێت بگاتە زەیاری هێمن، هەتا ئەگەر ناچار بێت، مللانێ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی فارسیشدا بکات.

دووەم، دەبێت بگاتە ئاوە گەرمەکان لە دەیاری ناوەڕاستدا، هەتا ئەگەر ناچار بێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش وێران بکات.

سێیەم، دەبێت باشترین پەیوەندیی و هاوپەیمانیی لەگەڵ سووریا هەبێت، لەبەر پێگە (جیۆ ستراتیژییەکەی)، کە سێ کیشوەر، ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقیا بەیەکەوە گرێ دەدات. بۆیە زیاتر لە 60 ساڵە، سووریا بە گرنگترین هاوپەیمانی ستراتیژیی ڕووسا لە ناوچەکە دادەنرێت، مۆسکۆش لە میانییەوە بەشێکی گرنگیی سیاسەتی دەرەوەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەبات، سووریا بە بنەکەیەکی گرنگیی بەرژەوەندییەکانی ئابووریی و سەربازیی ڕووسیا دادەنرێت.

لە کانونی دووەمی 2017 ڕووسیا و سووریا، ڕێکەوتنێکیان واژوو کرد، کە بۆ ماوەی 49 ساڵ درێژ دەبێتەوە، ئەگەری درێژکردنەوەشی بۆ 100ساڵ هەیە، لە چوارچێوەی وەبەرهێنانی گەورەی ڕووسیا لە پرۆژەکانی وزەدا (نەوت، غاز و هێڵەکانی بۆری). ئەو وەبەرهێنانەش دەتوانێت، یارمەتی مسۆگەربوونی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا، لە نەوت و غازی عێراق بدات، کە کۆمپانیای (سترۆیتەر ئینسغاز) ڕێکەوتنی لەگەڵ بەغدا کردووە، بۆ گێڕانەوەی هێڵی کەرکوک- بانیاس. لە لوبنانیش، کۆمپانیای (نۆڤاتەک)ی ڕووسی، هاوبەشیی کردووە، بە ڕێژەی 20% لە گەڕان و وەبەرهێنان لە هەردوو بلۆکی ژمارە 4 لە باکوور و ژمارە 9 لە باشووردا.

هەوزی دەریای ناوەڕاست، لەنێو دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهانە لە غازدا، ئەوەی سووریای هەیێت، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەروازەی ئاسیا و کلیلی مانی ڕووسیاشی دەبێت (بە گوێرەی کاترینی دووەم)، لەگەڵ یەکەم ڕێگەی ئاوریشم (بە گوێرەی ستراتیژیەتی چین)، چونکە دەتوانێت کۆنترۆڵی سیستەمی ئابووری جیهان بکات. لێرەوە دەتوانین لەو هۆکارانە بگەین، کە وای لە ڕووسیا کردووە، دەست بە مانەوەی لە سووریا بگرێت، ئامادەشە جەنی جیهانی بەرپا بکات، بۆ بەردەوامی هەژموونی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەو ناوچە بژوێنەدا. لەبەر ئەوەی ئامانجی ستراتیژیی، هەناردەکردنی غازە لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ ئەورووپا، تورکیای وەکو گرێی چارەسەریی لە هاوکێشەکە قبووت کردووەتەوە، هەنگاوەکانیش بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی (لیتەی تورکی) خێرا بوونە، کە لەدوو هێڵ پێکدێت، یەکەمیان تایبەت دەبێت بە گواستنەوەی غاز بۆ تورکیا، بۆ دابینکردنی پێدواستییەکانی، دووەمیشیان بۆ گواستنەوەی غازی ڕووسیا بۆ ئەورووپا. زێدەباری وەبەرهێنانەکانی بێجگە لەکەرتی نەوت لە میسڕ، کە بڕەکەی 66 ملیۆن دۆلارە و 434 پڕۆژە دەگرێتەوە، ڕووسیا چاو دەخاتە سەر وەبەرهێنانێکی ستراتیژیی، کە نەوت، غاز، پیشەسازی گەورە و کارەبا لە وزەی ئەتۆمی دەگرێتەوە، بەهاکەشی بە 40 ملیار دۆلار دەمخلێندرێت، ئەوەش بۆ مسۆگەربوونی بەرژەوەندیی و هەژموونەکەی، نەوەکو بەتەنیا لە میسڕ، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیاشدا. تەنیا ماوە ئامانژە بەوە بکەین، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دەزگای عەرەبیی بۆ مسۆگەریی وەبەرهێنان، ڕووسیا لە سەرووی لیستی گرنگترین وەبەرهێنەران لە ناوچەی عەرەبیی دێت، بە بەهای 32.8 ملیار دۆلار لە ساڵی 2017دا.

و: ڕەمزی میرەکانی



ئاستەنگ و ئەرکەکانی کەرتی گەشتیاری لەبەردەم کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان



نادر روستی

12 کێشەی سەرەکی کە 94 هۆکار و 18 پێشنیار بۆ چارەسەر لە خۆدەگرێ، هەندێکیان کۆنترۆڵ دەکرێن و هەندێک کۆنترۆلیان سەختە یان ماوەیەکی درێژی پێویستە، گرنگە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کارکردنی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دابن و بە دید و لۆژیکێکی کارگێری و ئابووریانە مامەلەیان لەگەڵ بکرێت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە زنجیرەک وتار کێشە و هۆکارەکان و ئەرکەکان و پێشنیار و چارەسەرەکان بخەمەڕوو:

1

چەند زانیاریەکی پێویست

گەشتیاری لە جیهان بۆتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتان بە تایبەت وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و چین و بەریتانیە...، داهاتی گەشتیاری لە ساڵی 2017 گەیشتە (1ترلیۆن و 400 ملیار دۆلار)، کە زیاتر لە 10%ی داهاتی جیهان پێکدەهێنێت. ژمارەی گەشتیاران لە 2017 لە جیهان گەیشتە (1ملیار و 300ملیۆن) گەشتیار، ئەمریکا زیاتر 200 ملیار دۆلار داهاتی هەیە و بە یەکەم وڵات دادەنرێت لە رووی داهاتی گەشتیاری، فەرەنساش بە 89 ملیۆن گەشتیار بە یەکەم وڵات لە ژمارەی گەشتیاران لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت، لە 10 هەلی کار یەک هەلی کارلە کەرتی گەشتیاریە لە جیهان.

لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە 3 هەزار شوێن و ناوچەی گەشتیاری هەیە کە شوێنی مانەوە و خواردن و شوینی سروشتی و مرۆی و چالاکی پێک دەهێنن: (620 هۆتێل، 360 موتێل، 90 گوندی گەشتیاری، 1800 ریستۆرانت و کافێ، 170 شوێنی سروشتی و مرۆیی و جۆراوجۆری تری کات بەسەر بردن)، ئەگەر هەرشوێنێک 5 هەلی کاری رەخساندبێت دەکاتە 15 هەزار هەلی کار، 15 هەزار هەلی کاریش ناراستەوخۆ لە کەرتەکانی دیکە بە هۆی گەشتیاری دروست دەبێت، کەواتە زیاتر لە 30 هەزار هەلیکار فەراهەم دەبێت، هەرچەندە گەشتیاریش پیش بکەوێت و شوینی گەشتیاریش زۆر دەبێت و هەلی کاری زۆرتر دەرەخسێت. ئەگەر هەر هەلی کارێک 500 هەزار دینار دەسکەوتی بێت، دەکاتە 15 ملیار دینار.

سەبارەت بە ژمارەی گەشتیارانیش ئەگەر 2 ملیۆن گەشتیار سالانە بیتە هەرێم و هەرگەشتیارێک مەزندەی 300 دۆلاری خەرجی بۆ بکرێ ئەوە 600 ملیۆن دۆلار دێتە بازارەکانی هەرێم، داهاتی حکومەتیش لە رێگەی رسومات و باج و کرێی مساتەحە کۆدەکرێتەوە، بۆمونە ئەگەر بەمەزندە وەربگرین سالانە 5 ملیار رسومات بێت و 5 ملیاریش باج بێت داهاتی حکومەت دەگاتە زیاتر لە 10 ملیار دینار. باسی سوودەکانی ناراستەوخۆی گەشتیاریش ناکەین کە دەبێتە هۆی بوژانەوەی گوندەکان و ساخ کردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و میوەجاتی گوندەکان.

بۆچی کێشەکانی گەشتیاری وەک خۆی نەخراونەتەڕوو؟

14 ساڵە لە بواری گەشتیاری بابەت دەنووسم و بەدواداچوون بۆ پیشخستن و کێشەکانی بەردەم کەرتی گەشتیاری دەکەم. 3 کتێبم لە بارەی گەشتیاری هەرێم نووسیوە و 5 توێژینەوەم کردوە و زیاتر لە 1000 بابەتی رۆژنامەوانیم لە بواری گەشتیاری کردوە و ناوەکانیان لام تۆمارە، سەرجەم ئەوانەی دیدارم لەگەڵ کردوون زۆربەیان گەواهی پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاریان لەم چەند ساڵەی دوایی داوە و لە هەمان کات رەخنەیان لە پێشنەکەوتنی کەرتی گەشتیاری هەبووە و هەریەکەو چەند رەخنەیەکی هەبووە، بەهۆی کەمی چاودێری و دووریان لە کارە پراکتیکیەکانی پیشخستنی کەرتی گەشتیاری زۆرجار رەخنەی هەندێکیان لە شوێن خۆی نەبووە، کە هۆکارەکەشی بۆ کەمی زانیاری و تێڕوانینی رووکەشی هەندێکیان لەسەر کەرتی گەشتیاری بووە، بەڵام تاکو ئەمڕۆ شارەزایەک یان دکتۆرێک کاری تایبەتی لەسەر ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم کەرتی گەشتیاری نەکردووە، یان باشترە بڵێم من نەمبینیوە، بۆیە پێمباش بوو بیکەم بە نیمچە تویژینەوەیەک و بەدواداچوونێک و بیخەمە ڕوو بۆ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت کابینەی نوێی حکومەت بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ دیار بکرێت و گەشتوگوزاریش بکرێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات. هەرچەندە دەستەی گشتی گەشتوگوزار ستراتیژیەتێکی بۆبابەتەکە دارشتووە، بەڵام کەمترین پاڵپشتی کراوە و ئەوەی من باسی دەکەم زۆربەی بەدەرە لە ستراتیژەتەکە. ڕەنگە زۆربەمان بە زمانێکی سادە بڵێین:

(گەشتوگوزار گرنگی پێنەدراوە، پێویستە گەشتوگوزار پێش بخرێت)، ئەم دوو دەستەواژەیە زۆر جار بەکاری دەهێنن، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە چۆن ئەم دەستەواژەیە رێکدەخرێت و پراکتیزە دەکرێت؟ کەواتە پێویستە لە چەمکێکی سادە بیگۆڕین بۆ شرۆڤەیەکی لۆژیکی و بە وردی خاڵەکان و هۆکارەکان و چارەسەریەکان دەستنیشان بکەین.

گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان پێشوەچوونی بە خۆیەوە بینیووە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک کێشە و ڕێگری و کەموکوڕی نەبوایە گەشتوگوزار زۆر لەوەی هەیە خێراتر و باشتر گەشەی دەکرد. کێشەکان جۆراوجۆرن و لەسەرجەم ئاستەکان کێشە هەیە: (حکومەتی عێراق، سەرۆکایەتی حکومەت، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گەشتوگوزار، وەزارەتە پەیوەستەکان، کەرتی تایبەت، کۆمپانیاکان، خوێندن، ڕاگەیەندنەکان، کۆمەڵگە، هاوڵاتی، شوێنەوار). هەرچەند هەندێک لە کێشەکان چارەسەریان ئەستەمە، هەندێکیشیان پێویستیان بە چارەسەری درێژخایەن و پلانی ستراتیژیە، هەندێکیش پێویستی بە لایەنی مادەیە و هەندێکیش پەرەپێدانی توانای مرۆیی. بە باشی دەزانین یەک بەیەک ئاماژەیان پێبدەین:

کێشەکان و ڕێگریەکان و کەموکوڕیەکان چین؟

1- لەسەر ئاستی عێراق

* ناوبانگی عێراق: عێراق بە وڵاتێکی نا ئارام و ناوچەیەکی شەڕ ناسراوە، گەشتیار زۆر بە ئاستەم ڕووی تێدەکات، هەرێمی کوردستان بە بەشێک لە عێراق هەژمار دەکرێ بۆیە ناوبانگی عێراق و دەوڵەتی عیراق بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەە وایکردووە گەشتیار نەتوانێت بە ئاسانی بڕیاری گەشت بۆ ناوچەکە بدات، هەندێک لە وڵاتانیش ڕێگری لە هاوڵاتیانیان دەکەن کە گەشت بۆ عیراق و ناوچەکە بکەن چونکە دەڵێن ژیانیان نەپارێزراوە.
* ڕیزبەند کردنی عێراق لە گۆڤار و ڕاپۆرتە جیهانیەکان کە زۆرجار بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە هەڵسەنگاندن بۆ عێراق دەکرێت و هەندێک جار بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت.
* نەبوونی دەسەڵات بۆ پێدانی ڤیزە یان هەڵگرتنی ڤیزە، یان هەرگۆڕانکاریەک کە تایبەت بە هەرێمی کوردستان بێت و کارئاسانی بۆ گەشتیار بکات. ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆ بواین دەمانتوانی وەک هاندان ڤیزە لە نێوان کوردستان و هەندێک وڵات هەڵبگرین و لە کاتی پێویستیش بۆ هەندێک وڵات پارە لە ڤیزە پێدان وەربگرین و بیکەین بە داهات.
* نەبوونی هێلی فڕۆکەوانی تایبەت بە کوردستان: ئەگەر وڵات بین و کۆمپانیای هێلی تایبەتمان هەبێت ئەوە داهاتی گەشتیاری لە ڕێگەی هیلەکانی فڕۆکەوانی بۆ کوردستان زیاد دەبێت.
* عێراق خاوەنی ئاسمانی کوردستانە، نەبوونی خاوەندارێتی ئاسمانی فڕۆکەوانی. هەروەها کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەخانەکانیش هەندیک جار ڕەنگە کێشە دروست بکات، بەو هۆیە هەندێک جار کێشە بۆ گەشتەکان دروست دەکرێت، ئەمەش بێمتمانەی بۆ گەشتیار لەو ناوچەیە دروست دەکات.
* نەبوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهان بە هۆی عیراق. ئەگەر ئەندام بین ئەوە کوردستان زۆر زیاتر لە رووی گەشتیاری دەناسرێت و متمانەی زیاتر بە دەست دەخات و لە کۆنفرانسەکانی جیهان بەشدار دەبێت و چالاکی دەکات و گەشتیار و کۆمپانیی جیهانی ڕادەکێشێت، هەروەها دەتوانێت سوود لە توانای مرۆیی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهان وەربگرێت.
* بەشداری پێنەکردنی شاندی گەشتوگوزاری هەرێم لەگەڵ شاندەکانی دەستەی گەشتوگوزاری عێراق بۆ کۆنفرانس و پێشانگاکانی جیهانی. هەرچەند زیاتر بەشداری پێشانگا و کۆنفرانسی جیهانی بکەین باشتر کوردستان وەک ناوچەیەکی گەشتیاری دەناسرێت و متمانە دروست دەکات.

چەند پێشنیارێک بۆ چارەسەری کێشەکانی سەر ئاستی عیراق:

1- هەوڵبدرێ کە دەستەی گشتی گەشتوگوزاری عێراق بدرێت بە کورد، بۆ ئەوەی هەماهەنگی زیاتر لە ڕووی گەشتیاری لەنێوان عیراق و هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و چەند بڕیارێک لە بەرژەوەندی کوردستان دەربکرێ.

2- شاندی گەشتیاری عێراق بۆ پێشانگاکانی گەشتیاری نێودەوڵەتی کە سالانە زیاتر لە 10 پێشانگە و کۆنفرنس سازدەکرێ بەشداربکات و نوێنەرایەتی گەشتیاری کوردستانی لەگەڵ بێت، بۆ ئەوەی ناوبانگی ناوچەکە بگەڕێتەوە ومتمانەی کۆمپانیاکان و گەشتیاران دروست بکرێتەوە.

3- پێویستە کێشەی بە ئەندام بوونی هەرێمی کوردستان لە ڕێکخراوی گەشتیاری جیهان چارەسەر بکرێ، ئەگەر دەستەی گەشتوگوزاری عێراق بە کورد بدرێت، ئەوە کێشە بە ئاسانی چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر نەشدرێت بە کورد پێویستە چارەسەر بکرێت.

4- پێویستە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی جیهان، هەروەها نوێنەرایەتی عێراقیش لە وڵاتان گرنگی بە گەشتوگوزار و چالاکی گەشتیاری بدەن، یان بەشی گەشتیاری بکنەوە یان کەسێک بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکرێت و هەوڵی ناساندنی کوردستان بدات و کۆمپانیا و گەشتیار بۆ کوردستان و عێراق بنیرێن.

خشتەی ڕەوشی گەشتیاری جیهان 2017

گەشتیار: 1ملیار و 300 ملیۆن
داهات: تریلۆن و 400 ملیار $
هەلی کار: 10%
گەشەی گەشتیاری: 7%
یەکەم وڵات لە ژمارەی گەشتیار: فەرنسا 89 ملیۆن گەشتیار
یەکەم وڵات لە داهات: ئەمریکا 200 ملیار $

ڕەوشی گەشتیاری هەرێم

گەشتیار: زیاتر لە 2 ملیۆن
داهات: 600 ملیۆن $
هەلی کار: 30 هەزار
گەشەی گەشتیاری: 10%
شوێنی خواردن و نووستن و خزمەتگوزاری: 2850
شوێنی کاتبەسەربردن و سروشتی: 170





هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
پێنجشەممە 2018/11/22 ژمارە (5638)
خەبات

هەرێمی کوردستان... یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن (درووەدی خوای لەسەربێت) بەشکۆوە بەڕێوەچوو







بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی سەروەری مرۆڤایەتی پێغەمبەری مەزنمان محەمەد درووی خوای لێبێت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە وەکالەت بەیاوەری هەریەک لە بەڕێزان سەلام کەریم سیدان راوێژکاری وەزارەت، د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بە وەکالەت بە یاوەری هەریەک لە شێخ قاسم بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی، حاجی نوری یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر سەردانی چەندین مزگەوت و تەکیە و خانەقا و شوێنی پیرۆز و کرد کە ئاهەنگی یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزنی درودی خوای لەسەر بێت تێدا بەڕێوەدەچوو، دواتر سەردانی بازاری گەورەی شاری هەولێر و بازاری قەیسەری و خەڵکی کاسبکار و هاوڵاتیانی کرد و لەنزیکەوە پیرۆزبایی لە هاوڵاتیانی ئازیز و خۆشەویست کرد و هیوای سەرفرازی و بەختەوەری بۆ موسڵمانانی ئازیز خواست، زۆربەی ئاهەنگەکانی مەولودی پیرۆز لەسەر ئەرکی هاوڵاتیان خۆیان بۆ خۆشەویستیان بەرامبەر بە پێغەمبەری مەزن بەڕێوەدەچوون، دواتر وەزیری ئەوقاف و شاندی وەزارەت سەردانی ئاهەنگی ناوەندی لەپارکی ناوشاری هەولێر کرد کە بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی هەولێر بەهەماهەنگی چەند لایەنێکی تر ڕێکیان خستبوو کە تێیدا چەندین سروود و گۆرانی ئایینی لەلایەن هونەرمەندانی بەڕێزی شاری هەولێر پێشکەش کران.

دواتر لەنێو ئاپۆرای هەزاران کەسی شاری هەولێر بەڕێز وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی موسڵمانانی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کرد و ئاماژەیدا کە خۆشەویستی خاتەمی پێغەمبەران محەمەد درودی خوای لەسەر بێت هەموانی لێرە کۆ کردۆتەوە و هیواشی خواست کە ئەم یادە ببێتەی هەوێنی یەکریزی و ساخکرنەڤە، ل مزگەفتا مەزن یا ئاکرێ و ب بەرهەڤبوونا سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و بەرپرس و نوێنەرێن سازیین حزبی و حکومی و ڕێکخراوێن جەماوری و پیشەیی و ماموستایێن ئایینی و خەلکەکێ ئێکجار زۆر و ب هەلکەفتا ژ دایک بونا بەرنامەیەکی پتەودا لەسەرتاسەری هەرێم یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن دەکاتەوە.

هەروەسا ل باژێرێ ئاکرێ ژی مینا شارو شاروچکێن کوردستانێ ئاهەنگا ژ دایک بونا پێغەمبەری سلاڤێن خودێ ل سەر بن هاتە ساخکرن ب ئامادەبونا ژمارەکا زور یا وەلاتیان وبەرپرسێن دام ودەزگەهێن میری وحزبی وجەماوەری پێشکێش کر و ئاماژە دا گرنگیا ئەڤێ ڕۆژا پیرۆز د دیرۆکا ئیسلامێ دا و ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ کو چەوا ب دایک بوونا سەروەرێ مروڤایەتیێ پێغەمبەر شیا زولم و ستەمکاریێ نەهێلیت و ڕونا هیێ ل جهێ تاریستانیێ بەرجەستە بکەت و خەلکی ل بتپەرستیێ ڕزگار بکەتن و بەرەڤ خودێ پەرستیێ ڤە ببەن، دیسان ل شاروچکێن سەر ب قەزایا ئاکرێڤە ژی ئەڤ یادە ب ئاهەنگێن ئایینی هاتە ساخکرنەڤە و ب سرودێن ئایینی و بەلاڤکرنا شیرینیا ژی ئەڤ ئاهەنگە ب دویماهی هاتن.

ل دهۆک ژی ئێڤاریا ڕۆژا 20-11-2018ل پارکێ نەوروز ل سەنتەرێ باژێرێ دهۆکێ و درێ وەرسمەکێ تایبەت دا ئاهەنگا یادا ژدایکبونا محمد پێغەمبەر سلاڤێن خودێ ل سەر بن هاتە ساخکرن ب ئامادەبونا ژمارەکا زور یا وەلاتیان وبەرپرسێن دام ودەزگەهێن میری وحزبی وجەماوەری ونوینەرێن ئایینێن دی ل پارێزگەهێ.

درێ وەرسمێن ئاهەنگێ دا یا کو ژلایێ ڕێڤەبەری یا ئەوقافا دهۆکێ وب هەڤکاریا لقێ دهۆک یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامی کوردستان وڕێکخراوا هاریکاری یا کوردی ئەمریکی هاتیە ڕێکخستن پەیڤێن ئێکەتیا زانایێن ئیسلامی وریڤەبەریا گشتی یا ئەوقافا پارێزگەهێ وفەرمانگەها ئەوقافا دهۆکێ ژلایێ مەلا جیهاد بێسفکی هاتە خاندن وپەیڤا پارێزگەها دهۆکێ ژلایێ ماجد سەید صالح هاتە خاندن هەروەسا پەیڤا ڕێکخراوا هاریکاری یا کوردی ئەمریکی ژلایێ بلند شێخ مەئمون بریفکانی کو خەرجییێن ئاهەنگێ ب ستوخوڤە گرتبون هاتە خاندن وهەموویان ئەڤ یادە بەرز وبلند ل قەلەم دا وهەموویان تەکەزی ل سەر گیانێ لێ بورین وپێکڤە ژیانێ دکر.

پاش تیپا جودی ژزاخو چەند سرودێن ئایینی پێشکێشکرن.

شاندی باڵای حەجی عێراقی و وەزیری ئەوقاف باس لەزیاتر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی حەج دەکەن



لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر د. حاجیانی عێراق و هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکەوە هەماهەنگی بکەن، تاوەکو باشترین میکانیزم دابنێن بۆ مەبەستی بەڕەوپێشبردنی پرۆسەی حەج و وردەکارییەکان و هەرچی پێویستە بۆ پرۆسەکە.

جێگەی ئاماژەیە دیدارەکانی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی لەگەڵ شاندی میوانی بەشێوەی فەرمی دەست پێ دەکات.

وەزیری ئەوقاف بەگەرمی بەخێرهاتنی کرایەوەو لەلایەن پارێزگاری هەولێرو شاندی یاوەری یەکەیەکی بەشەکانی ئەو پێشانگایە بەسەر کرایەوە. سەبارەت بەو پێشانگایە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرا. سەرەتا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر ڕێکخستنی پرۆسەی حەج و ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ ئاسانکاری بۆ گەشتیارانی ئەو وڵاتانەی کۆمپانیای گەشتیاری هەیە بۆ هاتنی هاوڵاتیان بۆ هەرێمی کوردستان.

دواتر ڕێکەوتنێک لە نێوان کۆمپانیای ئاسیا سێل بۆ گەشتیاری و کۆمپانیای ئاسیا ئیر بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ فڕۆکەخانەی نەجەف واژۆ کرا.

هەولێر... بە بەشداریی زیاتر لە 100 کۆمپانیای کوردی-تورکی پێشانگای بازرگانی کرایەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دوێنێ لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرودارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێروعەبدوڵلا ئەحمەد عەبدولڕەحیم سەرپەرشتیاری گشتی پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێرو کونسوڵی وڵاتی تورکیاو ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرەی گشتیەکان و بازرگانان پێشانگای بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ خۆراک و پاکەتکردن و کشتوکاڵ بەکردنەوەی دووەم پێشانگای پیشەسازی کشتوکاڵی و تایبەتی گەورە کۆمپانیای تورکی کە دەدا جگەلە بەشداری کردنی ژمارەیەک کۆمپانیای خۆماڵی دیارە ئەو پێشانگایە چەندین بەشی جیاوازی هەبوو وەک بەشی پیشەسازی خۆراک و پاکەتکردنەوەو خۆراک و پیشەسازی و مایەی خۆشحاڵیە کە لەپێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر ئەو جۆرە پێشانگایە دەکرێتەوەوجولەیەکی گەورەی ئابووری و بازرگانیە لەکوردستان دیارە ئەو جۆرە چلاکیە بۆ شاری هەولێر زۆر گرنگەو بۆتە سەنتەرێکی گەورەی بازرگانی و پیوەندیەکانی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی تورکیاو بەشەکانی دیکەی عێراقیش بەهێز دەکات و بەشداری کردنی کۆمپانیاکانی خۆماڵی جێگەی ڕیزەو ئەو کۆمپانیا خۆماڵیانە وەکالاتی کۆمپانیاکانی تورکیایان هەیە لەکوردستان و عێراق کاردەکەن شایانی باسە ئەو جۆرە پێشانگایانە نیشانەی بەهێزی ئابووری کوردستان پیشان دەدات.

دواتر عەبدوڵلا ئەحمەد عەبدولڕەحیم سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر گوتی: دیارە ئەو پێشانگایە چوارەمین پێشانگایە کراوەتەوە لە هەولێر لەبواری پیشەسازی و خۆراک و کشتوکاڵی لەو پێشانگایەدا زیاتر لە 100 کۆمپانیای خۆماڵیش بەشداریان لە پێشانگاکەدا کردووە پێشانگای ئەمجارە تایبەتە بە پاکەت کردن وکشتوکاڵ و خۆراک و پیشاندانی بەرهەمەکانی خۆماڵی بەتایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵی دیارە لەکردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایانەدا کۆمپانیای خۆماڵی سودێکی بەرچاویان وەرگرتووە ئەمساڵ ئەو پێشانگایە دوا پێشانگایە دەکرێتەوەو بڕیاریش وایە بۆ ساڵی داهاتوو 10-15 پێشانگای جۆراو جۆرمان دەبێت. ئەو هەنگاوەش نیشانەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و بەکردنەوەی پێشانگای زیاتر بۆ ساڵی داهاتوو کوستان لە بواری بازرگانی وئابووری زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات دواتریش کونسوڵی تورکیا لە وتەیەکدا نتیشکی خستە سەر بەروە پێشەوە چونی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و بەشداری کردنی کۆمپانیاکانی وڵاتی تورکیا مایەی خۆشحاڵیەو هاوکاری و هەما نگی زیاترمان دەبێت.

وەزارەتی بازرگانی: ژمارەیەک کارگە و کۆمپانیای ئەمەریکایی هاتوونەتە هەرێم بۆ ئەوەی بازرگانی بکەن



بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ئامادەیی پێشان داوە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانیان ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ کارکردن و دەشڵێ، ئەمەریکا بە تەواوەتی هاتووەتە سەر هێڵ و ژمارەیەک کارگە و کۆمپانیای ئەمەریکایی هاتوونەتە هەرێم بۆ ئەوەی بازرگانی بکەن.

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی لەبارە بۆ جوولەی بازرگانی و کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان، ئەمساڵیش بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو هاتنی کۆمپانیا و سەرمایەداری بیانی زۆر زیادی کردووە، لەو بارەیەوە فەتحی محەمەد، ڕاوێژکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆمپانیای زیاتری بیانی دێنە هەرێمی کوردستان و بەردەوام شاندی وڵاتانی دەرەوە بۆ مەبەستی بازرگانی لە هەموو کەرتەکاندا سەردانی هەرێم دەکەن، ئەمساڵ لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاوی وڵاتانی جیهانەوە پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە دەکرێت لەبارەی جوولەی بازرگانی و هەبوونی دەرفەت و گونجاویی ڕەوشی هەرێمی کوردستان، ئێمەیش بەرچاوڕوونیمان داوەتە هەموو ئەو وڵاتانەی دەیانەوێ بە مەبەستی کارکردن کۆمپانیاکانیان ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکەن.

ڕاوێژکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بۆ ئەوەو کرد: ئەو کۆمپانیایانەی ئێستا دێنە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە کەرتی پیشەسازیی خۆراک و کەلوپەلی بیناسازیدا کار دەکەن و بڕیارە چەندین کارگەی هەمەجۆر دابمەزرێن لە هەرێمی کوردستان، حکوومەتیش هاوکاریی هەر کۆمپانیایەکی بیانی دەکات ئەگەر بیەوێت لە هەرێم کار بکات.

لەبارەی ئەو وڵاتانەی کۆمپانیاکانیان دێنە کوردستان، محەمەد دەڵێ: زۆرن ئەو وڵاتانە کە بەشێکیان هاتوون و بەشێکی دیکەیش سەرقاڵی خۆئامادەکرنن بێن، بەڵام زیاتر کۆمپانیای ئەوروپا و ئەڵمانیا و وڵاتی عەرەبین، هەروەها ئەمەریکاش هاتووەتە سەر هێڵ بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکات و ئێستا ئەوانیش دەستیان پێ کردووە، ئەمەریکا لە تەکنەلۆژیا و پێداویستیی ڕۆژانە و کەلوپەلی ئۆتۆمبێل ڕۆڵی دەبێت لە بازاڕی هەرێمی کوردستاندا، هاتنی ئەو هەموو کۆمپانیا بیانییەیش، هەرێمی کوردستان دەباتە قۆناغێکی دیکەی گەشەکردنەوە، چونکە تا بازرگان و کۆمپانیای بیانی بێنە هەرێمی کوردستان، زیاتر ئابووری گەشە دەکات و ڕەوشیش لەبارە بۆ ئەوانە تا لێرە کار بکەن.

www.xebat.net
پێنجشەممە 2018/11/22 ژمارە (5638)

دوای بەسیستەمکردنی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان چیتر کارەکانی کۆمپانیاکانی دەرمان دواناکەون



خەبات- سەید فاتیح

پەرزنجی: دوێنێ بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان هەریەکە لە دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی و نێچیروان ئەحمەد سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی و ژمارەیەک لە پزیشکان سەردانی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمانیان لە شاری هەولێر کردو یەکەیەکەی بەشەکان بەسەرکرانەوە. پاشان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دکتۆر گۆران ڕۆژبەیانی باسی لەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە کرد کە بۆ کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان دانراوە، کە هەنگاوێکی پێشکەوتووەو سودێکی باشی هەیە بۆ کاروباری دەرمان و چیتر مامەڵەی کۆمپانیاکانی دەرمان کارەکانیان دوا ناکەوێت، ئەگەرچی جاران پشکنینی دەرمان ماوەیەکی زۆری دەویست تا کارەکانی پشکنین تەواو بکرێت، بەڵام دوای بە سیستەمکردنی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان کارەکانی کۆمپانیاکانی دەرمان دوا ناکەوێت و بە باشترین سیستەمی ئەلیکترۆنی کارەکانیان لە کەمترین کات بۆ تەواو دەکرێت و چیتر کارەکان بەدەست ئەنجام نادرێت. لە وتەیەکدا وەزیری تەندروستی سەبارەت بەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە خۆشحاڵی خۆی دەبڕی و ئاماژەی بە گرنگیدانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم دا بە کەرتی تەندروستی و بۆ بنەبڕکردنی دەرمانی خراپ و کوالیتی خراپیش ئەنجومەنی وەزیران چەندین بڕیاری گرنگی دەرکرد بۆ بە نیشتیمانی کردنی دەرمان. هەر لەو مەڕاسیمەدا لە کولیتی کۆنترۆڵی دەرمان لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراق بڕوانامەی ئایزۆی بەخشی بە وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی خۆراک وەک یەکەم بەڕێوەبەرایەتی لەسەر ئاستی عێراق.

بەڕێرسی لقی 16 لەلایەن ڕێکخراوی ڕامیار بۆ هاوکاری و پاراستنی ئافرەتان سوپاس و پێزانینی پێیەخشرا



لەبەرامبەر ئەو دڵسۆزی و خەمخۆرییەی بۆ تەواوی چین و توێژە جیاجیاکانی سنوورەکە و بەتایبەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هەژاران و کەمدەرامەتان، ڕێکخراوی ڕامیار بۆ هاوکاری و پاراستنی ئافرەتان بە هاوکاری گروپی هانا بۆ هاوکاریە مرۆییەکان سوپاس و پێزانینی ڕێکخراوەکەی بەخشییە بڵند ئیسماعیل بەڕێرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەدەستپێکی مەراسیمی بەخشینی سوپاس و پێزانینی ڕێکخراوی ڕامیار بەڕێرس و ستافی ڕێکخراوەکە دەستخۆشی گەرمی خۆیان ئاراستەی بەڕێرسی لقی 16ی هەولێر کرد کە هەمیشە بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتی هاونیشتمانیانە بووە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبردوویی‌یەوە خزمەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هەژاران و کەم دەرامەتانی کردووە، لەم سۆنگەیەوە هەڵوێست و کارەکانی بەرز دەنرخێنین هیوادارین بەهەمان نەفەس و دڵسۆزییەوە بەردەوامبێت لەخزمەتکردنی خەڵکی کوردستان کە دڵنیاین هەرواش دەبێت.

لەبەرامبەردا بڵند ئیسماعیل ئامادەیی خۆیی و لقی 16ی هەولێری نیشاندا بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک بۆ ڕێکخراوەکەیان کە ببێتە مایەی سوود بەخشین بە هاونیشتمانیان و بەگشتی و کەسوکارو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، بەتایبەتی کە ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین شانازییەکان مرۆڤ بتوانێت خزمەت بە خەڵکی نیشتمانەکەی خۆی بکات، سەربەرزی ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان لەڕێگەی بەرگریکردن لەنیشتمان و نەتەوەکەمان بەخشی.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی خوالێخۆشبوو حەکیم عەبدوللا کاکە وەیس

دڵگران بووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و نوسەر و ڕۆمانnوسی گەلەکەمانحەکیم کاکە وەیس. خوالێخۆشبوو حەکیم کاکەوەیس وێڕای ئەوەی سەردەمێک وەک پێشمەرگە لە ریزی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن خزمەتی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەی کردووە، لە هەمانکاتیشدا بە پێنوس و بەتایبەتی لەبواری ڕۆمانnوسی خزمەتێکی بەرچاوی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردووە.

بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوبەشی خەمان بۆ خانەواده بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لەئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان و نوسەرانی کورد و ئەدەب دۆستانی کوردستان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سێ پارێزگاکەی کوردستان بڕیاریان دا 300 ملیۆن دینار بە هەڵەبجە ببەخشن



بە هۆی کەمیی داهاتی شارەوانیی هەڵەبجەوە، نەتواندراوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری سوود لە داهاتەکەی وەربگیرێتەوە، کە بە بڕیاری حکومەت بەشێک لە داهاتی شارەوانییەکان بۆ خزمەتگوزاریی پارێزگاکان دابین دەکرێت، بۆیە سێ پارێزگاکەی دیکەی کوردستان، پارە بۆ هەڵەبجە دابین دەکەن. کوێستان ئەکرم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە مانگی 12ی 2017 لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی و وەزارەتدا داوامان کرد، هەرسێ پارێزگای دهۆک و سلێمانی و هەولێر لە داهاتی خۆیان بڕەپارەیەک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هەڵەبجە دابین بکەن، بە سوپاسەوە هەرسێ پارێزگا ڕەزامەندییان دا کە لە داهاتی خۆیان هاوکاریی هەڵەبجە بکەن. لەبارەی ئەوەی ئەو بڕەپارەیە چەندە کە شارەوانیی پارێزگاکان بۆ پارێزگای هەڵەبجەی دابین دەکەن، ئەکرەم گوتی: هەرسێ سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و دهۆک و سلێمانی، بڕیاریان دا هەریەکەو بڕی 100 ملیۆن دینار لە داهاتی خۆیان بدەن بە هەڵەبجە، کە کۆی گشتی دەکاتە 300 ملیۆن دینار.

سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، گوتیشی: لە ئێستادا دەست کراوە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کە یەکێکیان کارکردنە لە گەڕەکی شێخ سمایل کە لە ساڵی 1960 دروست کراوە و خزمەتگوزاریی شۆستە و قیرکردنی بۆ نەکراوە.دەشڵێ: ئەو بڕەپارەیەی شارەوانیی هەرسێ پارێزگاکە بۆ هەڵەبجە دابینی دەکەن، مەرجە کە دەبێت بۆ خزمەتگوزاریی کۆنکرێت و شۆستەی کۆڵانەکانی هەڵەبجە بێت.

پڕۆژەیەکی نوێ و مۆدێرن لە ڕێگای هەریر- باسرمە- قەندیل کەوتە بواری جێبەجێکردن



لە ڕاگەیاندراوێکدا کەوێنەیەک دەست مالپەڕی کوردستان تیڤی کەوتووە ، فازل حاجی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ڕایدەگەیەنێت ، ڕێگای هەریر باسرمە قەندیل کەیەکێک بوو لە ڕێگایە ترسناکەکان ئێستا دەکرێت بەڕێگایەکی مۆدێرن، ڕێگای هەریر باسرمە قەندیل ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی جێهێشتنیەوە لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکار تەواونەکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی سەلامەتی تیایدا بووبوو سەرچاوەیەکی بەردەوام بۆزرداوەکانی هاتووچۆ. فازل حاجی ڕاشیدەگەیەنێت: ئێمە لە هاتووچۆی هەولێر هەوڵمان دا کە ئەوەی دەکرێت بۆ سەلامەتترکردنی ئەم ڕێگایە بیکەین بۆ ئەوەی چیتر هاوڵاتیان نەبنە قوربانی، لە ئێستاشدا لەسەر بودجەی پەرەپێدانی هاتووچۆی هەولێر پڕۆژەیەکی گەورە بەدەرێژایی ڕێگایەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیتاڵی پڕۆفیشنال جێبەجێدەکرێت، سەرەتای چاککردنی ڕێگایەکەش بەدانانی گادرلی دەبل دەبێت کەئەم جۆرە گادرێلە دەورێکی زۆر کاریگەری هەیە لەهێشتنەوەی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ڕێگا لە کاتی کۆنترۆڵ لەدەستدان. لەکۆتاییدا گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: لەدوای قۆناغی گادرێل هەندێک گۆڕانکاری لە دیزاینی ڕێگایەکەش دەکرێت، بەتایبەتی لەم شوێنانەی کە ڕێگای لاوەکی ڕێگا سەرەکیەکە یەکتر دەگرنەوە ئینجا هێلکاری تەواوی بۆ دەکرێت.

قایمقامی هەولێر: بنیاتنانەوەی بازاڕی لەنگە زیاتر لە 10 ملیار دیناری تێدەچێت



قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، بنیاتنانەوەی بازاڕی لەنگە زیاتر لە 10 ملیار دیناری عێراقی تێ دەچێت، دەشڵێت: بەهیواین لە زووترین کاتدا کارەکانی تەواو بکرێت.

نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر باسنیوزی ڕاگەیاند: بازاڕەکە بە پێی سیستەمێکی ئەندازیاری دروست دەکرێتەوە، پەلەش لە کارەکانیدا دەکرێت، بەهیواین لە زووترین کاتدا کارەکانی تەواو بکرێت. گوتیشی: ئەو بڕە پارەیەی بازاڕەکەی پێ بنیات دەنرێتەوە، وا مەزەندە دەکرێت کە زیاتر لە 10 ملیار دینار بێت.

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ئەوەی خستە ڕوو، کە ئێستا سیستەمە کۆنەکەی پاسەوانی بازاڕەکە لابراوە، بەڵام ئەنجومەنی بازاڕەکە لەگەڵ کۆمپانیایەکی سکیوریتی گرێبەستیان کردووە، ئێمەش بەرنامەمان هەیە کە بۆ هەموو بازاڕەکانی شاری هەولێر کۆمپانیاکانی سکیوریتی ئەرکی پاسەوانیان بگرێتە ئەستۆ.

نەبەز عەبدولحەمید باسی لەوەش کرد: ئەو زیادەڕەویانەی لە بازاڕەکەدا هەبووە و لەسەر شەقامەکانیدا بوون، ناهێڵدرێن، ئەو کەموکوڕیانەش کە هەبوون، چارەسەر دەکرێن، بۆ ئەوەش تیمەکانی شارەوانی چاودێرییەکانیان چڕتر دەکەنەوە.

بەرەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە 2018/10/25 ئاگرێکی گەورە لە بازاڕی لەنگەی هەولێر کەوتەوە، بەهۆی زۆربی ڕێژەی ئاگرەکەوە، زیاتر لە هەزار دووکان سووتان.

لە ڕیزبەندی نیشتمانیدا زانکۆی سەلاحەدین دەبێتە پێشەنگی زانکۆکانی کوردستان



دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی 2017ـ 2018 لە لایەن د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سەلاحەدین لەو ڕیزبەندییەدا پلەی یەکەمی بە دەست هێنا لە سەر ئاستی هەموو کوردستان.

بەو بۆنەیەوە د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆ پیرۆزبایی لە تیکڕای مامۆستایان و قوتابی و کارمەندانی زانکۆ کردو ڕایگەیاند کە ئەم سەرکەوتنە گەورەیە شایەستەی زانکۆیەکی دێرینی زانکۆی سەلاحەدینە، کە زانکۆی دایکە لە کوردستان و میژوویەکی پڕ لە سەروەری هەیە لە خەباتی زانستی و مەعریفی و لە دامێنی ئەو زانکۆیەدا چەندین زانکۆ لە کوێوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی و وەزارەتدا داوامان کرد، هەرسێ پارێزگای دهۆک و سلێمانی و هەولێر لە داهاتی خۆیان بڕەپارەیەک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هەڵەبجە دابین بکەن، بە سوپاسەوە هەرسێ پارێزگا ڕەزامەندییان دا کە لە داهاتی خۆیان هاوکاریی هەڵەبجە بکەن. لەبارەی ئەوەی ئەو بڕەپارەیە چەندە کە شارەوانیی پارێزگاکان بۆ پارێزگای هەڵەبجەی دابین دەکەن، ئەکرەم گوتی: هەرسێ سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و دهۆک و سلێمانی، بڕیاریان دا هەریەکەو بڕی 100 ملیۆن دینار لە داهاتی خۆیان بدەن بە هەڵەبجە، کە کۆی گشتی دەکاتە 300 ملیۆن دینار.

سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، گوتیشی: لە ئێستادا دەست کراوە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کە یەکێکیان کارکردنە لە گەڕەکی شێخ سمایل کە لە ساڵی 1960 دروست کراوە و خزمەتگوزاریی شۆستە و قیرکردنی بۆ نەکراوە.دەشڵێ: ئەو بڕەپارەیەی شارەوانیی هەرسێ پارێزگاکە بۆ هەڵەبجە دابینی دەکەن، مەرجە کە دەبێت بۆ خزمەتگوزاریی کۆنکرێت و شۆستەی کۆڵانەکانی هەڵەبجە بێت.

کوردستاندا لە دایک بوون .هەروەها گوتی ئێمە لە کاتێکدا ئەو سەرکەوتنەمان تۆمار کرد کە خاوەنی کەمپی زانکۆی خۆمان نین و کولێژی پزیشکیشمان نیە، ئەگەرنا ئاستی زانکۆمان لە ئێستاش بالاتر دەبوو. هەروەها لیدوانێکی تایبەتیدا گوتی: ئەم ئەنجامە بۆ ئێمە شتێکی چاوەڕوان کراو بوو، چونکە لەو ماوەیەدا لە دوو ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی بۆ ڕیز بەندی زانکۆکانی جیهان زانکۆی سەلاحەدین لە پێشەنگی زانکۆکانی کوردستان داندرابوو، پاشان سەرۆکی زانکۆ جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئەو سەرکەوتنە ببێتە هەوێنی سەرکەوتنی گەورەتر.

بڕیارە ئەمڕۆ دیداری هونەریی گەرمیان ئەنجام بدرێت

خەبات- سەبریە یوسف: بڕیارە ئەمڕۆ لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دیداری هونەری گەرمیان ئەنجام بدرێ و بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێ. لەو بارەوە، ئاکۆ یوسف بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی سنورەکەدا، سبەی دیداری هونەری گەرمیان لە شارۆچکەی کەلار ئەنجام دەدرێ. وتیشی: دیدارەکە بوارەکانی سینەما، شانۆ، میوزیک، دیبەیت لە خۆ دەگرێت لە ڕۆژانی 22-23-2018/11/24 بەچاوەڕێی بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەدەچێ. ڕاشیگەیاند: ئەم دیدارە لەلایەن هونەرمەندانی سنوری گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان بەڕێوە دەچێت.

وووون بوون
پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٢٤١٤٧ بەرواری ٢٠١٨/١٠/١٣ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی سەروان تحسین قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
دائرة الكاتب العدل اربيل الاولى
شعبة الانذار و الحجز
رقم/٤٢٩١/٧
تاريخ/٢٠١٨/١١/١٢
نشر الانذار
المنذر (عدى شامل عباس)
المنذر اليه (فيراس فهمى عبدالطيف)
قد وجه اليك الانذار المرقم (١٢٩/٣٢٣٨) فى (٢٠١٨/١٠/٢٩) من قبل السيد (عدى شامل عباس) لغرض انذاركم من اجل دفع بدل الايجار الشهرى للشقة الكائنة فى (MRF ٥ TOWERS/C٤٣) و بما انك مجهول الاقامة حسب اشعار مختار محلة/ وزيران- دريم ستى- رويال- قرية الانجليزية و فيتال MRF فى ٢٠١٨/١١/١٢ لذا ننشر لكم و بشكل رسمى فى جريدتين يوميتين.
مريوان قەرەنی ابراهيم
كاتب عدل الاول
فى دائرة الكاتب العدل اربيل الاولى
***
مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
رقم:١٠٦٥٠
تاريخ: ٢٠١٨/٩/١٩
اعلان
قدم المواطن (احمد عبدالقهار واحد) دعوى فى هذه مديريه لتبديل اسم ابنته من (ئيليا) الى (ئالين) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه مديريه خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى الدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
عبدالرحمن عزيز شوانى
مدير شؤون الاحوال المدنية
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بە ڕێ وە بە را یە تی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٤٦/١٠٠
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٥
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١١) مولکی شارەوانی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیارکراوە بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ هەموارکراو ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەق بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٢٧ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوازدە و نیوی نیوەرۆ لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١ ، ٢) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ١٢م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٣ ، ٤ ، ٥) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ١٧م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٨٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٦) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ١٨م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٩٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن نۆسەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٧) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ٢٥م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٢٥٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٨) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ١٦م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٦٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٩) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ٢٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٢٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٠) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ٢٤,٥م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٣٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٢) لە سنوری شارەوانی تەق تەق رووبەری / ٢٩,٢٥م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٠٠) دوکان مولکی شارەوانی بەم شێوەیە کە لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ هەموارکراو ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەق بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١/٣ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوازدە و نیوی نیوەرۆ لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٤٦) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٣٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٢٢٥٠٠ بیست و دوو هەزار و پێنج سەد دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٣٩ ، ١٤٠) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٣٤م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٢٥٥٠٠ بیست و پێنج هەزار و پێنج سەد دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٥٠) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٣٦م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٢٧٠٠٠ بیست و حەوت هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٤٧ ، ١٤٨) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٤٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٣٠٠٠٠ سی هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٥٢) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٤٥م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٣٣٧٥٠ سی و سێ هەزار و حەفت سەدو پەنجا دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٣٠) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٤٨م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٣٦٠٠٠ سی و شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١، ٣، ٤، ٦، ٧، ١٠، ١١، ١٢، ١٤، ٢٩، ٣٧، ٣٨، ٤٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ١٠٣) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٥٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٣٧٥٠٠ سی و حەوت هەزار و پێنج دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٢٤) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٥٦م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٤٢٠٠٠ چل و دوو هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٤٣) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٧٢م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٥٤٠٠٠ پەنجاو چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٠- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (٨ ، ٩) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٧٥م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٥٦٢٥٠ پەنجاو شەش هەزار و دوو سەدو پەنجا دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٣٤) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٨١م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٦٠٧٥٠ شەست هەزار و حەفت سەدو پەنجا دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١٧، ١٨، ١٩، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣١، ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٧٧، ٧٩، ٨١، ٨٢، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٢، ١١٠، ١٤٤، ١٤٥، ١٥١) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ١٠٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٧٥٠٠٠ حەفتا و پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١١٨) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ١٢٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ٩٠٠٠٠ نەوەت هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٩، ١١٤، ١١٧، ١٢٠) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ١٥٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١١٢٥٠٠ سەدو دوانزە هەزار و پێنج سەد دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (١١٢) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ١٦٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٢٠٠٠٠ سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٤، ٨٤، ٩٨، ١٠٤، ١١١، ١٢٢، ١٢٥، ١٢٩، ١٣٢) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٢٠٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
١٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ئاسنگەری ژمارە (٨٠) لە سنوری شارەوانی کۆیە رووبەری م٢ / ٢١٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ ١م٢/ ١٥٧٥٠٠ سەدو پەنجا و حەفت هەزار و پێنج سەد دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیاد کردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە فرۆشتنی بەشی گەنجینە لە پارچە زەوی ژمارە (١٧١/٢) ك (٢٠٨) تەیراوە بەرووبەری ١٢١,٤٤م٢ کە خانوویەکی لەسەر دروستکراوە بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ سالی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی سالی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) پەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کریارە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزار
ژمارە/ ١١٨٣٤/١٠٠
رێکەوت: ٢٠١٨/١١/١٨
بۆ/ هەژار خورشید ابراهیم (ی. ژمێریار)
لە سەرۆکایەتی شارەوانی بەستۆرە
ئاگادارکردنەوە
لەرێکەوتی ٢٠١٨/١١/١٠ مۆلەتی بێ مووچەت تەواو بووە تاکو ئێستا دەستت بەکار نەکردۆتەوە ئاگادارت دەکەینەوە لە ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەیتەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەکەت دێنین.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٨١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (بریا) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە و دابین کردنی ئامێری پزیشکی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٠/٢٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد سعید علی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٨/١١/١٩
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٧٦٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تاو) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل و هێنان و بردنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێك/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (السماء الواسعة/ بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بڕیاری گۆڕینی ناو و جۆری کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (السماء الواسعة/ بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بۆ کۆمپانیای (علی ربیع هادی/ بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل/ تاك) بۆیە هەر کەسێك نارازیە یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شاری هەولێر - شەقامی ٣٠ مەتری بەرامبەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ یەك لایکردنەوەی کێشەکان.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
هەلی کار
ئێمە وەك کۆمپانیای (BL HARBERT) پێویستمان بە (٣) کرێکاری هونەری هەیە بەمەبەستی کارکردن هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەیە با ڕاستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کار بکات، کە دەکەوێتە ڕێگای مەخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە یاخود پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنە (٠٦٦٢٥١٩٦٣٩) یان سەردانی ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە بکات.
www.evtc-krg.org/emp
ناوی کار: کرێکاری هونەری
ژمارەی هەلی کار: ٣
مووچە: ٤٩٠٠٠٠
ڕەگەز: نێر
زمان:
شارەزایی لە کومپیوتەر:
ئاستی خوێندن:
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە: ١٥٨٤٩/١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/١
ئاگاداری
ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٣٣ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەویەکانی ژمارە ٦ و ٧ و ٨ و ٤/١٤١٢٦ ك ٩ باغلومنارە.. جا هەر کەسێك سکالاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆڕینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر
***
ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (بریا) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە و دابین کردنی ئامێری پزیشکی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ محمد سعید علی
ناونیشان/ هەولێر- گەرەکی نەورۆز
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٤٤٢٥٧

دادگای بەرایی خەبات
ژمارە: ٩٧/ب/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١١/١٥
جاردان
بۆ داوڵێکراو: کیفی خلیل عبدالله
ئامـاژە بـەداواى ژمـارە ٩٧/ب/٢٠١٨ کـە تایبەتـە بـەداواکار وسـمان حمـد حسـین کـە جـۆرى داواکـەى بریتییـە لـە (گەرانـەوەى پـارە) لەبـەر ئـەوەى شـوێنى نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـى ئیشـعارى موختـارى گونـدى قوریتـان، بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـارى دا لەبـەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٥ بەپـێ راگەیاندنـت بـە هـۆى دوو رۆژنامـەى ناوەخۆیـى بـۆ ئامادەبوونـى خـودى خـۆت یاخـود بریکاردارت لەجیاتـى خـۆت رەوانـە بکـەى لـەرۆژى دادبینـى رێکەوتـى ٢٠١٨/١١/٢١ کات ژمێـر ٩ى بەیانـى بەپێچەوانـەوە دادبینـى پاشـملە و ئاشـکراو دەرهەقـت ئەنجـام دەدرێـت بەپێـى یاسـا..
دادەر/ سمکۆ رۆستم سمین
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٢١٥/ب/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (عصام حسن علوان) شوێنى نیشتەجێبوون نادیارە.
داواکار (هیثـم معـروف صالـح) داواى ژمـارە ٢١٥/ب/٢٠١٨ لەسـەرت تۆمارکردبـوو تێیـدا داواى بـرى ٤٦٨٠٠$ کردبـوو ئـەم دادگایـە لـە رێکەوتـى ٢٠١٨/١٠/٢٥ بریـارى کۆتایـى بەپاشـملە دەرکـردووە بـە (پایەندکردنـت بەدانـى بـرى ٣٦٠٦٠٠٠٠ بـۆ داواکار لەبـەر ئـەوەى شـوێنى نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـى ئیشـعارى موختـارى گونـدى قوریتـان، بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـارى دا لەبـەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٥ بەپـێ راگەیاندنـت بـە هـۆى دوو رۆژنامـەى ناوەخۆیـى بـۆ ئامادەبوونـى خـودى خـۆت یاخـود بریکاردارت لەجیاتـى خـۆت رەوانـە بکـەى لـەرۆژى دادبینـى رێکەوتـى ٢٠١٨/١١/٢١ کات ژمێـر ٩ى بەیانـى بەپێچەوانـەوە دادبینـى پاشـملە و ئاشـکراو دەرهەقـت ئەنجـام دەدرێـت بەپێـى یاسـا.
دادەر/ نهاد صباح الدین علی
***
سەرۆکایەتى دادگاى گومرگى هەولێر
نوسینگەى داوا گومرگیەکان
ژمارە: ٣٩٤
رێکەوت: ٢٠١٨/١١/١٤
بۆ/ تۆمەتبارى هەڵاتوو/ ئوغور یحیى دوندار
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەى شـوێنى نیشـتەجێبوونت نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەى ١٤٣ لەیاسـاى بنەماکانـى دادگایـى کردنـى سـزایى دادگاکەمـان بریاریـدا لـە رێگـەى دوو رۆژنامـەى ناوخۆیـى رۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بەمەبەسـتى ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە (دادگاى گومرگـى هەولێـر) لەکاتژمێـر ٩ى بەیانـى لـە دواى یـەک مانـگ لـە بڵاوبوونـەوەى ئـەم ئاگادارییـە لـەو رۆژنامەیـە بەمەبەسـتى دادگایـى کردنـت بەپێـى مـادەى ١٩٢ لـە یاسـاى گومرگـى ژمـارە ٢٣ سـاڵى ١٩٨٤ هەموارکـراو بەپێچەوانـەوە دادگایـى کـردن بەشـێوەى پاشـملە غیابـى دەرهەقـت ئەنجـام دەدرێـت.
دادەر حسن علی مراد امین
***
پارێزگاى هەولێر
بەڕێوەبەرایەتى گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٢٢١
رێکەوت: ٢١ / ١١ / ٢٠١٨
ئاگادارى
کەم کردنەوەى نهێنى / ژمارە (١٠٥)
پارێـزگاى هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـى گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەى نهێنـى رادەگەیێنێـت بـۆ پـرۆژەى (چاککردنـەوە و قیرتاوکردنـى شـەقامى سـەرەکى بـازێ- قـەزاى میرگەسـۆر) کـە (بەڕێوەبەرایەتـى گشـتى شـارەوانییەکانى هەولێـر) پێـى هەڵدەسـتێت. جـا هـەر بەڵێنـدەر و کۆمپانیایـەک تـارەزووى بەشـدارىوونى هەیـە بـا سـەر لەبەڕێوەبەرایەتـى ژمێریارییـان بـدەن بەمەبەسـتى وەرگرتنـى وێنەیـەک لەتەنـدەر و مەرجەکانـى بەڵێندەرایەتـى پـرۆژەى سـەرەوە بەمەرجێـک وەرگرتنـى ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـى مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانى بەڵێنـدەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێرى لیژنـەى کردنـەوەى تەنـدەرەکان لەدیوانـى پارێـزگاى هەولێـر / کارگێـرى خۆجـێ یەتـى بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەى تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ى نیـوەڕۆ رۆژى (یـەک شـەممە) رێکەوتـى ٩ / ١٢ / ٢٠١٨ دەبێـت.
وە مـەرج نییـە فەرمانگەکەمـان بەنزمتریـن نرخـى تەنـدەر رازى بێـت, وە کرێـى بڵاوکردنـەوەى راگەیاندنـى دەکەوێتـە ئەسـتۆى ئـەو کەسـەى کـە کـەم کردنـەوەى لەسـەر دەگیرسـێتەوە.
مەرجەکانى وەرگرتنى تەندەر:
- کۆمپانیا لە پلە (٩) کەمتر نەبێت.
- باجى دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامـەى نـووسراو بـۆ دەسـتەبەرکردنى تەنـدەر (التعهـد الخطـى) لەنێـوان بەڕێوەبەرایەتـى گرێبەسـتە گشـتییەکان و بەڵێنـدەر.
- دەبێـت ناسـنامەى کۆمپانیـا و یەکێتـى بەڵێندەرانـى نـوێ کـراوە بێـت و لەگـەڵ خـۆى بێنێـت و بەنـاوى خـۆى بێـت ئەگـەر بەنـاوى خـۆى نەبێـت دەبێـت نـووسراوى رێپێـدان لەلایـەن کۆمپانیـا بێنێـت.
- فرۆشـتنى تەنـدەر (٧٥,٠٠٠) حەفتـا و پێنـج هـەزار دینـار کـە ناگەڕێتـەوە.
نوزاد هادی مولود
پارێزگارى هەولێر
***
دادگاى بارى کەسى هەولێر/٢
ژمارە:٣٢١٧/ش٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٨/١١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مها عمر خطاب) شوێنى دانیشتنت نادیارە
داواکار (عبدالعظیم فلیح حسن) داواى ژمـارە (٣٢١٧/ش٢٠١٨/٢)ى لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داواى (تصدیـق الطـلاق و تثبیـت الرجعـة) دەکات وە لەبـەر ئـەوەى شـوێنى دانیشـتنت نادیـارە بەپێـى اشـعارى مختـارى (هەولێـر/ بیرکـۆت نـوێ) بۆیـە دادگا بڕیـارى دا بەپـێ راگەیاندنـت لـە رێـگاى دوو رۆژنامـەى ناوخۆیـى بەمەبەسـتى ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژى دادبینـى ٢٠١٨/١٢/٢٣, بەپێچەوانـەوە دادبینـى ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەى ئاشـکراو پاشـملە.
دادەر/ طارق حسین کریم
***
دادگاى بارى کەسى هەولێر/٢
ژمارە:٣١٤١/ش٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٨/١١/١٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمد نامق سلیم) شوێنى دانیشتنت نادیارە
داواکار (سـیمە علـى همـزە) داواى ژمـارە (٣١٤١/ش٢٠١٨/٢)ى لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داواى (للتفریـق للضرر) دەکات وە لەبـەر ئـەوەى شـوێنى دانیشـتنت نادیـارە بەپێـى اشـعارى مختـارى (هەولێـر/ بەهـارى نـوێ) بۆیـە دادگا بڕیـارى دا بەپـێ راگەیاندنـت لـە رێـگاى دوو رۆژنامـەى ناوخۆیـى بەمەبەسـتى ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژى دادبینـى ٢٠١٨/١٢/١٣, بەپێچەوانـەوە دادبینـى ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەى ئاشـکراو پاشـملە.
دادەر/ طارق حسین کریم
***
دادگاى بارى کەسى هەولێر/٥
ژمارە:١٢٠٨/ش٢٠١٨/٥
رێکەوت:٢٠١٨/١١/٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سیف عمران موسی) شوێنى دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ شـیرین عدنـان بشـار داواى ژمـارە (١٢٠٨/ش٢٠١٨/٥)ى لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داواى تفریـق دەکات لـە تـۆ وە لەبـەر ئـەوەى شـوێنى دانیشـتنت نادیـارە بەپێـى اشـعارى مختـارى هەولێـر – عینکـاوە/ مارعـودا ١٠٨ بۆیـە دادگا بریـارى دا بەپێراگەیاندنـت لەرێگـەى دوو رۆژنامـەى ناوخۆیـى رۆژانـە بەمەبەسـتى ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژى دادبینـى ٢٠١٨/١٢/١٧, بەپێچەوانـەوە دادبینـى ئەنجـام دەدرێـت بـە شـێوەى ئاشـکرا و پاشـملە.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگاى بارى کەسایەتى لە دهوك
ژمارە/ ١١٦٨ /ش٢٠١٨
رێکەفت/ ٢١ /٢٠١٨/١١
راگەهاندن
بۆ/داوالێکـراو (شـیهاو کریـم علـى) ل دیـف داخازیـا داواکار (کوهـدار محمـد علـى عبدالرحمـن) وکێشـا ژمـارا وێ ل سـەرى دیـار کـرى تێـدا داخازیـا (وەرگرتنـا زاروکـى) کـرى وژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجـى بوونـا تـە بـو دادگەهـێ ل دیـف نڤیسـارا بەربژارێ (تاخـێ بێتاسـێ) ئەڤجـا بریـار هاتـە دان کـو ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب رێـکا دوو رۆژنامێـت رۆژانـە دا ئامادەبـى ل رۆژا ٢٠١٨/١٢/٤ یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـە ئامادەبکـە وبەروڤاژیـا ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەهـا تـە پاشـەملى هێتـە کـرن
القاضی / زیرڤان احمد حسین
***
دادگاى بارێ کەسایەتى ل دهوك
ژمارە/ ١٠٤٣/ش٢٠١٨
رێکەفت/ ٦/ ٢٠١٨/١١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهدارى
بـۆ داوالێکـرى (محمـد عبدالسـلام علـى) ڤـێ دادگەهـێ ل رێکەفتـى ٣١/ ٢٠١٨/١٠ ێ دکێشـا ل سـەرى دیارکـرى دا ئـەوا هاتیـە ڤەکـرن ژ لایـێ داواکار (روى حسـین جاسـم) بریـاردا ب ژێـک جدابـوون (تفریـق للهجـر) دناڤبـەرا تـە وهەڤژینـێ تـە یـى داواکار وتـە مافـى نەرازیبوونـێ یـێ هـەى دمـاوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنـا تـە ل روژنامـێ وبەروڤـاژى وێ دێ فەرمانـا ل سـەرى دیارکـرى ل سـەر تـە هێتـە بجهێنـان
القاضی/ مروان عادل اسماعیل
***
بەڕێوەبەرایەتى جێ بەجێکردنى سێمێل
ژمارە / ٦٣/خ/ ٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٨/٨/ ٢٠١٨
ئاگەهدارى
رێڤەبەریـا مـە رادگەهینیـت بفروتنـا پشـکا قـەرزدار (روژهـات طاهـر اودى) د مولکـێ ژمـارە (٤٨٣٩/١) کەرتـێ ١١ سـمیل) دا بـو جـارا دووى ئەفجـا هـەر کەسـێ بڤێـت بکریـت دڤێـت پیداچونـا رێڤەبەریـا مـە بکـەت دمـاوێ (١٥) پـازدە روژانـدا کـو دەسـپێدکەت ژ روژا پاشـتر ژ بەلافکرنـێ ودڤێـت تەئمیناتێـن یاسـایى دگـەل خـو بینیـت کـو دبنـە (١٠٪) ژ بهایـێ هاتیـە دانـان دگـەل ناسـناما عیراقـى وبـو زانیـن رەسـمێ تەحصیلـى ودەلالیـێ لسـەر بکـرى نـە رونکرن :-
ژمـارە وجـە :- (٤٨٣٩/١) کەرتـێ ١١ سـمیل - تاخـى زانکـو)
رەگـەز وجـۆر :- خانیـێ ئاکنجیبونـێ یـە دوو تابقـە
رووبـەر :- (١٥٠) م٢
بهایـێ هاتیـە دانـان :- (٩٥٠٠٠٠٠٠) نـوت وپینـج مەلیـون دینـارێ عیراقـى
جێ بەجێ کارى داد
ریبر سلمان خالد
***
ئاگەدارى دووەم
وەزارەتـى دارایـى و ئابـوورى هەڵدەسـتێت بـە بەکـرێ دانـى رووبـەرى (٢٠١٢)م٢ لـە پارچـە زەوى ژمـارە (٢) ك (١٩) ئینیشـکى/ سەرسـنك، بەمەبەسـتى دروسـت کردنـى بەنزینخانـە بـۆ مـاوەى (١٥) سـاڵ بـە زیـاد کردنـى ئاشـکرا بـە پێـى یاسـایى ٣٢ سـاڵى ١٩٨٦ هەموارکـراو رێنمایـى دارایـى ژمـارە (٥) ى سـاڵى ١٩٨٦ جـا هـەر کەسـێك ئـارەزووى بەشـدارى کردنـى هەیـە لـە زیادکردنەکـە سـەر لـە بەرێوەبەرایەتـى خانووبـەرەى میـرى لـە دهـۆك بـدات لـە مـاوەى (١٥) رۆژ کـە دەسـت پـێ دەکات لـە رۆژى دواى بڵاوکردنـەوەى سـەعات (١٠) ى سـەر لـە بەیانـى بـە مەرجێـك بارمتـەى یاسـایى (٢٠٪) یەدەگـى پێـى بێـت لەبـرى پـارەى خەملێـنراو گشـت خەرجیەکانـى بەکـرێ دانیـش لـە ئەسـتۆى کرێچیـە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەرى گشتى باجەکان و خانووبەرەى میرى
***
سـەرۆکایەتى دادگاى تێهەڵچونـەوەى ناوچـەى هەولێـر
دادگاى بارى کەسێتى ل سلێمانى / ٣
ژمارە : ٥٩٩ / ش / ٢٠١٧
بەروار : ١٩ / ١١ / ٢٠١٨
ئاگانامە
داواکار : مبروکە عبدالله قادر
داوالەسەرکراو : ڕێباز محمود قادر
ئـاگادارت ئەکەینـەوە داواکار (مبروکـە عبدالله قـادر) داوایەکـى بـە ژمـارە (٥٩٩ / ش / ٢٠١٧/) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت، وە ئـەو دادگایـە بڕیـارى لاى خـۆى دەرکـرد لەبـەروارى (٢٠١٨/٣/٤) بـە راسـتکردنەوەى بەڵگەنامـەى شرعـى قسـامى ژمـارە (٤٦٢/ قسام/٢٠١٦ کـە لـە ٢٠١٦/٢/١٠ دەرچـووە، وە لەبـەر نادیـارى شـوێنى نیشـتەجێبونت دادگا بریـارى دا ئـاگادارت بکاتـەوە بەهـۆى دوو رۆژنامـەى ناوخـۆى رۆژانـەوە وەئەگـەر لـە ماوەى یاسـاییدا هەڵنەسـێت بـە تانـە لێدانـى یـان پیاچوونـەوەى (تمیـزى بریارەکـە) ئـەوا بریارەکـە پلـەى کۆتایـى وەردەگرێـت بەپێـى یاسـا ..
دادەر / قادر بارام فتاح
***
سـەرۆکایەتى دادگاى تێهەڵچونـەوەى ناوچـەى سـلێمانى
دادگاى بارى کەسێتى / ٢
ژمارە : ٣٧٠٨ / ش / ٢٠١٨
بەروار : ٢١ / ١١ / ٢٠١٨
ئاگادارى
داواکار : لۆرین محمد حمزه
داوالەسەرکراو : رائد عبدالقادر زینل
(لۆریـن محمـد حمـزە) داوایەکـى بـە ژمـارە (٣٧٠٨ / ش / ٢٠١٨) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت،وە لـەم داوایـەدا هاتـووە کـە داواى جیابونـەوە دەکات بەهـۆکارى (الهجـر) واتـە بەجێهێشـتن ، وە لەبـەر نادیـارى شـوێنى نیشـتەجێبونت دادگا بریاریـدا ئاگادارتـان بکاتـەوە بەهـۆى دوو رۆژنامـەى ناوخـۆى رۆژانـەوە بـۆ ئامادەبونتـان لەبـەردەم دادگایـە لـە رۆژى دادبینـى کـە دەکەوێتـە (٢٠١٨/١٢/١٢) سـەعات (١٠:٣٠) ى سـەرلەبەیانى بـە پێچەوانـەوە ئامادەنەبـن خۆتـان یـان بریـکارێ نەتیـرن ئـەوا داواکـە ئەبینـێ بەپێـى یاسـا .....
دادەر / د.طه عمر رشید
***
دادگاى بارى کەسى هەولێر/٢
ژمارە:٣٨٨٨/ش٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٨/١١/٢١
جاردان
بۆ داوالێکراو سلیمان محمد مصطفی شوێنى دانیشتنت نادیارە
دادگا لـە داواى ژمـارە ٣٨٨٨/ش٢٠١٨/٢ وە لەبـەروارى ٢٠١٨/١١/١٤ بریاریـدا لەسـەر (اثبـات نسـب) هـەردوو مندالەکـەى بەنـاوى احمـد و لانیـا لەنێـوان تـۆ و داواکار بـشرى احمـد مـراد لەبـەر ئـەوەى شـوێنى دانیشـتنت نادیـارە بەپێـى ئیشـعارى موختـارى هەولێـر/ گەرەکەکانـى ٩٩ زانکـۆ و مامۆسـتایان زانکـۆ) بۆیـە دادگا بڕیـارى بـە پێراگەیاندنـت بـەهـۆى دوو رۆژنامـەى ناوخۆیـى تـۆ مافـى نارەزایـى و پێداچوونـەوەت هەیـە لەمـاوەى یاسـایى ١٠ دە رۆژ لـە رۆژى بلاوکردنـەوەى ئـەم جاردانـە, بـە بەڵگەنامـەوە بڕیارەکـە پلـەى بنبـر وەردە گرێـت.
دادەر/طارق حسین کریم
***
دادگاى بەرایى هەولێر/٦
ژمارە/ ٢٤٠٥/ب/٢٠١٨/٦
رێکەوت: ٢٠١٨/١١/١٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەرى رێپێدراوى کۆمپانیاى (اسد بابل)
داواکار (حسـن هـادى روسـتم) داواى ژمـارە (٢٤٠٥/ب/٢٠١٨/٦)ى لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لـە سـەرتان وە لەبـەر ئـەوەى شـوێنى دانیشـتنى نادیـارە بەپێـى اشـعارى مختـارى (گەرەکـى ئەفسـەران) لـە ٢٠١٨/٩/١٣ بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـارى دا بـە پێراگەیاندنـت لـە رێـگاى دوو رۆژنامـەى رۆژانـەى ناوخۆیـى ئامـادە بـۆ لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ رۆژى دادبینـى (٢٠١٨/١٢/١٠) کات (٩)ى بەیانـى بـە پێچەوانـەوە دادبینـى بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.
دادەرى یەکەم / کاوە صدیق حسن

دانة غاز DANAGAS
Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Safety Officer
Direct Supervisor	Drilling Manager
Department	Drilling
Contract Type	Consultant
Job Location	Chamchamal / Qader Karam – Kurdistan Regional Government
Document Ref: SO/D/Nov/18	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Provides the support necessary to contribute towards efficient health, safety and environmental management in order to create secure, safe and healthy working conditions throughout the site, while protecting the environment during construction and maintenance and operations. Reports to the Drilling Manager.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
1. Carries out HSE audits and work site inspections.
2. Participates in the second step programme.
3. Interprets HSE information into other languages.
4. Carries out permit to work audits as part of a daily routine.
5. Reports any unsafe behaviours, unsafe acts and conditions to HSE Manager & Senior HSE Officer.
6. Maitains a high standard of safety leadership at all times.
7. Promotes the reporting of unsafe acts and conditions to the workforce.
8. Prepares and distributes HSE posters and information.
9. Participates in emergency drills and share lessons learnt.
10. Delivers safety awareness sessions and monthly themes.
11. Monitors daily site activities for safe working practices.
12. Auditing HSE procedures at well site and camp site to make sure that Company's standards are implemented by all contractors.
13. Determine and follow up the requirement of PPE for the Company's staff and workers.
14. Prepare the weekly safety report.

Communication and Reporting
15. Reports to the Drilling Manager on work responsibilities within the field.
16. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
17. Develops own professinal expertise through optimising on-the-job and additional training and experential opportunities

دانة غاز DANAGAS
Crescent Petroleum

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree in an HSE related study.

Minimum Professional Experience Required

Minimum of 5 years' experience as Safety/ HSE Officer and of safety management systems and procedures in Drilling site.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 30 November 2018

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, German Village, Villa # 22
OR
Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Safety Officer: Ref: SO/D/NOV/18)

نەتالی ساروت پێشەنگێکی رۆمانی نوێی فەرەنسی




ئاکۆ عەبدولا

نەتالیا ساروتی نووسەر و رۆمانnووس و شانۆنووس،لەتەک هەریەک لە ئالان رۆب گرێ و کلۆد سیمۆن و میشال بوتۆر و مارگریت دوراس بە دامەزرێنەرە سەرەکییانی رۆمانی نوێی فەرەسی دادەنرێت. ئەو ستایلەی کە لە رۆمانی ئەوروپی دوای جەنگی دووەمی جیهانی وەرچەرخانی کرد و کاریگەری و کاردانەوەکەشی بەسەر رۆمانی نوێی جیهانیشدا بەدیارکەوت. لەلایەکی دیکەوە ناوبراو بە تیۆردارێژێکی رۆمانی سایکۆلۆژی دادەنرێت کە لە رۆمانەکانیدا بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ. جەختیشی لەوە دەکرد ئافرەت چۆن بتوانێ بەشێوەیەکی گشتی،وێنەیەکی سایکۆلۆژی مێینەتی پێشکەش بکات،کە چەمکەکەی بۆ زۆر بەی لایەنەکانی ژیان،جیایە لە چەمکی پیاو.

نەتالیا ئیلینیچنا تچیرنیاک Natalia Ilinichna Tcher-niakناسراو بە نەتالی ساروت Nathalie Sarraute‌ـوە لە 18ی تەمموزی سالی 1900لە خێزانێکی جولەکەی ناو شاری ئیڤانۆڤۆی (کە ئەوسا بە ڤۆزنیسینکی پێدەوترا) لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای قەیسەری هاتەدونیا. ئیلیا تچیرنیاکی باوکی،ئەندازیاری بواری کیمیابوو. کاتێک تەمەنی نەتالی گەیشتە دوو ساڵ،دایک و باوکی لە یەکتری جیابوونەوە. سەرەتا لای دایکی ماوە و لەنێوان شارەکانی سانت پترۆسبۆرگ و پاریس ژیا. بەڵام دواتر کەوتە لای باوکی و لەبەر ناتارامی بارودۆخی ژیان لەناو ڕووسیا،سالی 1909لەگەڵ باوکی بەرەو پاریس چوو و لەوێدا نیشتەجێبوون. باوکیشی ژنێکی دیکەی هێناوە و ئەویش لەگەڵیاندا بە ئارامی ژیا. نەتالی هەر لە منداڵیەوە هۆگری خوێندنەوە بوو،باوک و زۆرایکی نووسەربوون و ژینگەیەکی گونجاویان بۆ دروستکرد. ئەوسا بەرهەمەکانی مارسیل پرۆست و ڤیرجینیا وۆلف و دواتریش دۆستۆیەڤسکی وهایان لێکرد،ڕوانینێکی تایبەت بەرامبەر بە رۆمان وەربگرێت. دوای تەواوکردنی خوێندنی دوانەوەندی،سەرەتا لە زانکۆی سۆربۆن یاسا و ئادەبی خوێند کە زۆر شەیدای ئەدەبی هاوچەرخ بوو. دواتر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد میژوو و لە زانکۆی بەرلینیش کۆمەڵناسی خوێند. ئینجا بووە پارێزەر و خەریکی ئەو کارەبوو. سالی 1925شوی بە ڕەمۆند ساروتی هاوڕێ پارێزەرەکەی کرد. هاوکات گرنگی بە نووسینی بابەتی هزریدا و سالی 1932دەستنووسێکی بۆ زۆر خانەی بڵاوکردنەوە برد،بەڵام ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەیان بۆی دەرنەبڕی،تا لە سالی 1935توانی بەناوی (پارچەکان Tropismes) بڵاویبکاتەوە. کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە بابەتی کورت و بەشێوەیەکی شیعری داڕێژرابوون. ئەو بەرهەمە ناوی پارچەکان بوو بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمێکی تەواو،ئەدگارە سەرەکییانی ئەزمونە شۆڕشگێڕییە نوێیەکەی لە بواری ڕۆمانی نوێ گرتۆتەخۆ و وەک یەکەم کۆڵەگەی دەرکەوتنیشی وابوو. بۆیە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو. ئەوسا شارەزانیان و ڕەخنەگران بە گرنگی هەڵیانسەنگاند. لە سالی 1957دوای ئەوەی هەندێک بابەتی دیکەی بۆ زیادکرد،جارێکی دیکە بڵاویکردەوە.

لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانی ساروت لەناو فەرەنسا ناخۆشی زۆری بینی. سالی 1941بەگوێرەی یاساکانی حکومەتی ڤیچی،لەبەر ئەوەی جولەکە بوو،نەدەبوو لە کاری پارێزەریەتی بەردەوامبێ،بێگومان ئەوسا فەرەنسا کەوتبووە ژێر چەپۆکی نازیە داگیرکەرەکان. ئەویش بۆ پاراستنی هاوسەرەکەی ڕێوو شوێنی جیابوونەوەی گرتەبەر و زیاتر خۆی شاردەوە و سالانێک لە شاری بارمین لە مالەکەی خۆی وانەی وتەوە و زۆربەی کاتی خۆشی بۆ نووسین تەرخانکرد. هەرچەندە دواتریش بە بەراورد بە تەمەنە درێژەکەی و توانستە تۆکمەکەی،زۆری نەنووسی،بەڵام لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوامبوو کە نووسینەکانی سەنگین و تۆکمە و قورس و پڕ لە پەنهان بن!

لە سالی 1948ڕۆمانی (پڕترێتی کەسێکی نامۆ Por-trait d'un inconnu) بڵاوکردەوە. جان پۆل سارتەری گەورە هەزرمەند و ئەدیب،پێشەکی بۆ ئەو ڕۆمانە نووسی و تێیدا ئاماژەی بەوەداوە (ئەوە دژی ڕۆمانە و وەک ئەوە وایە ڕۆمانێکی پۆلیسی بخوێنیەوە). لە کۆتایشدا نووسی (کتێبێکی قورس و نایابە). لە سالی 1953ڕۆمانی (مارتیریو Martereau)ی بڵاوکردەوە. ناوەڕۆکەکەی باس لە پەشێوی ناوەوەی خێزان دەکات. پاڵەوانە سەرەکییەکەی مارتیریو ی ناوە،هاوڕێی خێزانێکە،پیاوێکی نەرمە و وردە وردە کێشەکانی خێزانەکە شیدەکاتەوە لە کۆتایشدا شتێک لە کەسایەتییەکەی نامێنێت،جگە لە چەند سەرەداوێکی ئەگەرەکان نەبێ. ئەو بەرهەمەش لای ڕەخنەگران و خوێنەران پێشوازی گەرمی لێکرا. مارتیریو تاکە پاڵەوانی نووسەرە کە لە ناو ڕۆمانەکانیدا ڕاستەوخۆ ناوی هاتبێت،چونکە بەشێوەی گشتی پاڵەوانی بەرهەمەکانی دیکەی،بەناوی مام و پور و کابرا و ئەو و ڕاناوەکانی دیکە ناویان هاتووە.



لە سالی 1956کتێبی (چاخی گومان 'Le (ère du soupçon ی بڵاوکردەوە کە لە بارەی بابەتی جۆراوجۆر،کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی گرتۆتەخۆ،لەوانە ڕوانین و هەڵسەنگاندن لە بیروباوەڕی ئایینی و چەمکە تەقلیدیەکان. هەروەها تێیدا لێکۆڵینەوەی لە بارەی هەر یەک لە پول ڤالیری و گۆستاڤ فلوبێر کردووە. ئەوەشیان وەک بەیانی فەرمی جولانەوەی ڕۆمانی نوێ دادەنرێت.

لە سالی 1959ڕۆمانی (گومەزی ئاسمانی Le Plan-étarium) بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەدا لایەنی گێڕانەوەی فەرامۆشکردووە،دەکرێت وەک سیمبولێک بۆ کارێکی داهێنانی و جۆرێک لە کۆمەیای ڕابواردنانە لێبڕوانین. لە ناویدا بۆ بەدیارخستنی جیاوازی لە بەهای ڕۆشنبیری. چەندان لاپەڕەی بۆ بەراوردکردن لە نێوان شوانێک و کورسییەک تەرخانکردە. هەروەها تێیدا جەختی لە گومانی لاوێک لەبەرامبەر شوقەکەی پوری کردووە.

لە سالی 1963ڕۆمانی (میوەی زێڕین Les Fruits d'or)ی بڵاوکردەوە. ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەش باس لە ژینگەیەک دەکات کە سەرنجی ڕاکێشابوو. پێکهاتەکەشی بەگشتی بریتییە لە دەنگەکانی ڕاناوی قسەکەری نادیار،بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناسنامەی ئەو کەسانە بکات کە ئەو ئامرازانەیان بۆ بەکارهێناوە. بێگومان بەوەش خوێنەر دەبێت زۆر هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. دەکرێت بڵێین نەتالی ساروت لەناویدا تەکنیکی ڕۆمان لە ناو ڕۆمانی بەکارهێناوە. بەهۆی ئەو بەرهەمە خەڵاتی ئادابی نێودەوڵەتی پێبەخشرا. بەوەش لە جیهاندا زیاتر ناسرا.

لە سالی دواتر شانۆگەری (بێدەنگی Le Silence)و لە سالی 1966شانۆگەری (درۆ Le Mensonge)و لە سالی1968ڕۆمانی (لەنێوان ژیان و مردندا Entre la vie et la mort)ی بڵاوکردەوە. لەو ڕۆمانەشدا بە هەمان شێوەی ستایلی پێشوو،ئامرازی کەسی نادیاری بەکارهێناوە. لە سالی 1970شانۆگەری (ئیسما یان ئەوەی پێیدەڵێن شت ou ce qui sappelle،Isma (rien)و لە سالی 1972کورتە ڕۆمانی (ئایا گوێت لێیانە ? Vous les entendez)ی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەی دوایدا ساروت هەوڵیداوە جۆرێک لە چونەناوەوە لەنێوان هێلەکانی هەستی نزیک بەیەک بەدیاربخات. بۆیە خوێنەر دێنێ و دەبات،بە جۆرێک سەرەتا خەیاڵی بۆ شتێک بچێت بەڵام دواتر دەردەکەوێت پاڵەوانێک کە لەگەڵ هاوڕێیەکەی دانیشتووە،گوێی لە دەنگی منداڵەکانیەتی یاخود وەهای بە خەیاڵدادێت گوێبیستی دەنگە کە دەنگی پێکەنینی تەنزاویانە و ڕەقە و دەنگەکانیش لە کاتێک بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێن.

لە سالی 1976ڕۆمانی (گێلەکە دەڵێت (disent les imbéciles و لە سالی 1978شانۆگەری (ئەو لێرەیە (.Elle est là و لە سالی1980ڕۆمانی (بەکارهێنانی وشە L'Usage de la parole)و لە سالی 1982شانۆگەری (بەڵێ یان نا Pour un oui ou pour un non)ی بڵاوکردەوە. هەر لەو سالەدا خەڵاتی گەورەی نیشتیمانی بۆ ئاداب پێبەخشرا. لە سالی دواتر ڕۆمانی (منداڵی (Enfanceی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەیدا کە بە بایۆگرافی یاخود یاداشت دەچێت،گەڕاوەتەوە سەر چیرۆکە تایبەتییەکانی خۆی. واتا ئەو یاداشتی نەنووسیوە بەڵکو چیرۆکی خۆی،یادگارییەکی سەردەمی منداڵی لە ڕووسیا،خستۆتەڕوو.

لە سالی 1986کتێبی (Paul Valéry et l'enfant d'él-suivi de Flaubert،éphant (précurseur ای بڵاوکردەوە کە تایبەتبوو بە پۆل ڤالیری و گۆستاڤ فلوبێر. لە سالی1989 ڕۆمانی (تۆ خۆزت خۆشناوێ Tu ne t'aimes pas)و لە سالی1995ڕۆمانی (لێرەدا Ici) ی بڵاوکردەوە. ڕەخنەگران ئەو بەرهەمەی دوایی بەیەک لە نمونە داهێنانەکانی دادەنێن. لەناویدا نە گرێ و نە کەسایەتییەکان بەواتای تەقلیدی نابینین،نەک هەرئەوەندە بەڵکو تێیدا ناوی هیچ کەسێکی نابینین. لێرەدا مەبەستی لە شوێنی مرۆڤە لە ناو زەمەن و شوێنداـ. بۆیە دەبینین چیرۆکخوێن بەناو یادەوەریەکانی دەگەڕێت و هەوڵدەدات وشە یان ساتی وەها بدۆزێتەوە کە لەناو تاریکایی زەمەن کەوتووە. لە سالی دواتر ڕۆمانی (تەواوی کارەکان (Œuvres complètesی بڵاوکردەوە. هەر لەوسالەدا خەڵاتی یەکێتی نووسەران و شانۆنووسانی پێبەخشرا. لە سالی1997ڕۆمانی (کرانەوە (Ouvrezی بڵاوکردەوە. بەمجۆرە بەردەوامبوو تا لە ڕۆژی19ی تشرینی یەکەمی سالی 1999لە شاری پاریس کۆچیدوایی کرد. دواتر لە سالی 2017کتێبی (Lettres d'Amérique)ی بڵاوکراوە.

جیهانی ئەدەبی نەتالی ساروت سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێو و پەناو پەسیوە. بە هەستە نادارییەکان و داڵغە و ئارەزووەکان پڕی کردووە. لەلایەکی دیکەوە ناوبراو بە پێچەوانەی ئالان ڕۆب گرێ کە ئەویان ڕووبەڕووی واقیعی دەرەکی ببۆوە. لە واقیعی ناوەوە مەلەی دەکرد. ئەمەو کە ڕۆب گری بە بابەتیانە دەینووسی و لەناویدا کەسایەتی ڕەتدەکردەوە و بەشێوەی ئامرازی قسەکەری بەکاردەهێنا،ساروت لە نیشتوەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو هەڵیدەهێنجا. ڕستە و دەستەواژەی کورت و هەندێک جاریش یەکتربڕی پڕ واتای بەکاردەهێنا. ئەمەو ئەگەر ئالان وێنەی کێشابێ و بیلۆریش ڕەنگیکردبێ،ئەوە ساروت لایەنی دەڕوونی گرتبوو،تا ئەوەی ناخی خۆی دەربڕێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ساروت داکۆکی لەوە دەکرد ڕۆمانەکانی بۆ کاتبەسەربردن و پشوو و سوپرایزەکان نەنووسراون،بەڵکو زمانێکی قوڵن. لە ناو زۆربەیاندا زمانێکی قورس و پێداگرتن لە چونە ناو ڕۆمان. بەشێوەیەک کە پێشتر نەناسرابوو کردووە. هەروەها لە زۆربەیان لەوانە،(تۆ خۆزت خۆش ناوێت،لێرە،کرانەوە) ،لە هونەری ڕۆمانی دەستبەردابووە. ئەمەو لە شانۆگەریەکانیشدا ستایلێکی تایبەتی لەو هونەرە گرتبووەبەر کە لەناویاندا پێوەندییەکانی نێوان کەسەکان و پێوەندی نێوان کۆمەڵگەکان و ئەو ڕێگەیانەی کە کاریگەری لە مرۆڤەکان دەکەن خستۆتەڕوو. هەروەها مەلمەلانێ و ئەو ناخۆشیانەی دووچاری هەمووان دەبێتەوە،لە وانە ململانێییەکانی نێوان نەوەکان کە لە پاشخانی چینایەتی و کەلتوری جۆراوجۆر دێتەئارا. هەروەها ئەو ڕێگەیانەی کە بەهۆیەوە لەیەکتری دەگەن یاخود یەکتری لەخشتەدەبەن،بابەتی سەرەکی شانۆگەریەکانیەتی.

زەرتۆشت یان زەردۆشت یان ئاشو زەرتۆشت یان زەردەشت

بەشی دووەم
ئەحمەد حاجی مەولود



پەیڕەوانی زەرتۆشت بەناوی مەجوس، گەبر و پارسی ناو دەهێندرێن (لە هیندوستان بە پەیڕەوانی زەرتۆشت دەگوترێ پارسی).

ناوی زەرتۆشت بە پێی نووسراوەکانی زمانی ئەڤێستایی "زرائۆشترا" بووە. ئەو ناوە پێکهاتووە لە "زەرەت" کە بە واتای زەرد یان زێڕ بوون یان پیر دێت و "ئۆشترا" کە هەندێک دەڵێن "ئاسترا" بە واتای ئەستێرەیە. "ئەو کەسەی کە وشتری زەردی هەیە"، "ئەو کەسەی وشتری پیری هەیە"، "ئەو کەسەی وشتری بە جەرگی هەیە"، "دەرەوشاوە و زەرد وەکو زێڕ"، "کوڕی ئەستێرە"، "ئەستێرەی دەرەوشاوە", "ڕووناکی زەرد". ئەوانە واتای جۆراوجۆرە، کە تۆێژەران بۆ ناوی زەرتۆشت کردویانە، ئیملای ناوی زەرتۆشت لە ئینگلیزی zoroaster لە ئیملای یۆنانی وەرگیراوە، کە وشەی "Asterئەستێرە" لە خۆ دەگرێ، ڕەنگە بەم هۆیە بێت، ئەم پێغەمبەرە دوایی بوویتە سەرچاوەی زانستی ئەستێرەناسی.

ناوی ئەڤێستایی ئەو "زرەئۆشتر"ە، بە واتای کەسێک کە بەڕێوەبەری وشترەکانە، ناوی فارسی کۆنی ئەو "زرەئۆشترە" -za-raushtraو شێوازی مادی ئەو "زرەتۆشترە" -zar-atushtra"ـووە کە زرەئۆشترەی ئەڤێستایی و زەردۆشتی پەهلەوی لەو دروست بووە.

تەبەری و هەندێک لە میژوونووسان دەڵێن خەڵکی فەلەستین بووە و لەوێ بۆ ئێران هاتووە. هەندێک دەڵێن خەڵکی ئازەربایجان بووە و لەسەر بەرزایی شاخێک بانگەوازی خۆی دەستپێکردووە، بۆیە ناوی دەریاچەی ئورومیە لە کتێبەکانی ئایینی زەرتۆشت پیرۆزە.

سەردەمی سەرهەڵدانی زەرتۆشت

سەردەمی سەرهەڵدانی زەرتۆشت، لەگەڵ هەموو تۆێژینەوەکانی زانایانی کۆن و نوێ هێشتا شاراوەیە. هەندێک لە تۆێژەران کەڵکیان لەوێکچوونی ناوەکان وەرگرتووە، گەشتاسپ (وێشتاسپ) باوکی داریۆشی یەکەمی هەخامەنشی لەگەڵ دایکبوونی زەرتۆشت لە نێو تۆێژەران و میژوونووسان بابەتێکە قسەی زۆری لەسەر کراوە، ئەم جیاوازە لە 600تا 1200بەر لە زایینە.

ئۆدۆکسوس کنیدوسی، کە لەسەردەمی ئەفلاتون بووە، سەردەمی سەرهەڵدانی زەرتۆشت زۆر کۆن دادەنێ.

کۆمەڵگەی زەرتۆشتەکانی ئێران، سالی لەدایکبوونی زەرتۆشت 1768بەر لە زایین و سالی گیان لەدەستدانی ئەو 1691بەر لە زایین دادەنێن.

لە کتێبی "بندهشن" هاتووە کە زەرتۆشت 258ساڵ بەر لەنیوچوونی زنجیرە پاشایەتی هەخامنشی بوویتە پێغەمبەر، بەڵام سەرچاوەی دیکە دەڵێ: 300سال بەر لە هێرشی ئەسکەندەر بۆ ئێران بوویتە پێغەمبەر، لەبەر ئەوەی ئەسکەندەر 330ساڵ بەر لە زایین هێرشی کردۆتە سەر ئێران، میژووی لە دایک بوونی زەرتۆشت دەوروبەری 660 ساڵ بەر لە زایین بووە. هەندێک لە تۆێژەران کەڵکیان لەوێکچوونی ناوەکان وەرگرتووە، گەشتاسپ (وێشتاسپ) باوکی داریۆشی یەکەمی هەخامەنشی لەگەڵ گەشتاسپ شا یەکیان داناوە، بۆیە سەردەمی زەرتۆشت بۆ 5 سەدە بەر لە زایین دادەنێن.

زێدی زەرتۆشت

سەرەڕای ئەوەی تۆێژینەوەیەکی زۆر لەبارەی زێدی زەرتۆشت کراوە، بەڵام هێشتا یەکلا نەبووبیتەوە. گاتاکان کە تەنیا سەرچاوە لەبارەی ژیانی زەرتۆشتە هیچ زانیارییکی ڕوون چ لەبارەی لەدایکبوونی و چ لەبارەی شوێنی لە دایک بوونی و چ لەبارەی ئەو ناوچانەی بانگەوازی تێدا کردووە، بەدەست نادات. لە چەندین بەشی پشتەکان شوێنی بانگەوازی ئایینی زەرتۆشت ئێران هیچ هاتووە.

لە سەرچاوەکانی زمانی پەهلەوی (زمانی فارسی سەردەمی ئەشکانیان و ساسانیان) و هەروەها لە کتێبە عەرەبی و فارسییەکان، ئێران هیچ هەر ئازەربایجانە. زانایان وشەی ڕەسەنی مادی یان فارسی کۆن نابیندرێ. ئێستا زۆربەی زانایان و ئێرانناسەکان، ئێران هیچ، خوارزەم لە قەڵەم دەدەن و زێدی زەرتۆشت ئەوێ دادەنێن ژ خوارەزم ناوچەیەکە ئێستا دەکەوێتە نێوان تورکەمنستان و ئۆزبەکستان.

ڕەچەڵەک و بنەماڵەی زەرتۆشت

دایکی زەرتۆشت دوغدو کچی "فری هیم ڕەوا" و باوکی ئەو "پوروشسب" بووە. ناوی بنەماڵەی ئەو زەرتۆشت ئەسپنتمان بووە. بەرهەمی زەماوەندی پوروشسب و دوغدو، پێنج کوڕ بووە، کە زەرتۆشت سێیەمینی ئەوانە.

زەرتۆشت 3جار زەماوەندی کردووە. ناوی هاوسەری یەکەم و دووەمی نەزانراوە.

ژنی سێیەمی "هووی" ناوە. هووی لە بنەماڵەی "هووگو" و دەڵێن کچی فرشوشترە، وەزیری ئەو جاماسب بووە.

هاوسەری دووەمی ئەو، دوو کوڕی بەناوەکانی "ئوروتەتنەرە" و "هوەرچیسزە" بەدنیا هێناوە و لە خێزانی سێیەم هیچ منداڵی نەبووە.

یەکەم کەس کە باوەڕی بە زەرتۆشت هێنا، میدیوماە بوو، کە کوڕە مامی زەرتۆشت بووە.

ژیانی زەرتۆشت

ئەگەرچی لەو ئەڤێستایەی لەبەردەست دایە، جار و بار ئاماژە بە ناو و بنەماڵە و هەندێک ڕووداوی ژیانی زەرتۆشت دەکرێ، بەڵام زۆربەی ئەو زانیارییانە لە سەدەکانی دواتر نووسراونەتەوە. ئەو زانیارییانەش بە شێوەی ڕێکوپێک نەهاتووە. دەڵێن ژیاننامەی زەرتۆشت لە 3بەش لە 21بەشی ئەڤێستا دابووە، کە ئەو بەشانە بریتیبوون لە "سپند"، "چهرداد" و "وشتاسب ساست". دەقی ئەو بەشانەی ئەڤێستا و هەروەها وەرگێڕاوە پەهلەویەکەی لە بەردەست دا نییە، بەڵام کورتکراوەی ئەو بابەتە لە کتێبی هەشتەمی "دینکەرت" هاتووە.

زانیاری دروست لەبارەی ژیانی زەرتۆشت زۆر کەمە، ئەوەی لە ئەڤێستا و سەرچاوەکانی پەهلەوی هاتووە. زیاتر لایەنی ئەفسانەیی لەخۆ دەگرێ. ئەگەرچی هەندێک لایەنی ڕاستیشی تێدا هەیە. ئەوەی لە دەقی ئەڤێستا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە زەرتۆشت لەسەردەمی منداڵی دەرسی ئایینی خوێندووە. چونکە لە گاتاکان (یەسنی ?33بەندی (1خۆی بە "زوتەر" ناو بردووە، ئەوەش زاراوەیەکە، بۆ پیاوێکی بەدین بەکار دەبردرێ، کە مەرجی تەواوی تێدا هەبێت. لە گاتاکان (یەسنی (43ئاماژە بە وەرگرتنی سرووش کراوە لە ئەهورامەزدا.

زەرتۆشت لە بانگەوازی ئایینەکەی تووشی کۆمەڵێک لەمپەر بووە. لە سرووەکانی خۆی (یەسن 46بەند (2قسە لە هەژاری و کەمی لایەنگرانی دەکات و گلەیی لەوانەی پێشگۆیی دەکەن و هەروەها پێشەوایانی ئایینی سەردەمی دەکات و ناوی دوژمنەکانی دێنێ. لە کۆتایی بڕیار دەدات کە زێدەکەی خۆی بەجێبهێڵێ و بچێتە سەر زەوی دراوسێیان، کە لە ژێر دەسەلاتی گەشتاسپ دابووە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/11/22 ژمارە (5638)
خەبات

شکسپیر لە مێزگردێکی سینەماکارە



حەیدەر عەبدولڕەحمان

وێڕای تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر مانّاوایی شکسپیر، بەڵام سینەمای جیهانیی ناوە ناوە دەگەڕێتەوە سەر شانۆگەرییەکانی شکسپیر و شانۆگەرییە تراژیدی و کۆمێدیەکانی دەکات بە بەرهەمی سینەمایی و بە چەندین فۆرمی جیا جیا لەیەکتر پێشکەشی دەکاتەوە.

بۆیە گۆڤاری Cineasteی سینەمای ئەمریکی، لە دوا ژمارەی خۆیدا، چەند پرسیارێکی ئاراستەی چەند گەورە دەرهێنەرێکی جیهانیی کردووە، لەوانەی بەرهەمە شانۆییەکانی شکسپیریان کردووە بە فیلمی سینەمایی، لەوانە: (بیتەر بڕۆک) کە ساڵی 1971فیلمی لیر پاشای دەرهێناوە، (بیتەر هۆل) کە فیلمی خەونی نیوەشەوی هاوین 1968و (ریتشارد لیونکرین) فیلمی ریتشاردی سێیەم 1995باز لوهرمان دەرهێنەری ڕۆمیۆو جولیێت 1996 ئولیڤەر پارکر دەرهێنەری ئۆتیللۆ 1996ڕۆمان بۆلانسکی دەرهێنەری ماکبیس 1971 فرانکۆ زیفرللی دەرهێنەری فیلمی ـ راهێنانی پلنگ 1967ڕۆمیۆ جولیت 1967هاملیت 1995تریفور نان ـ دەرهێنەری فیلمی شەوی دوانزەهەمین 1996.

٢-١

*** پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دەکرێ لەو فیلمانەدا دەق کورت بکرێتەوە، یا دەسکاری تێدا بکرێت؟**

بیتەر هۆل:

لە راستیدا دەقەکانی شکسپیر لە ڕەسەندا بۆ شانۆ نووسراون، بە خەیاڵ بردنی نێوان ئەکتەرو بینەرە، ئەو نیشانەیە ئامانجی سەرەکییە، من خودی خۆم ئارەزووی بینینی شکسپیر ناکەم لە شاشە، وەک چۆن ئارەزووی بینینی ئۆپیراش ناکەم لە دەرەوەی شانۆ، بەڵێ ئەگەر بتەوێ کار لە سەر شکسپیر بکەیت بۆ سینەما، دەبێت کورتی کەیتەوە، دەسکاری بکەیت، بەڵام تۆ ناتوانی ئەوە لە گەڵ مۆزارت یا ڤاگنەردا بکەیت، بۆیە من پێم وایە باشترین ئەو فیلمانەی لە بەرهەمەکانی شکسپیر وەرگیراون، لە شکسپیر دوور دەکەونەوە، وەک کارتە گەشتو گوزاریەکان لە تابلۆ ڕەسەنەکاندا.

ریتشارد لونکرین:

ئەگەر بتەوێت فیلمێک لە شانۆگەریەکی شکسپیر وەک خۆی بۆ بینەرێکی هاوچاخ بە بەرهەم بێنی، چێژی لێ وەرناگرێ، چونکە شکسپیر 400ساڵ پێش ئێستا ریتشاردی سێیەمی نووسیوە، ئەو کاتە خەڵکی لە وشە راهاتبوون، نرخی وشەیان دەزانی، ئەوەندە بایەخیان بە چاو نەدەدا، شتێ نەبوو بۆ رازاندنەوەی دیمەن، وەک تەلەفزیۆن و سینەما، تەنیا وشە بااڵ دەست و جێگەی بایەخ بوو، لە گێڕانەوەی سەربوردەی ریتشاردی سێیەم دا، هەموو شتێکمان هەیە، لە کارتێکردنە تایبەتەکان و موزیک و ڕەگەزەکانی دیکەی کارتێکردن، بەڵام شکسپیر بە وشەو زمان، بۆیە لە کاری سینەماییدا بۆت هەیە دەسکاری دەق بکەیت، نەریتەکانی شکسپیریش هەر وابوو کە دەتوانی دیمەنێک یا دایەلۆژێک بگوازیتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەمیشە شکسپیر خۆی ئەو شێوازەی بەکار دەهێنا.

باز لوهرمان:

فەلسەفەی ئێمە لە گواستنەوەی ڕۆمیۆ و جولیێت ئ بۆ سینەما ئەوەبوو کە نهێنی گێڕانەوەی سەربورده بە گۆرانی ڕۆمانسی ئاشکرا بکەین، لەو ستراتیژیەتەدا خۆمان دوور خەینەوە، لە لابردنی وشەی ئەو گۆرانیانە، بەڵکو پاراستنیان بە بۆنو بەرامی خۆیانمانەوە پێ باشتر بووە، بەڵام ئازادی خۆمان وەرگرت لە بونیاتنانەوەی دەقەکە، پێمان وابوو گرنگ پاراستنی ئامانجە بنەڕەتیەکانی شکسپیر بێت، هەمیشە بۆ ڕەواندنەوەی بێزار بوونی بینەر و چێژ پێ بەخشینی شکسپیر هەموو ئامرازەکانی خۆی بە کار دەهێنا، هەر لە کۆمێدیای سووک، هەتا جەرگ بڕین ترین تراژیدیا، بەکارهێنانی ئەو گۆرانیە میللییانەی خەڵک حەزیان لێ دەکات، ئێمەش بە هەمان شێوە لە سینەمادا هەموو ئامرازێکمان بە کارهێناوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی بینەر،

تریفۆرنان:

لە کاتی دەرهێنانی فیلمی شەوی دوانزەهەمین ـ زۆر شتم کردووە کە ڕەنگە هەستی هەندێ لە هەوادارانی شکسپیر بڕیندار بکەم، پێشەکییەکی بەرایم (بریلۆج) نووسیوە، چونکە بینەر پێویستی بە بەرچاو ڕوونی هەیە، چەند گۆڕانکاری تریشم کردووە، هەوڵم دا پەیوەست بە دەقەکە بم، بەڵام لە ئەنجامدا تا 65% ئەوەم بۆ کرا، بۆیە من لە ڕووی پابەند بوون بە دەقەوە دەتوانم خۆم بە سەرکەوتوو بزانم، بە بەراورد لە گەڵ ئەوانی تر کە ناتوانن سەدا نیوەش پابەندی دەق بن.

ئۆلیڤەر پارکر:

من ستراتیژیەتێکی دیاری کراوم نیە بۆ لابردنی دەق یا لانەبردنی، ئەمە بە پێی تێڕوانینی خۆم دەگۆڕێت لە خوێیەکی سەیر لەڕەفتاری سابیر سەربەهەڵدائەویش ئەوەبوو لەگەرمای نیوەڕوان یان لەتاریکی شەوان بەکۆڵانان تێدەپەڕی لەزەنگی چەند مالێکی دەدا وڕایدەکرد. هەفتەیەک دوای ڕوودواوەکە هەر کەس سابیری بەبینایە دەیزانی ئەو کوڕە نەخۆشە، باوکی بردی بۆنۆرینگەی دکتۆر لەدوای پشکنین وشیکاری دەرکەوت سابیر تووشی نەخۆشی زەردوویی هاتووە بەڤایرۆسی جگەر. چ بەهۆی نەخۆشییەوە، چ بۆ دوورخستنەوەی بەمەبەستی پاریزگاریکردنی لە بکوژانی ڕوودواوەکە وەک پێشوو تێکەڵی منالانی گەڕەک نەدەبوو، بەڵام باری تەندروستی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپبوون دەچوو، ڕەنگی وەک لیمۆی زەرد بوو، تەنانەت ناو چاویشی زەرد هەڵگەڕابوو، ئارەزووی خواردنی زۆر کەمبووەوە، بینینی هەندێ خواردن دەبووە هۆی ڕشانەوەی، ئەوەی بیناسایە ئەوەی دەزانی هۆکاری نەخۆشییەکەی ئەو بەتەنها بینینی ڕووداوەکەبوو، چەند دکتۆریان پێکرد بێ سود بوو، هیچ کام لەو دەرمانانەی دەیخوارد کەس ئاگای لە بوونی هەبێت ڕاوەستابوو، پیاو کوژەکان دەم وچاویان شاردبووە بەڵام لەناوەڕاستی شەقامەکە بەدەمانچەی دەستیانەوە ڕاوەستابوون. هەر کە ئۆتۆمبیلە ڕەشەکە هات لەچەند لاوە تەقەیان لێکرد، ئۆتۆمبیلەکە دوو کەسی تیابوو هەردووکیان کوژران. پیاو کوژەکان کاتێک دڵنیابوون لەکوشتنیان سواری ئۆتۆمبیلەکەی خۆیان بوون و ڕێشتن. لەو خوێنەی لە ئۆتۆمبیلەکەوە دەچۆڕا جۆگەییەک خوێن پەیدابوو، بەبینینی ئەو دیمەنە ساماکە سابیر زارەترەک بوو، تا توانی پڕ بەدەمی هاواری کرد. دواتر وەک کەسێکی شێت بەرەو دەرگای مالاّن ڕایکردولەزەنگی هەموو ئەو مالانەیدا، نەیدەزانی چی بکات؟ ئەوەندە تۆقیبوو نەیتوانی ئەو شەوەبەڕاست ودروستی ڕووداوەکە بۆ هیچ کەسێک بگێڕێتەوە، بۆ ڕۆژی دواتر کەڕووداوەکەی بۆ دایک وباوکی گێڕایەوە هێشتا ترسی کاتی ڕووداوەکە لەنیگایدا مابوو، لەو شەوەوە سابیر ئەو کوڕە چوست وچالاکەی جاران نەما، بەڵکو زۆر سست وخاو بوو، بەڵام تا ڕادەیەک بزێوێیەکەی هەرمابوو،لەپاش ڕووداوەکە لەماوەیەکدا زۆر کەم دەستی دایە یاری وهیچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی نەدەکرد کە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ڕووداوەکە کاریگەری لەسەر دروست کردبێت، تەنیا جارێک نەبێت کە بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبێت و بە دەنگی بەرز بگرێت، ئەوەی کە ڕووداوەکە لە بیر بکاتەوە

قارەمانیا لەشێ جوان ل شێخان دهێتە ڤە کرن


خەبات –ئالان شەهاب:

جێگرێ سەرۆکێ یانا شێحان یا وەرزشی مەهدی بلانی ب خەبات راگەهاند :وەک پشتەڤانی بۆ هەمێ جورێن وەرزشان یانا شێخان یا وەرزشی ب هەڤکاری دگەل کۆمپانیا HUNT OILیا بەرهمێن گازێ دێ رابێتن ب ڤەکرنا قارەمانیا لەش جوانیێ یا سالانە ل روژا چار شەمبی ڕێکەفتی 2018/11/28، پشتی کارگێریا یانا شێخان کۆمبوونەک دگەل خۆدانێت هۆلێن لەش جوانیێ ل قەزا شێخان و قەزا بەردەرەش و قەزا ئاکرێ گفتۆ گۆ لسەر رینەما و ژڤانێ قارەمانیێ هاتە کرن ئەف قارەمانیە بۆ هۆلێن سنورێ شێخان و ئاکرێ و بەردەرەش دێ هێتە ڤەکرن.



بەرشلۆنە
بەرنامەی بۆ 2019 راگەیاند

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی کارە سەرەکییەکانی خۆی بۆ وەرزی داهاتوو راگەیاند، رۆژنامەی (سپۆرت)ی ئیسپانی راپۆرتێکی سەبارەت بە کارە سەرەکییەکانی یانەی کاتەلۆنی بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتووە، یانەی ناوبراو ئارەزوو دەکات بۆندی هەردوو یاریزان ماتیاس دی لیخت و ئەدریان رابیۆ بۆ نوژەنکردنەوەی ریزەکانی واژۆ بکات. رۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە یانەی بارسا دەیەوێت بڕی 70تا 80ملیۆن بۆ گەیشتن بەخزمەتەکان دی لیخت بدات و 100ملیۆن یۆرۆش بۆ دی یۆنگ، بەڵام زۆر زەحمەت دەبێت بۆ واژووکردنی هەردوو یاریزان لەیەک کاتدا. رۆژنامەی کاتەلۆنی دەڵێت یانەی بارسا10ملیۆن یۆرۆی پێشینیاری رابیۆ کردووە بۆ پەیوەندیکردنی ئەگەر بۆندەکەی بۆ یانەی پاریسی تازە نەکاتەوە.



لەزستاندا میلان ڤیدالی دەوێت

سەرچاوە هەواڵەکانی ئیتاڵیا ئاشکرایان کرد کە یانەی ئیتاڵی لەهەوڵی ئەوە دایە لەگواستنەوەکانی زستانەی داهاتوودا بۆندێک لەگەڵ یاریزان ئارتۆرۆ ڤیدالی یاریزانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی واژۆ بکات، ئەم سەرچاوانە ئاماژەیان بەوەکرد کە یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی چیلی یەکێکە لەدیارترین ئەو یاریزانانەی کە یانەی رۆسۆنێری دەیەوێت لەزستانی داهاتوودا بۆندی لەگەڵ واژۆ بکات، بۆ بەهێزکردنی هێڵی ناوەڕاستی تیپەکەیان و چارەسەرکردنی کێشەی پێکانەکانیان، ئاماژەیان بەوەکرد کە یاریزان ئارتۆرۆ ڤیدال ناوبانگێکی بەرفراوانی لە ئیتاڵیا هەیە، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ یانەی یۆڤنتۆس پێشکەشی کردووە، راهێنەری ئیتاڵی گینارۆ گاتۆزۆ مەزندە دەکات کە ڤیدال کەسایەتییەکی دروستە بۆ نۆژەنکردنەوەی هێڵی ناوەڕاستی تیپەکەی، ب یگومان راهێنەر داوای لە ئیدارەی یانەکەی کردووە هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ بۆ واژۆکردنی بۆندی یاریزانی چیلی لەزستاندا.



بایرن داهاتە پێوانەییەکانی سالێ رابردووی ئاشکراکرد



یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی پاڵەوانی خولی ئەڵمانیا لەتۆپی پێ بۆ شەش وەرزی رابردوو، داهاتە پێوانەییەکنی وەرزی رابردووی ئاشکرا کرد، کە پارێزگاری لەپێگەکەی کرد وەکو دەوڵەمەندترین یانەی جیهان. کۆمەڵەی بایرن میونخ داهاتە پێوانەییەکانی گەیشتە 657.4ملیۆن یۆرۆ(752)ملیۆن دۆلار، لەسالێ رابردوو، کە 624.3ملیۆن یۆرۆ تەنها داهاتی تیپی تۆپی پێی ئەو کۆمەڵەیە بوو. گەورە یانەی باقاری یەکێکە لەدیارترین یانەکانی جیهان، کە داهاتەکانی ئاشکراکردو گەیشتە 640.5ملیۆن یۆرۆ لەسالێ 2016-2017. سەرۆکی جێبەجێکاری یانە کارل هاینز رۆمەنیگێ دەڵێت: یانەی بایرن میونخ جارێکی دیکە رەزامەندی خۆی دەربڕی لەسالێ دارایی رابردوو، سەرکەوتنی وەرزشی لەسالێ رابردوو وایکرد نازناوی خولی ناوخۆ بەدەست بێنین و گەیشتینە قۆناغەکانی پێشکەوتووش لەخولی یانە پاڵەوانەکنی ئەورووپا کە پێش کۆتایی بوو بەر لەوەی بەرامبەر ریال مەدرید شکست بێنین، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بایرن باشترین سالێ دارایی تێپەڕاند. لەم وەرزەدا بایرن میونخ نەیتوانیوە ئاوازی خۆی بسەپێنێت لەسەر ئاستی ناوخۆ هەروەکو سالانی رابردوو، کە ئێستا لە پلەی پێنجەمی بۆندسلیگا دایە بە کۆکردنەوەی 11خاڵ، بەجیاوازی 7خاڵ لەگەڵ یانەی پێشەنگ دۆرتمۆند.

کۆتینهۆ
بەر لەیاری ئەتلەتیکۆ مەدرید گەڕایەوە

یاریزانانی یانەی بەرشلۆنە دوای پشوویێکی 4ڕۆژی گەڕانەوە ریزی تیپەکەیان، وەکو ئامادەکارییان بۆ یاری شەمەی داهاتوو بەرامبەر یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کە لەسەر یاریگای (واندا میترۆپۆلیتانۆ) لەمیانی گەڕی 13خولی لالیگا بەڕێوەدەچێت. رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە یانەی بەرشلۆنە پاڵنەرێکی بەهێزی بۆ گەڕایەوە، ئەویش هاتنەوەی یاریزانی بەرازیلی فیلیپ کۆتینهۆ بوو بۆ مەشقە بەکۆمەڵەکان، کە مەزندە دەکرێت بتوانێت لەیاری شەمەی داهاتوو بەشداری بکات. کۆتینهۆ لەیاری ئینتەرمیلان لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەدوای 6ی تشرینی دووەم تووشی پێکان بوو، کە مەزندە دکرا بۆ ماوەی 2تا 3هەفتە نەتوانێت یاری بکات. رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە کۆتینهۆ دوای دوو هەفتە دەستی بەکارکردن کردەوە، کە چاوەڕێ دەکرێت ڕەوشی جەستەیی بۆ یاری داهاتوویان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بەتەواوی ئامادەبێت، کە تەنها 2ڕۆژی ماوە. هەروەها دوو یاریزانی تیپی دووەم بەشداری مەشقەکانی ئەمجارەی بەرشلۆنەیان کرد، ئەوانیش بەرگریکار خوان میراندا و یاریزانی ناوەڕاست ریکی بۆیگ، جێگای وەبیرهێنانەوەیە یانەی بەرشلۆنە بە 24خاڵ و بەجیاوازی یەک خاڵ لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید پێشەنگی خولی ئیسپانیای گرتووە.

مووچەی یاریزانانی یانەی چێڵسی

یانەی چێڵسی لەپلەی سێیەم دایە لەمیانی خول ئینگلیزی بە کۆکردنەوەی 28خاڵ، یانە شینەکەی ئینگلیزی دەیەوێت پارێزگاری لەیاریزانانی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتەوە لوتکەی خولی پرێمەرلیگ و نازناوەکانی دیکە، 11یاریزان لەیانەی لەندەنی هەن کە موچەیەکی زۆریان هەیە، کە بەریزبەند بەمشێوەی خوارەوەن: –ئیدین هازارد 200 هەزار پاوەند لەهەفتەیەکدا، کیپا ئاریزابالاگا 192 هەزار پاوەند لەهەفتەیەک، سیسک فابریگاس 156هەزار پاوەند لەهەفتەیەک، جۆرجینهۆ 150هەزار پاوەند لەهەفتەیەک، ئەلڤارۆ مۆراتا 140هەزار پاوەند لەهەفتەیەک، نگۆلۆ کانتی 120هەزار پاوەند لەهەفتەیەک، خەریکی واژۆکردنی بۆندێکی تازەیە بەپی 290هەزار پاوەند لەهەفتەیەک. داڤید لویز 120هەزار پاوەند، سیزار ئازبیلیکویتا 120هەزار پاوەند، ویلیان 120هەزار پاوەند، ئۆلیڤێ گیرۆ 120هەزار پاوەند، دانی درینکۆتەر 120هەزار پاوەند.



www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2018/11/22 ژمارە (5638)



دوایین هەلی سۆلانکی لەگەڵ لیڤەر

راهێنەری ئەڵمانی یۆرگن کلۆپ بەڕێوەبەری هونەری یانەی لیڤەرپوول بڕیاریدا دوایین هەل بداتە هێرشبەری تیپەکەیان دۆمینیک سۆلانکی لەماوەی داهاتوودا، ڕۆژنامەی (دایلی میل)ی بەریتانی بڵاویکردەوە کە کلۆپ دوایین هەل دەداتە سۆلانکی بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ تیپەکە بسەلمێنێت لەجیاتی ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ لۆکاس یۆڤیچ هێرشبەری ئینتراخت فرانکفۆرت بکات. ڕاپۆرتە هەواڵەکان دەڵێن یانە سوورەکەی ئینگلیزی دەستی بەگفتوگۆکردووە، لەگەڵ گۆڵکاری بۆندسلیگا بۆ بەهێزکردنی هێڵی پێشەوەی تیپەکەیان لەمانگی کانوونی دووەمی داهاتوو، سۆلانکی لەسەرەتای ئەم وەرزەوە هەلی کەمی بەشداریکردنی یارییەکانی پێدراوە، بەمەش تارادەیەکی زۆر لەماڵئاواییکردنی لەو یانەیە نزیک بۆتەوە.

دیارترین ژمارە و ڕووداوەکانی خولی ئینگلیزی

خولی ئینگلیزی بەیەکێک لە پڕ ڕکابەرترین خول لە ئەوروپا دادەنرێت، کە تیپی دواوەی ڕیزبەند دەتوانێت ئەنجامی ناچاوەڕوانکراو بەرامبەر پێشەنگی خولەکە بەدەست بێنێت و بەربەست بخاتە بەردەم پێشچوونی، سەبارەت بەم بابەتە ماڵپەڕی سکای سپۆرت ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی بڵاوکردەوە کە تیایدا باس لە ژمارەکانی ئەو یانانە دەکات کە دوای 12گەڕ لەم خولەدا پێشکەشیان کردووەو ئێمەش لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینە بەردیدی خوێنەرانمان:

- ئارسنال لە بەشی یەکەمدا کێشەی هەیە: یانەی ئارسنال یەکێکە لەو یانانەی کە لەهەر 12گەڕی ڕابردوودا نەیتوانیوە لەگێمی یەکەمدا پێشکەوێت، کە لەپلەی دووەمیش یانەی کاردیف سیتی دێت، ئەم ژمارە نەڕێنیەش کاریگەری لەسەر پیاوانی ڕاهێنەری ئیسپانی ئۆنای ئیمیری نەبووە، کە لەگێمی دووەمدا ئاستێکی بەرزیان نیشاندواوەو توانیویانە لە چوار پلەکەی پێشەوەدا بن، بەڵام پێویستە ئەم ژمارە نەڕێنییە چارەسەر بکەن.

- کاریگەری فرایزەر لەسەر یانەی بۆرنموس: فرایزەر بەیەکێک لە باڵاکورترین یاریزانانی خولی ئینگلیزی دادەنرێت، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر یانەی بۆرنموس، کە تاکو ئێستا تیپەکەیان 21گۆڵی تۆمارکردووە 3گۆڵی لەلایەن ئەو بووەو 6دیکەی دروستکردووە، واتا بەشداری 9گۆڵی تیپەکەی کردووە.

- پەیمانی ساری بۆ یانەی چێڵسی: ڕاهێنەری ئیتاڵی ماوریسیۆ ساری پەیمانی بەخۆشەویستانی چێڵسی دا کە لەدوای کۆنتی شتێکی تازەیان لەگەڵ یانە شینەکە پێشکەش بکات، مەزندە دەکرێت کە پەیمانەکەی جێبەجێکردووە، چێڵسی تاکو ئێستا 8706لەنێوان یاریزانانی گواستراوەتەوە بەجیاوازی 50تۆپ لەپێش یانەی خاوەن نازناو مان سیتی دێت، کە بەرزترین ڕێژەی کۆنترۆڵکردنی تۆپیان هەیە بە .67.8%

-سەرەتایەکی ئاگرین بۆ یانەی لیڤەرپوول: خاوەنی 9سەرکەوتن و 3یەکسان بوونە لە 12یاریدا بەمەش لیڤەرپوول باشترین سەرەتای هەیە لەخولی پرێمەرلیگ لەدوای سالی 2003-2002و خاوەنی 30خاڵە لەیەکەمین 12گەڕدا، جیاوازی گۆڵەکانیشی لەگەڵ ئەوەی لەپلەی دووەمدایە +18یە.

- هێزی مان سیتی لەدواوەیە: یاریزانانی مان سیتی ڕێژەیەکی زۆر گۆڵیان تۆمارکردووە، بەڵام جیاوازیان لەگەڵ وەرزی ڕابردوو زۆر کەمە لەسەر ئاستی تۆمارکردنی گۆڵ لەتۆڕی بەرازیلی ئیدرسۆن، تیپەکە لەهێڵی دواوە زۆر باش بووە، بەئاسانی گۆڵی لێ تۆمار ناکرێت.

- مان یونایتد کێشەی زۆری لەسەر ئەنجامی ئەڕێنی هەیە: دوای دواین شکستیان بەرامبەر یانەی مان سیتی بە 3-1گۆڵ، یانەی مان یونایتد خراپترین دەستپێکی لەم وەرزە لەدوای سالی 1978لەسەر ئاستی جیاوازی گۆڵ تۆمارکرد، بەوەی لێی تۆمارکراوەو تۆماری کردوون کە جیاوازی - 1ئەمەش خۆشەویستانی ئەهرێمەنە سوورەکە لەسەری ڕانەهاتوون، بۆیە پێویستە ڕەوشەکەی چارەسەر بکات، ئەگەر بیانەوێت بچنە ریزی چوار یانەکەی پێشەوە.


نەهز ڕوستایی

مێسی و ڕۆنالدۆ لە 3 پاڵێوراوەکەی خەڵاتی تۆپی زێڕیندا نابن



پێدەچێت کۆنترۆڵی لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆنالدۆ لەسەر خەڵاتی تۆپی زێڕین لە دوایین 10ساڵی ڕابردوو لەم ساڵەدا کۆتایی پێ بێت، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی کە مافی فەرمی گواستنەوەی ڕووداوەکانی ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دوو یاریزانە لەمیانی 3 پاڵێوراوی کۆتایی ئەم وەرزەی خەڵاتی ناوبراو نابن. ڕۆژنامەی ناوبراو ڤیدیۆیەکی ڕیکلامی کورتی بۆ خەڵاتەکە کردووەو ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆنالدۆ خاوەنی خەڵاتی ساڵی ڕابردوو بوو و پاشان نمایشەکنی هەرسێ یاریزانی دیکە بەمشێوەیە (کیلیان مپابی و ڕافائێل ڤاران و لۆکا مۆدریچ بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی دوایی لەگەڵ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، پاشان نمایشە ڤیدیۆییەکە دەچێتە سەر پاڵێوراوانی دیکەی خەڵاتی تۆپی زێڕین، بەڵام ڕێستێکی خستۆتە نێوان مپابی و ڤاران و مۆدریچ، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو سێ یاریزانە، کە زۆرترین چانسیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی بالۆن دۆری ئەم وەرزە.

پێکان کۆلارۆڤ دوور دەخاتەوە



دەستەی پزیشکی هەڵبژاردەی سربیا بە ڕابەرایەتی ملادین کرستاگیچ ڕایگەیاند کە پێکانی سەرکردەی هەڵبژاردەکەیان ئەلیکساندەر کۆلارۆڤ تازە بۆوەو بەهۆیەوە نەیتوانی بەرامبەر لیتوانیا یاری بکات. کرستاگیچی ڕاهێنەری سربی ڕایگەیاند کە کۆلارۆڤ کێشەی لە پەنجەکانی پێی هەیە، هەروەها ڕۆژنامەی ڕۆما نیوز بڵاویکردەوە کە پێکانی یاریزانی ناوبراو جێگای نیگەرانی و دڵەڕاوکێ نییە، هاندەرانی ڕۆما بە دڵخۆش بن، هەڵبژاردەی سربیا پێشەنگی گرووپەکەی بە 11خاڵ گرتووە و بەجیاوازی 2خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ڕۆمای خاوەن پلەی دوەم و لیتوانیاش بەبێ خاڵ لەدواوەی ڕیزبەندە.



کومان گەڕایەوە

مەشقەکانی ئەمجارەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی بۆ جاری یەکەم بەبەشداری ئەستێرەی نێودەوڵەتی فەرەنسی کینگسلی کۆمان دەستی پێکردەوە، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەهۆی پێکان دوورکەوتەوە. یاریزانی نێودەوڵەتی فەرەنسی لەمانگی ئابی ڕابردوو بەهۆی ئازاری بەستەرەکانی ئەژنۆی بەرامبەر یانەی هۆفنهایم لەیاریکردن دوورکەوتەوە، کە گەڕی یەکەمی خولی بۆندسلیگا بوو. ماڵپەڕی فەرمی یانەی باڤاری ڕایگەیاند کە کومان جارێکی دیکە گەڕایەوە مەشقە بەکۆمەڵەکانی تیپەکەی، دوای چاکبوونەوەی لەپێکان، لەلایەکی دیکەوە چاوەڕێ دەکرێت هەرسێ یاریزان کومان و ڕۆبن و لیڤاندۆڤیسکی لەماوەی چەند ڕۆژی کەمی داهاتوو بەشداری پێکهاتەی سەرەکی یانەی بایرن میونخ بکەنەوە، لەیاری ڤۆرتۆنا دۆسلدۆرف لە خولی بۆندسلگیا.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 22. Nov. 2018 No: (5638)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



خەندە کەرکوکی لەگەڵ گرووپی موزیکی سەنتەری موزیکی ئازاد هەورامی گۆرانی ئەزیزم بۆچی تۆراوی بلاوەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەندی میوزیک ژەن رزگار حەمە رەوف لەلایەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: بەم زووانە بەرهەمێکی نوێی گرووپی موزیکی سەنتەری موزیکی ئازاد هەورامی بلاوەدەکەینەوە کە یەکەمین بەرهەمی گرووپەکەمانە وەک و کلیپ ، ئەوەی جێگایی شانازیمانە کە ئەم بەرهەمە بە گشتی بە دەست و پەنجەی ئەم کوڕ و کچە ئازیزانە ژەندراوە و بە دەنگی خاتوو خەندە کەرکوکی گوتراوە ،بەرهەمەکەش (گۆرانی ئەزیزم بۆچی تۆرای مەرزیەی فەریقیە)،هیوادارین بەرهەمێکی جوانی لێ دەربچێت ،وەدەمەوێیت لێرەوە سوپاسی تایبەتیشمان بۆ هاوڕیانی ئازیزمان کە هەمیشە هاوکاری کارەکانمانن بنێرین: (کاکە حەیدر و کاکە هونەر و کاکە نەجات) کە بەخۆیەخشانە بێ بەرامبەر ئەرکی کلیپەکەیان گرتە ئەستۆ، وەدەمانەوێت بڵێین بەرهەمەکە بێ سپۆنسەرو بێ پشتیوانی مادی ئەنجامدراوە.





فیستیڤاڵی کۆری - کوردی لە سلێمانی بەڕێوەچوو

لە ئەردەن کارەکەیان بەرز هەڵسەنگێندرا

شانۆی کورسییەکان بەنوێنەرایەتی کورد بەشداری فستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی ئەردەنی کرد



د.کەیفی ئەحمەد- کۆیە

لەنێو هەموو کۆمەڵ و نەتەوەیەکدا کەسانێک هەڵدەکەون کە وەکو مۆم دەسوتێن و هەمیشە لەکار و چالاکیی و جموجۆڵی بێچواندان، بێگومان ئەو جوولە هەمیشەییەشیان لەپێناو کاری نەتەوەیی و نیشتمانیی و بەرزکردنەوەی ناو و ناوبانگی وڵاتەکەیاندایە، کاری ئەدەبیی و هونەریش دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، کە خاوەنەکانیان بە تاک و بەکۆ لەپێناو ناساندن و بەزندوو هێشتنەوەی کلتوور و هونەر و ئەدەبیی نەتەوەکەیان لە بەسەریانەوە کەمبێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە هونەرەکەیان بدەن.

ئەو تابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین و بۆکێت کێشاون؟

شانازی بەهەموو تابلۆکانم دەکەم ، چونکە لە ناخی دڵمەوە دروستم کردون و هەموویانم خۆش دەوێ و گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە رووی مانا و واتاوە.

خاوەنی چەند پێشەنگایەت و لەچەند پێشەنگا بەشداریت کردووە،چەند تابلۆت هەیە؟

بەداخەوە تائێستا بەشداریم لە هیچ پێشەنگا یەک نەکردوە، چونکە دەرفەت نەڕەخساوە و چ لایەنێک هاوکار نەبووە بۆیە جگە لە پشتگیری مالەوەمان کەسێک هاوکار نەبووە و هیواداریشم بتوانم لە داهاتوو بەشداری لە پێشەنگایەک بکەم بەناوی خۆم.

بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

پێم باشە ئەم پرسیارە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بکرێت هەروەک دەبینم فەرهەنگی هونەرییان لاوازە.

پێشمەرگە وشەهید لەکوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟

پێشمەرگە و شەهید لەتابلۆی دڵم جێیان بۆتەوە و بە تابلۆش گوزارشتم لێ کردوە و خێزانەکەشمان پێشمەرگین و کەس و کارمان ئەنفال کرا و شەهیدە. بۆیە دووبارە دەڵێم لە دڵا جێگەم کردۆتەوە.

هاوڵتیان تاچەند تابلۆی خۆمالی واتا بەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن کڕینی تابلۆ تاچەند هۆکار دەبێت بۆ بەردەوپێش چوونی هونەری شێوەکاری؟

بەشێوەیەکی گشتی تابلۆی خۆمالی کڕیاری نیە، تائێستا کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە تابلۆ بکڕێت.کڕینی تابلۆی هەر هونەرمەندێک لەلایەن کار و شەونخونیدان، هونەرمەندە ئازیزەکانی کەرکووک بەگشتی و هونەرمەندانی تیپی شانۆی هەواریش بەتایبەتی دەچنە نێو ئەو پێناسە و چوارچێوەیەوە، کە چەندین ساڵە هەنگ ئاسا لەکاری بەردەوامدان و خزمەتی هونەری کوردیی لە شارەکەیان و لە کوردستان دەکەن، توانیویانە دەنگ و ڕەنگی نەتەوە کەیان بە نەتەوە و خەڵکی دیکە بناسێنن،دوا هەوڵ و کاری لەم شێوەیەشیان، بەشداریکردنیان بوو لە فستیڤاڵێکی شانۆیی نێودەوڵەتی خولی 25لە عەممانی پایتەختی ئوردن بە شانۆیی (کورسییەکان)، لەوێ بەپێی هەوڵەکان و قسەی ڕەخنەگرانی ئامادەبوو و نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو وڵاتە،کارێکی جوان و ناوازە و تایبەتیان پێشکەش کردووە، کە جێی شانازی هەموو نەتەوەکەمانن، بۆیە لێرە دا و بەو بۆنەیەوە جێی خۆیەتی جوانترین پیرۆزبایی لە گشت هونەرمەندانی کەرکوک بەگشتی و ئەندامانی تیپی شانۆی هەوار بەتایبەتی و مامۆستا (عەزیز عومەر)ی سینارستی بەرهەمەکە و دەرهێنەری بەتوانا و لێهاتووی کارەکە (نەژاد نەجم) و ئەکتەرە بەشدارەکانی کارەکە (هونەر شەوقی و هەوار فارس و دارا عیزەدین و شالاو عەلی) و سەرپەرشتیار (سۆران بابان) و بەڕێوەبەری شانۆ (مەهدی جەبار) بکەین. چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی و وەفاداریان پێشکەش بکەین. پێیان بڵێین هەموو مان سەرمان پێتان بڵندە و شانازیتان پێدەکەین ,کە هونەرمەندی وەکو ئێوەی داهێنەر و جوانمان هەن، هیوای کاری جوانتر و نایابترتان بۆ دەخوازین. ،ئێوە نوێنەری کوردستان وکوردن نەک شارەکە و خۆتان.

خەون بە سەربەخۆیی کوردستانەوە دەبینێت

شێوەکار ئاشتی وەلی هوشتانی: پێشمەرگە و شەهید لە تابلۆی دڵم جێیان بۆتەوە و بە تابلۆش گوزارشتم لێ کردوون

تابلۆی خۆمالی کڕیاری نییە، تا ئێستا کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تابلۆ بکڕێت



دیمانە: هێمن گردەچالی

من ناوم (ئاشتی وەلی هوشتانی) لە شارۆچکەی پیرمام دادەنیشم و دەرچووی کۆلێژی ئابووری بەشی دارایی بانکم لە زانکۆی جیهان شارەزام لە زمانی ئینگلیزی و تورکی هەیە. جگە لە بواری تایبەت بە خۆم من وەک حەز و خولیا ئارەزوو، ئارەزوی وێنەکێشانم هەیە بۆیە لەبواری هونەری تابلۆکێشاندا دەست و بەنجەکانم لەم بوارە بەکارهێناوە خاوەنی چەند تابلۆیەکم،لەم دیمانەیەدا ئەوکچە شانۆکارە وەلامی پرسیارەکانی خەباتی بەم جۆرە دایەوە:

بۆ دەرچووانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچوونیان بەردەوام نابن لەسەرهونەری شێوەکاری؟

بێگومان بەشێکی زۆر لە دەرچووانی بەشی شێوەکاری حەز بە بەردەوامی دەکەن لە بواری خۆیان، بەڵم کۆمەڵگای ئێمە هەردەم ڕێگربووە لەبەر دەمیان بۆیە ناچار بۆ بژێوی ژیانیان دەست بۆ کاری تر دەبەن و هیواداریشم بەردەوام بن کاریگەری کۆمەڵگا

ئەو تابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین و بۆکێت کێشاون؟

شانازی بەهەموو تابلۆکانم دەکەم ، چونکە لە ناخی دڵمەوە دروستم کردون و هەموویانم خۆش دەوێ و گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە ڕووی مانا و واتاوە.

خاوەنی چەند پێشەنگایت و لەچەند پێشنگا بەشداریت کردووە،چەند تابلۆت هەیە؟

بەداخەوە تائێستا بەشداریم لە هیچ پێشەنگا یەک نەکردوە، چونکە دەرفەت نەڕەخساوە و چ لایەنێک هاوکار نەبووە بۆیە جگە لە پشتگیری مالەوەمان کەسێک هاوکار نەبووە و هیواداریشم بتوانم لە داهاتوو بەشداری لە پێشەنگایەک بکەم بەناوی خۆم.

بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

پێم باشە ئەم پرسیارە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بکرێت هەروەک دەبینم فەرهەنگی هونەرییان لاوازە.

پێشمەرگە وشەهید لەکوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟

پێشمەرگە و شەهید لەتابلۆی دڵم جێیان بۆتەوە و بە تابلۆش گوزارشتم لێ کردوە و خێزانەکەشمان پێشمەرگین و کەس و کارمان ئەنفال کرا و شەهیدە. بۆیە دووبارە دەڵێم لە دڵا جێگەم کردۆتەوە.

هاوڵتیان تاچەند تابلۆی خۆمالی واتا بەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن کڕینی تابلۆ تاچەند هۆکار دەبێت بۆ بەردەوپێش چوونی هونەری شێوەکاری؟

بەشێوەیەکی گشتی تابلۆی خۆمالی کڕیاری نیە، تائێستا کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە تابلۆ بکڕێت.کڕینی تابلۆی هەر هونەرمەندێک لەلایەن هاوڵاتیانەوە ، وزە و هێزێک دەدات بە هونەرمەندەکە بۆ کاری باشتر ، بەڵم ئەم کلتورە لای ئێمە جارێ زۆر لاوازە و بەڵکو هەند جار نرخ و بەهای تابلۆکە زۆر کەم سەیر دەکەن. بۆ شتی دیکە کەماناشی نیە ئەوە ئامادەن بەبڕێکی زیاد کڕیاری بن.

لەچی نیگەرانیت؟

لەڕاستیدا لەوە نیگەرانم کە دەرچووانی بەشی هونەری بەردەوام نابن لەسەر هونەرەکەیان هۆکاری خۆشی هەیە کە بژێوی ژیانیان و پشتگیری نەکردنیان لەلایەن ناوەندەکانی هونەری بۆیە ناچارن دوور بکەونەوە لەم بوارە هیوادارم هاوکاری بکرێین ئەگەر هاوکاریەکە چەند بچووکیش بێت.

حەزدەکەیت چی تابلۆیەک بکێشیت و پێشکەشی کێی بکەیت؟

حەز دەکەم لە داهاتوو تابلۆیک بکێشم ئێش و ئازار و خەبات و تێکۆشانەکانی گەلەکەم خۆی تێدا بنوێنن بێتە تابلۆیەکی جیهانی کە هەموو گەلی کورد شانازی پێبکات.پێشکەشی سەرۆکی نەتەوەی کورد کاک مەسعود بارزانی بکەم.

خەونت چییە؟

خەونی من ئەوەیە لە داهاتوو ببم بە تابلۆکێشێکی جیهان و بیرۆکە و پرۆژەی گەورەترم لە خەیاڵە ئەوە خەونی منە.

پرۆژەی داهاتووت چییە؟

دروستکردن و کێشانی چەند تابلۆیەکی ناوەزا بۆ بینەری کوردی.

دەربارەی سەربەخۆی کوردستان وەک هونەرمەندێک چی دەڵێیت؟

ئاواتم ئەوەبوو کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەوڵەتی لێ بەرهەم بهاتبایە، بەڵام بەداخەوە بۆ ڕووداوەکان ئێستاش هەردەم بەو هیواوەوە دەژیم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم خەونەمان بێتەدی ڕێگای سەربەخۆیی ئاسان نییە.